# تیۆر و ڕێبازەکانی زمان

**وەرگێڕانی**

**پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

**چاپی یەکەم / ٢٠١٦**

* ناوی کتێب: تیۆر و ڕێبازەکانی زمان
* نووسینی:ئیبراهیم خەلیل
* وەرگێڕانی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: خەلیل مام هیدایەت
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠١٦
* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٥٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە**

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر**

**ژمارە(٢٩٨)**

# ناوەرۆک


پێشەکی........................................................٥
تیۆرەکانی زمان........................................٧
سۆسێر و تیۆری زمان....................................١٠
١. زمان.........................................................١٥
٢. دوانەی زمان و ئاخاوتن...........................١٨
٣. ناوەوە و دەرەوە.........................................٢١
٤. پەیوەندییە پێکهاتەییەکان (ستوونی و ئاسۆیی).............٢٥
٥. پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو......................٢٦
پراگ و تیۆری گەیاندن.............................٣٢
١. لە گۆشەی قسەکەرەوە..................................٣٣
٢. لە گۆشەی گوێگرەوە....................................٣٤
٣. لە گۆشەی ئەرکەوە......................................٣٥
ئاراستەی پەیوەستبوون(گلۆسماتیک)......................٤٣
قوتابخانەی لەندەن، تیۆری دەوروبەر......................٤٩
قوتابخانەی ئەمەریکی: تیۆری جۆراوجۆر ......................٥٨
تیۆری زمانەوانی لای چۆمسکی.............................٧٠
١. توانست و چالاکی........................................٧١
٢. وەرگرتنی زمان.........................................٧٣

٣. بونیادی قووڵ و بونیادی ڕووکەش.........................٧٤
٤. ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی.........................٧٦
٥. ڕێزمانی گوێزانەوە.........................٧٨
ڕێبازەکانی توێژینەوە لە زماندا.........................٨٠
ڕێبازی وەسفی.........................٨٠
ڕێبازی مێژوویی.........................٩٦
ڕێبازی بەراوردکاری.........................١٠٥
ڕێبازی بەرانبەری.........................١١٤
ڕێبازی ستاندارد – پێوەریی.........................١٢١
ڕێبازی ئاماریی.........................١٣٢
ڕێبازی کارەکی( پراکتیکی).........................١٣٧
ڕێبازی عەرەبە دێرینەکان لە زمانەوانییەکاندا.........................١٤٢
سەرچاوەکان.........................١٥٨

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی هەریەک لە کتێبەکانی (کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتی)ی سۆسێر و (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ی چۆمسکی، کە بەڕاستی شۆڕشێکی گەورەیان لە بواری زمانەوانیدا بەرپاکرد و تا ئێستا ئەم شۆڕشە بەردەوامە. ئەمە وای لە توێژەران کرد، دەیەها کتێب و لێکۆڵینەوە لەسەر زمانەوانی نوێ ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی خوێنەران لە گۆڕانکارییەکانی بواری زمانەوانی ئاشنا بکەن.

ئەم کتێبەی ئێمە بەشێکە لە کتێبی (مدخل الى علم اللغة)ی (ئیبراهیم خەلیل)، کە بەهۆیەوە ئێمە تەنیا دوو بەشی گرنگی کتێبەکەمان وەرگرتووە، یەکێکیان لەبارەی تیۆرەکانی زمانە هەر لە سۆسێرەوە تا دەگات بە چۆمسکی، بەشەکەی تریان لەسەر ڕێبازەکانی زمانە. ئامانجیشمان لە دەرکردنی ئەم کتێبە، زیاتر خزمەتکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردییە لە وشە و زاراوە و دەستەواژە نوێیەکانی زمانەوانی، ئەمە لە لایەک و لە

لایەکی تریشەوە زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییمانە، کە بەداخەوە بە دەست کەمی و هەژاری سەرچاوەی زمانەوانی دەناڵێنێت. بۆیە هیوادارین بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە توانیبێتمان خزمەتێک بە زمانی کوردیمان بگەیەنین و هیواخوازین لە کەموکووڕیی و هەڵەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

**وەرگێڕ**

## تیۆری زمان
## قوتابخانەکان و ئاراستەکان

زمـانەوانی وەکـو زاراوەیەک لە زمـانی عەرەبیـدا (علـم اللغـة) بەکاردەهێنرێت، بەرانبـەر زاراوەی (Linguisties) لە زمـــانی ئینگلیزیـــدا، هەنــدێک لە زانایـــانی عەرەب ئەم زاراوە ئینگلیزیەیـان بـۆ (زانسـتی زمـان) و (زمـانەوانی گشـتی) و (زماننـاسـی) و (زمانـەوانی) و (زمانییەکـان) وەرگێـڕاوە[1]. بەڵام کێشـەکە لە نـاو و ناولێنـانەکە نیـیە، بەڵکــو کێشـــە لە چەمـــکەکەدایە و چەمـــکەکە گـــرنگە بە لامـــانەوە، زمـــانەوانی بە هەر چ شـتێک گوزارشـتیان لـێ بکرێـت، لە ئەنجامــدا ئەم چەمکـانە بەدەســتەوە دەدەن: ئەنجامـدانی تـوێژینەوەیەکی زانسـتی بـۆ زمـان لە ڕووی زمـانەوانییەکەیەوە، واتە تـوێژینەوەیەکی سـەربەخۆ کە بە زانسـتەکانی دیـکەوە نەلکێنرێـت[2]. ئەم دەربـڕینە لە سـاڵی (١٨٣٣)دا پەیـدابوو، پـێش ئەوەش دەربڕینێکـی دیـکەی بـۆ

١- فوزي الشايب، محاضرات في اللسانيات، وزارة الثقافة، عمان، ط١، ١٩٩٩، ص ١١.

٢- ديفد كرستال، التعريف بعلم اللغة، ترجمة حلمي خليل، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، ط٢، ١٩٩٣، ص ١٧.

بەکـــاردەهێنرا، کە (فیلۆلـــۆجی) (Philology) بـــوو، کە هەنـدێکیان بـۆ (فیقهـی زمـان) وەریـانگێڕاوە[١]، زاراوەی (فیلۆلۆجی)ش لە چەند خاڵێکدا جیاوازی لەگەڵ زمانەوانیدا هەیە، لەوانە بۆ نموونە: فیلۆلۆجی زیاتر گرنگی بە زمانە نووسراو دەدات، وەک لە گرنگیدانی بە زمانی (درکێندراو) و (زارەکـــی)، هەروەهـــا گرنگـــی بە دەقە ئەدەبیـــیە دێرینەکانیش دەدات، ئەمەش وا دەکات وەسفکردنی زمان لەلایەن فیلۆلۆجییـەوە وەسـفێکی بابەتیـانە و ورد نەبێـت، چونکە ئەم دەقانە تەنها بەشێکی بچووک و سنوورداری زمـانن، کە لە زمـانی (ئەدەبـی)دا بەرجەسـتە دەبـن، فیلولـۆجی تەنهـا لەو ڕووەوە گرنگـی بە زمـان دەدات، کە زمـانی پەتـی و زمـانی نـاپەتی لەیەک جـودا بکـاتەوە، نەک زانین و توێژینەوەی ئەو ڕێگانـەی کە زمـان دەیـانگرێتەبەر لە ئەداکردنـی ئەو ئەرکـانەی ئـەنجامیان دەدات، فیلۆلـۆجی بە خـۆی مێژووییە، چونکە لە زمـانە کۆنەکـان تێڕادەمێنـێ، ئەویـش لەڕێگـەی لێکـۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبیـیە شـاکار و باڵاکان، زۆرجاریش تەنهـا لە بواری یەک زمـان ئەو کـارە ئەنجـام دەدات و گـوێ بە زمانەکـانی دی نـادات، بەڵام زمـانەوانی ئەم شـتانەی هەمـوو وەلانـاوە، هەرچەنـدە

---

١- فوزي الشايب، محاضرات في اللسانيات، ص ١٤.

ئەمانەی وتمان چەند زانیارییەکی کەڵەکەبووی بەسوودن لە بواری لێکدانەوەی زمانەکان و چۆنێتی پێشڤەچوونیان، کە ئەو زانیارییە کەڵەکەبووانە دەکرێ لە بواری زمانەوانی بەراوردکاریی و زمانەوانی بەرانبەری سوودیان لێ وەربگیرێت. زمانەوانی زانستێکی وەسفییە و پێوانەیی نییە، ئێستاییە و مێژوویی نییە و پشت بە زمانی درکێندراو و زارەکی دەبەستێت و تەنها لە زمانی نووسراو ناکۆڵێتەوە، هەروەها گرنگی بە زۆربەی زۆری زمانەکان دەدات و تەنها لە ڕووبەرێکی زمانەوانی ناکۆڵێتەوە، جا بەگوێرەی ئەم چەمکە، سەرهەڵدانی زمانەوانی بۆ (فێردیناند دی سۆسێر) دەگەڕێتەوە، کە پەرتووکێکی بە ناوی (کۆرسێ دەربارەی زمانەوانی گشتی) نووسی و لە ساڵی (١٩١٦)دا بڵاوکرایەوە[١].

[١]- ئەم پەرتووکە چەندەها جار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئێمە پشتمان بە وەرگێڕانەکەی (یوئێل یوسف عەزیز) بەست، کە (مالیک مەتلەبی) پێداچوونەوەی کردووە، لە بڵاوکراوەکانی (بیت الموصل للنشر)، چاپی یەکەم، ١٩٨٨.

## سۆسێر و تیۆری زمان

فێردیناند دی سۆسێر لە خانەوادەیەکدا چاوی بە دونیا هەڵهێنا، کە هەموو زانا و دانا و هونەرمەندبوون، لە کاتی خوێندنی لە زانکۆدا گرنگییەکی زۆری بە زمانە کۆن و دێرینەکان دەدا، وەکو زمانی گریکی و لاتینی و سانسکریتی، سانسکریتی لای هیندییە کۆنەکان بە زمانێکی پیرۆز هەژمار دەکرا، لە ساڵی (١٨٨٦) چووە ئەڵمانیا و لە شاری (لایبزگ) نیشتەجێ بوو و پەیوەندی بە کۆلێژی ئەدەبیاتەوە کرد و بە چڕی دەستی بە خوێندنی زمان و ڕێزمان کرد، لە ڕاستیشدا ئەم کۆلێژەی (لایبزگ) نوێبوونەوەیەکی بەرچاوی لە تویژینەوەی زماندا بەخۆیەوە بینی و چەندەها توێژینەوەی دەربارەی دەنگ و وشەسازی تیادا پێشکەشکرا، جگە لە ڕێزمانی بەراوردکاری، کە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دەشڵێن دی سۆسێر کۆرسی خوێندنی لەو کۆلێژەدا بەسەربردووە. لە ساڵی (١٨٧٨)یشدا سێ وتاری نووسی و لە ساڵی دوایشدا (١٨٧٩) توێژینەوەیەکی دەربارەی (سەربار) لە زمانی سانسکریتی ئامادەکرد، لە هەمان ساڵیشدا

لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر سیستەمی جووڵە سەرەکییەکان لە زمانەکانی هیندۆ ئەوروپیدا بڵاوکردەوە، دواتر بووە ئەندام لە (کۆمەڵەی زمانەوانی پاریس).

لەساڵی (١٨٨١)دا سۆسێر هاتەوە بۆ شاری جنێف و لە زانکۆکەیدا دەستی بە وانە وتنەوە کرد، بەڵام ئەو هەمیشە ئاواتی ئەوەبوو لە کۆلیژی (دوفرانس) لە پاریس ببێت بە مامۆستا، ئەمەش کارێکە وای دەخواست، کە ڕەگەزنامەی فەرەنسی بەدەست بێنێت، بەڵام ئەم کارەی بۆ نەڕەخسا، بۆیە زانکۆی (جنێف) ناچاربوو بە وانەبێژێکی تایبەتی زمانی سانسکریتی و هیندۆئەوروپی دایبمەزرێنێت، لە ساڵی (١٨٩٦)یشدا واتە پاش (١٥) ساڵ کارکردن بە شێوەیەکی فەرمی لە خزمەتی زانکۆیی دامەزرێنرا، پاشان لە ساڵی (١٩٠٧) بووە مامۆستای (زمانەوانی گشتی ـ General Linguistics).

دی سۆسێر بە بەردەوامی وتار و توێژینەوەکانی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە، بەڵام ناوبانگەکەی لە بواری زمانەوانیدا بە پلە یەک بۆ ئەو وانانە دەگەڕێتەوە، کە لە زانکۆی (جنێف) ساڵانی (١٩٠٧) و (١٩١١) لە سێ کۆرسی خوێندنی جیاوازدا وتبووینەوە، کاتێکیش لە ساڵی (١٩١٣)دا کۆچی دوایی کرد، دوو

قوتابی کە لای ئەو دەیانخوێند، بە ناوەکانی (چارلز بالی و ئەلبێرت شیهایی)، هەستان بە کۆکردنەوەی ئەو وانانە و نووسینەوە و لە ساڵی ١٩١٦ لەژێر ناونیشانی (کۆرسێ لە زمانەوانی گشتی) بڵاویانکردەوە[١]. لە سەرەتادا ئەم پەرتووکە هیچ گرنگییەک و بەهایەکی نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی بۆ زمانەکانی ڕووسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی وەرگێڕدرا، ناوبانگی دەرکرد و گرنگی پێدرا.

بۆچوونەکانی سۆسێر لەم پەرتووکەدا زۆر تازە نەبوون، بەڵکو هەندێکیان لەژێر کاریگەری بۆچوونە تازەکانی ڕێزمانەوانەکانی زانکۆی (لایبزگ)دا نووسیبوو،[٢] هەروەها سۆسێر لەژێر کاریگەری زمانەوانی ئەمەریکی (وتنی)دا بوو، جگە لەوەش بێگومان کارەکانی (بودوان دی کۆرتنی) خوێندبووەوە، بەڵگەشمان

---

[١]- ئەم زانیاریانەمان لەم پەرتووکەی (جوناسان کیلەر)ەوە وەرگرتووە:

Sussure، The Harvester. Press، Britain، ist ed، 1977.

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: باریجیتە بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ترجمة حسن سعيد البحيري، دار المختار، القاهرة، ط١، ٢٠٠٤، ص ٨٦.

ئەوەیە لە وانەکانی خۆیدا باسی (فۆنیم Phoneme)ی کردووە، کە (یەکەیەکی سیستەمی دەنگ)ە، ئەم قسەیەش لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی (بۆدوان)دا کردووە، هەروەها ئەو قسانەی دەربارەی (تاکێتی) و (کۆمەڵایەتی) لە زماندا کردبووی و لەژێر کاریگەری بۆدواندا نووسیبوونی[1]، هەرچی سەبارەت بەو قسانەش دەربارەی هێما زمانەوانییەکان کردبووی، ئەوا لەژێر کاریگەری ئەو نووسینانەدابووە، کە (وتنی) لە پەرتووکێک بە ناونیشانی (ژیانی زمان و گەشەکردنی Life of Language and it's Growth) بوو، باسی لێوەکردبوون، ئەم پەرتووکە بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدرابوو و سۆسێریش بە وردی خوێندوبوویەوە و سوودێکی زۆریشی لێبینیبوو، هەروەها سۆسێر ڕوانیبوویە پۆلێنکارییەکانی زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی (ئیمێل دۆرکهایم)، هەروەها (سۆسێر) ناوی (وتنی) لە سێ شوێنی پەرتوکەکەیدا هێنابووەوە، سەبارەت بە کاریگەربوونی بە (دۆرکهایم)، لەوکاتە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە باسی لە (کۆمەڵایەتیبوون) و (تاکێتی) لە زماندا دەکات، چونکە زمان لەسەر بنەمایەکی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٨٧.

کـۆمەڵایەتی دروسـت دەبێـت، کەچـی خـودی ئەو زمـانە لەسەر بنەمایەکی تاکێتی ئەنجام دەدرێت[1].

ئێستاش باس لەوە دەکەین ئایا ئەو بیروبۆچوونە تازە و نیمچە تازانە چین، کە سۆسێر لەو پەرتووکەی کە بە ناونیشانی (کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتی) بڵاوی کردووە و باسی لێوەکردبوون؟

یەکێک لەو پرسانەی لەم پەرتووکەدا وروژاندی، جیاکردنەوەی زمان و زبان، هەروەها جیاکردنەوەی زمان و ئاخاوتنە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی بەو ڕێبازانە کرد لە توێژینەوەی زماندا بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەک کە هەردوو تێڕوانینی ناوەوە و دەرەوە و وەسفی و پێوانەیی و پەیوەندییەکانی ستوونی و ئاسۆیی، هەروەها پەیوەندی نێوان (هێما و هێمابۆکراو) و سروشتی هێما یان (ئاماژە)ی زمانەوانی لە یەکتر جیابکاتەوە، هەروەها تێبینیش دەکەیت هەموو ئەو پرسانەی باسمانکردن، شتەکان و بەرانبەرەکانیان لەخۆ دەگرن، یان شتەکە (دژ)ەکەیان لەخۆ دەگرن، لەبەر ئەوە ئەم بیروبۆچوونانەی دی سۆسێر بە دەربڕینێکی کورت و پوخت گوزارشتیان

---

[1]- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ط١، ١٩٨٨، ٣٢ ـ ٣٣.

لێ دەکرێت و بە: (دوانەکانی سۆسێر) ناودەبرێن، لەم بەشەی دوایشدا هەندێک لەم دوانانە پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای بۆچوونەکانی دی سۆسێر ببین و درک بە کاریگەرییەکانیان لەسەر هزری زمانەوانی هاوچەرخ بکەین.

**١. زمان:**

سۆسێر لە بەرایی پەرتووکەکەیدا کە ناومانهێنا، بانگەشەی بۆ سەربەخۆبوونی زمانەوانی دەکرد، واتە جیاکردنەوەی زمانەوانی لە زانستەکانی دی، بەتایبەتی دەروونناسی و فەلسەفە، ئەو مەترسییەکانی خۆی سەبارەت بەوە خستەڕوو، تاکو وانە زمانەوانییەکان لەلایەن زانستەکانی دیکەوە قۆرخ نەکرێن، لەبەر ئەوە بە ڕای ئەو پێویستە سێ شت لە یەک جیا بکرێنەوە، کە ئەمانەن:

(زمان)[١] و زمانی دیاریکراو بۆ نموونە (ئینگلیزی یاخود عەرەبی) و ئاخاوتن (Parole)، کە بە زمانی دیاریکراو Langue یان (زمان Language) ناوزەدی کردبوو.

[١]- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ص ٢٦.

جا پەیوەندی مرۆیی چەندەها شێوە و ڕواڵەتی هەیە، کە ناڕاستەوخۆن و چەند ڕەهەندێکی دەروونی و فیزیایی و فسیۆلۆجی لەخۆ دەگرن........هتد، بە هەمان شێوەش پەیوەندی لەیەک کاتدا بە بواری تاکی و کۆمەڵایەتییەوە لکاوە، لەبەر ئەوە پەیوەندی مرۆیی بە هیچ شێوەیەک لە دووتوێی بابەتەکانی (زمانەوانی)دا جێی نابێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا پێویستی بە زانستی دیکە هەیە، کە یارمەتیدەربێت بۆ توێژینەوەی وەکو (فیزیا) و دەروونناسی. سۆسێر مەبەستی لە (زمان) شتگەلێکی فراوانتر و گشتگیرترە لە (زبان)، چونکە (زمان) شتی دیکەش دەگرێتەوە، وەکو دەنگەکان بەشێوەیەکی گشتی، نەک تەنها دەنگی زمانەوانی، هەروەها مۆسیقا هێما هەمەجۆرەکان شێوە و ئایکۆنەکان، ئەو هێمایانەی کە کەڕولاڵەکان بەکاریان دێنن، هێماکانی هاتوچۆ، کۆدی سوپا لە کاتی جەنگدا.......هتد، کە لە هەژمار نایەن، کەچی زمانی دیاریکراو وەک زمانی عەرەبی کە بابەتێکی (زمانەوانییە)، بەشێکە لە ئاخاوتنی مرۆیی، لەهەمان کاتیشدا پێکهاتەیەکی ڕاستەقینەیە لە پێکهاتەکانی قسەکردن لای مرۆڤ، کە لە خودی خۆیدا سروشتێکی سەربەخۆ و پتەوی هەیە و لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەی پەیوەندیکردن

جیاوازە و سیستەمێکی تایبەتی هەیە، کە هاوشێوە و وێکچوونی هیچ سیستەمێکی دیکە نییە، جا زمانی دیاریکراو بەم مانایە پێویستە چوار شت لەخۆ بگرێت[1]:

١ـ زمانی دیاریکراو بەشێکی کۆمەڵایەتییە لەو ئاخاوتنە مرۆییە، کە جیایە لەو تاکەی، کە توانای ئەوەی نییە بە تەنها دایبهێنێ، یان گۆڕانکاری تیادا ئەنجام بدات، چونکە ئەم زمانە لەسەر کۆمەڵێ بنەما بە شێوازی ڕێکەوت و سازان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و گەشە دەکات.

٢ـ لەبەر ئەوە زمان دەکرێ بە جیا لە ئاخاوتن لێی بکۆڵدرێتەوە، بەڵگەشە لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە چەندەها زمان هەن مردوون و کەس قسەیان پێ ناکات، کەچی دەکرێ باسیان بکەین و بیانخوێنینەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەیان بکەین، وەکو زمانی ئارامی.

٣ـ زمانی دیاریکراو لەخۆیەوە گونجاوە و یەکەیەکی پتەو و توندوتۆڵ پێکدەهێنێت.

---

١- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ط١، ١٩٨٨، ص ٣٣.

٤ـــ هەر شتێک کە پەیوەست بێت بەم زمانە دیاریکراوەوە، دەکرێ لە ڕووی نووسینەوە دەستنیشان بکرێت:

زمان
↓
زمانی دیاریکراو
↓
ئاخاوتن

**٢. دوانەی زمان و ئاخاوتن**

سۆسێر هەروەک چۆن جیاوازی خستە نێوان (زمان) بە مانا گشتییەکەی و زمانی دیاریکراو، هەر بەو شێوەیەش جیاوازی خستە نێوان زمان و ئاخاوتن، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە زمان خاوەن سروشتێکی جیایە لە ئاخاوتن، چونکە ئاخاوتن بەرهەمی تاکە لە کۆمەڵگەدا، وەکو ئەو ژەنیارەی کە ئامێرێکی میوزیک بەکاردەهێنێت، بێگومان بەرهەمی ژەنینەکەی لەگەڵ بەرهەمی ژەنینی ژەنیارێکی دیکەدا جیاوازی هەیە، کەچی ئامێرە میوزیکەکە

ســـەربەخۆیە و پەیوەنــدی بەم مەســـەلەیەوە نیــیە، جــگە لەوەش سروشتێکی ســەربەخۆ و جیای لەگـەڵ ئاوازەکانـدا هەیە[1]. ئەم جیــاکردنەوەیەش ئەوەیە کە خوێنــدنی زمــان شتێکە و خوێندن و لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتن شــتێکی دیکەیە، چــونکە ئاخــاوتن بەرهەمێکــی تــاکرەوانەیە و تــاک لەنــاو کۆمەڵگــەدا بەرهەمــی دێنێــت، جــا گەر زمــان لە ڕووی سروشتەکەیەوە لە شێوەکەی نزیکتر بێت، ئەوا ئاخاوتن لە پراکتیزەکـردن نزیکتـر دەبێت، دەکرێ بە شـێوازێکی دیـکە بلێــین، کە ئاخــاوتن زیــاتر پێشــهاتە زمانەوانییەکــان لەخــۆ دەگرێـت، ئەویـش بە ڕێژەیەکـی زیـاتر لەو پێشـهاتانەی کە زمــان لەخۆیــان دەگرێــت، جــگە لەمەش ئاخــاوتن خــاوەن سروشـــتێکی ئەوتـــۆیە، کە دەبێـــتە وەلامدانـــەوەی هەر پێوەرێک، چونکە ڕواڵەتئامێز نییە و گۆڕانکار و هەمەجۆر و چەسـپاو نیـیە، تــاکییە و کــۆمەلایەتی نیـیە. جـا بــابەتی زمـــانەوانی ئاخـــاوتن نیـــیە، بەڵکـــو خـــودی زمـــانە دیــاریکراوەکەیە، چــونکە ئەم زمــانە تەنهــا خــۆیەتی، کە خـــاوەن بونیـــاد و سیســـتەمێکی چەســـپاوە و لە چەنـــد ئاستێکی پەیوەندیدار پێکهاتووە، ئەم پەیوەندی بەستنەش بەشــێوەیەکە، هەر یەکەیــان لەوی دیــکە جیــا نــابێتەوە،

---

[1]- فردناند سوسیر، علم اللغة العام، ص ٣٧.

ئەوەش تێبینیکراوە، کە هەموو تاکێک لە کاتی ئاخاوتندا ئارەزووی ئەوە دەکات، ڕەچاوی ڕێزمانی زمانە دیاریکراوەکە بکات، کە بەکاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی قسەکەی ڕوون بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لەوانەیە پابەندبوونی بەو یاسا ڕێزمانیانەوە زۆر ورد نەبێت، لەوانەشە هەندێک جار قسەکانی لادان و پێچەڵپێچی ئەوتۆی تیادا بێت، کە گوزارشت لە خێرایی و جووڵەی ئاسایی و مۆرکی کەسی قسەکەرەکە بچێت، هەروەها سۆسێر لە هەر حاڵەتێکدا جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە زمان ئەو بابەتەیە، کە زمانەوانی باسی لێوە دەکەن، بەڵام ئەم زمانە دیاریکراوە لە کوێ دەدۆزینەوە و لە کوێ دەستمان دەکەوێت، وەڵامی ئەم پرسیارە بەمێشوەیەیە: ئێمە ئەم زمانمان لە ئاخاوتندا دەست دەکەوێت، ئەمەش حەواڵەی دوانەیەکی دیکەمان دەکات، کە ناوەوە و دەرەکییە.

### ٣. ناوەوە و دەرەوە:

سۆسێر پێی وایە توێژینەوەی زمان لە ڕوانگەی ئاخاوتنەوە، بێگومان هەنگاوێکە بەرەو چوونە ناو جیهانی ناوەوەی زمان پەلکێشمان دەکات و وامان لێدەکات تا بکرێ تێڕامێنین، بەشێوەیەک کە ناسین و زانینی سیستەمە زمانەوانییەکە دەوڵەمەندتر و چڕتر دەکات و سیستەمی لقەکانیش کە لێیان پێکهاتووە پەیوەندییەکانیان توندوتۆڵتر دەکات، وەکو پەیوەندی سیستەمی دەنگی بە سیستەمی وشەسازییەوە، بە هەمان شێوەش پەیوەندی سیستەمی وشەسازی بە واتاسازییەوە و پەیوەندی ڕێزمانی بە فەرهەنگییەوە، ئیدی بەمشێوەیە... بەڵام گەر پەنا بەرینە بەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زمان لە لایەنە دەرەکییەکەیەوە، وەکو پەیدابوونی زمان و پێشڤەچوون و، پەیوەندییەکانی لەگەڵ زمانەکانی دی دراوسێی، ئەم جۆرە توێژینەوانە حەواڵەی زانستەکانی دیکەمان دەکەن، وەکو لۆجیک، زانستی ئایینەکان، بەراوردکارییە مێژووییەکان و ژیارییەکان و ڕۆشنبیرییەکان، ئەم جۆرە توێژینەوەیەش دەکرێ ڕێژەیەکی زۆر مەزن لە زانیاری بەسوود کۆبکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن پەی بەوە بەرین، کە جیهانی ناوەوەی زمانمان لێ بناسێنن، بە

پـێچەوانەی تـوێژینەوە ناوەکییەکـان گرنگـی بە پەیوەنـدییە تۆڕئامێزەکـــانی نـــاو پێکهـــاتەی زمـــانەوانی دەدەن، ئەو کەســــەی کە تەنهــــا ڕواڵەتە دەرەکییەکــــانی زمــــان دەخوێنێتەوە، سۆسـێر بەوە دەیشـوبهێنێت بەو کەسـەی کە هەوڵــدەدات تواناکــانی خــۆی لە شــەترەنجدا لەڕێگــەی خوێندنی مێژووی ئەم یارییە پەرە پێبدات و ئایا چ کاتێک ئەم یـارییە سـەری هەڵـداوە و دامەکـانی لە چ مـاددەیەک دروسـتکراون و چ جـۆرە بەردێکیـان تیـادا بەکـارهێنراوە و ئایا لە دار یان لە عاج یان لە مـاددەیەکی دیکەوە دروست کراون، ئایـا ئەم مـاددانەی کە دامەکـانی لێ دروسـتکراون، لە ڕووی دارایـی و ئـابوورییەوە چ بەهـایەکیـان هەیە، ئەو کەســەی دیـکەش کە لە پێکهـاتە نـاوەکی و ناوخۆییەکـانی زمـان دەکـۆڵێتەوە، سۆسـێر دەیشـوبهێنێت بەو کەسـەی کە هەوڵدەدات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی خۆی لەڕێگەی ناسین و زانینـــی نەخشـــە و پلانـــی یاریزانـــان و درککـــردن و شـارەزابوون لەو گۆڕانکارییـانەی کە دەبنە هـۆی بـردنەوە یان دۆڕاندنی یارییەکە[1].

وەک هەمـاهەنگییەک لەگـەڵ دوانەکەی پێشـوو، سۆسـێر بەراوردێکــی لەنێــوان تــوێژینەوەی زمــانی دیــاریکراو لە

---

[1]- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ص ٤١.

بـواری قســەکردندا بەشـێوەیەکی گەڕاوەیـی ئەنجامـدا، کە گرنگـــی بەوە بـــدات لە ســـەردەمی پێشـــوودا چـــی بەســـەرهاتووە لەگـــەڵ ئەو پێشـــڤەچوونەی کە لە دێـــر زەمـــانەوە تـــا هەنـــووکە بەســـەریدا هـــاتووە، هەروەهـــا ئەنجامـدانی تـوێژینەوە لەڕێگـەی گرنگیـدان بە زمـان وەک زمـانێکی هەنـووکەیی ئێسـتا یـان ئەو کاتـەی ئێسـتا کە خوازیـاری ئەنجامـدانی تـوێژینەوەکەین تیایـدا[1]، جـۆری یەکەمـــی ئەم تـــوێژینەوانە گرنگـــی بە دەقە نووســـراوە دێرینەکان دەدات، کە جۆرێکە بە گشتی ڕاستەقینەی زمان نمایـان ناکـات، بەڵکو گوزارشـت لـە بەشـێکی سنووورداری ئاخاوتنەکــان دەکــات، ئەم جــۆرە تــوێژینەوانەش لەوانەیە بەسوودبن، چونکە تیشک دەخەنە سـەر هەنـدێک لەو یاسـا و فـاکتەرانەی کە کاریگەرییـان لەســەر پێشـڤەچوونەکانی زمانەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە دەکرێ ئەم جۆرە توێژینەوانە لە بـــواری (زمـــانەوانی مێژوویـــدا) یـــان (زمـــانەوانی بەراوردکاری)دا ساز بدرێت، هەرچی زمانەوانی گشتی و پراکتیکیشـــە ئامانجیـــان ئەوەیە، کە زانـــین و ناســـینمان دەربارەی زمانە دیاریکراوەکە زیادبکەن، ئەویش لە بواری قسەکردنی درکاو و نووسراودا، چونکە ئەم قسـەیە تیشک

---

[1]- فردناند سوسیر، علم اللغة العام، ص ۱۲۰ ـ ۱۲۱.

دەخاتە سەر سیستەمی کارپێکردنی زمانەوانی لە کاتی گونجانی گوزارشت و دەربڕینەکان و یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانی ناوی و بەندەکانی و خەسڵەتە گرنگەکانی ئەو زمانە، لە کاتێکدا درک بەو شتانە نەکەین و بەو هەموو زانیارییانەی دەستەبەرمان کردوون، پەیان پێ نەبەین، ئەوا ئەم زانستە بۆ ئەو شتانە پەلماندەکێشێ ، هەروەها سۆسێر ئەو تویژەرەی کە پشت بە ڕوانگەی مێژوویی زمان دەبەستێت، بەو پزیشکە دەشوبهێنێت، کە بۆ نەخۆشەکەی مێژووی نەخۆشی باسدەکات، باسی ئەوەی بۆ دەکات، کە بۆ یەکەمجار نەخۆشییەکەی لە کوێ پەیدابووە و ئەو پزیشکە کێ بووە، کە نەخۆشییەکەی دۆزیوەتەوە و ئەو دەرمانانە چین، کە دروستکران و لە چارەسەرکردنیاندا بەکارهێنران و تاقیکراونەتەوە، ئەو پزیشکە تەنها گوێ بەم شتە ڕواڵەتیانە دەدات، کەچی گوێ بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر نەخۆشەکە نادات، هەرچی تویژەرەکەی دیکەشە گرنگی بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە و زانینی ڕواڵەتەکانی دەدات، ئەویش لەو کاتەی کە دەرمانەکەی بۆ دیاری دەکات.


### ٤. پەیوەندییە پێکهاتەییەکان (ستوونی و ئاسۆیی)

سۆسـێر ئـاوڕی لە مەسـەلەیەک دایەوە، کە دەکـریٚ بە پەیوەندییە پێکهاتەییەکان ناوزەد بکرێت، لێرەدا دوو جۆر لەو پەیوەنـدییانە لە ئـارادا هەیە، پەیوەنـدییەکی ئامـادەیی ڕێکخـراو کە شـێوەی هێڵێکـی ئاسـۆیی لە قسـەدا وەردەگرێت، وەکـو ئەوەی بڵێیـت: (کەشـەکە زریـانە)، کە ئەمەش دەربـڕینێکە دوو تـوخمی دراوسـیٚ و ئامـادە لە نووسیندا وەردەگرێت، جگە لەوەش هەردوو توخمەکە لە درکاندندا بە دوای یەکتردا دێن و گوێمان لیٚ دەبن، کەچی هەریەک لەوانە بوارێک بۆ هەڵبژاردنی شـاردراوەیەکی - سـتوونی دیـکە پـڕ دەکەنەوە، وەکـو ئەوەی بـۆ نمـوونە لەبـاتی ئەوەی بڵێیـت زریـانە - وشـەکە بگۆڕێت و بڵێت: خۆشە، جوانە، یان کراوەیە، یان لەباتی کەش وشـەیەکی دیـکە بەکـاربێنین، واتە لەبـاتی کەش بڵێـین: ئـاو و هەوا، بـارودۆخی هەوا.. هتـد، چـونکە زنجیرەبەنـدییەکە ئەم توخمانە لەیەک جیا دەکاتەوە و زنجیرەبەندییەک لە هـزری مرۆڤدایـە، هەروەهـا ڕێکخسـتنیش لە زنجیـرەکەدا ڕێکخستنێکی ئامادەکارە [1].

---

[1]- فردناند سوسیر، علم اللغة العام، ص ١٤٢.


لێرەدا تیرە ئاسۆییەکە ئاماژە بۆ ڕێکخستنی توخمەکان، قسە نووسراوەکە یان درکاوەکە دەکات، هەرچی تیرە ستوونییەکەشە ئاماژە بۆ ئەو توخمە ئەگەرە کراوانەی ناو مێشکی دەکات، کە گوزارشت لە چەند ئەلتەرناتیڤێک دەکەن، ئەو توخمانەی ناومان هێنان ئامادەیان دەکەن.




**٥. پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو**

بیرۆکەکەی پێشوو سۆسێری بۆ ئەوە پەلکێشکرد، کە پرسیار دەربارەی سروشتی (هێما) زمانەوانییەکان پێشکەش بکات، بە ڕای ئەو هێمایەکی خاوەن سروشتی دوانەییە: ماددەیە و دەنگی بیستراو گوزارشتی لێدەکات، و دەروونییە: ئەو مانایە گوزارشتی لێ دەکات، کە لە مێشکدا دروست دەبێت، لە عەقڵ و مێشک بانگەشە

دەکرێت، ئەویش لەکاتی گوێ لێبوونی دەنگەکە، واتە ئەو مانایەی ئامادە نییە، ئەوە دەنگەکە بە ئامادەبوونی خۆی بانگی کردووە، هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان مێشک(واتە وێنەی ئەو شتەی لە مێشکدا وێنەی بۆ کێشراوە) و شتە بیستراوەکە (وێنەی واژەی بیستراو)دا هەیە، سۆسێر بە (واتا) ناوزەدی دەکات، واتا لای سۆسێر دەرەنجامی پەیوەندی سایکۆلۆجی نێوان واتا (هێما ـ هێما بۆکراو)ە، کە لەم نەخشەیەدا دەردەکەوێت[1]:




هەرچی سەبارەت بە ئاماژە زمانەوانییەکەیە (دەنگ)، کە ئاماژە بە مانا دەکات (ئەو وێنەیەی کە لە مێشکدا وێنەی بۆ کراوە)، ئەوا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی

---

١- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ص ٨٤ – ٨٥.

بەڕێوەدەچێت، واتە هیچ پەیوەندییەکی ماددی ڕاستەقینە لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئاگر و دووکەڵدا هەیە، هیچ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نییە، کە زەنگی وشە درکاوەکە و ماناکەی بە یەکەوە ببەستێتەوە، بەڵکو پەیوەندی نێوانیان بە ڕێکەوت دروست بووە و، بە بەکارهێنانی بەردەوام پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و وەک پاشکۆبوونی لێهاتووە[1]. بەڵگەشمان لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە هەر وشەیەک دوو سێ مانا دەگەیەنێت، بۆ نموونە وشەی(العین) لە زمانی عەرەبیدا بە (چاو) دەگوترێت، کە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە (کانی ئاو) و بە (سیخوڕ)یش دەگوترێت (العین)، بەڵگەیەکی دیکەش ئەوەیە هەندێک شت هەن، کە چەند واژەیەکیان هەیە و ئاماژەی بۆ دەکەن، بۆ نموونە وشەی(البحر: دەریا) لە زمانی عەرەبیدا هەردوو وشەی (البحر) و (تم) ئاماژەی بۆ دەکەن، هەروەها وشەی (الفرس: ئەسپ)، هەردوو وشەی (حصان) و (جواد) ئاماژەی بۆ دەکەن، بەهەمان شێوەش (الطریق: ڕێگا)، کە وشەکانی (درب) و (سبیل) و (نهج)یشی بۆ بەکاردەهێنرێن، بەڵگەیەکی دیکەش هەیە

---

[1]- فردناند سوسیر، علم اللغة العام، ص ٨٦ – ٨٩.

ئەوەیە، یەک وشـــە، چەنـــد واتـــایەک دەبەخشـــێت و لە دەوروبـــەرێکی دیـــکەدا بەکاردەهێنرێـــت، لەم حـــاڵەتەدا مانـایەکی دیـکە دەبەخشـێت، کە لەگـەڵ مانـاکەی یەکەمـدا جیـاوازە، کاتێـک کە دەڵێـین ئەم دێـڕە شـیعرە لە ڕووی کێشـــی شـــیعرییەوە ســـەر بـــە (کێشـــی وافـــر)ە، ئەوا لەو حاڵەتەدا شتێکی دیکەمان مەبەستە، نەک (دەریا)، بە مانا بنەڕەتییـەکەی، یـان گەر بڵێـین ئەو کـارەم لە (دەریـا ـ بحـر)ی هەفتەیەکـدا ئەنجامـدا، ئەوا دەوروبـەرە تـازەکە مانایەکی تازە بە وشـەکە دەبەخشێت، کە لەگەڵ ماناکەی پێشـــوودا جیـاوازی هەیە، لەبەر ئەوە گەر پەیوەنـدییەکی ماددی یان هۆکاریی لەنێوان هێمای زمانەوانی و ماناکەیدا هەبوایە، ئەوا ئەوکاتە شتە هاوبەشەکانی زمان بە یەک ناو ناوزەد دەکران، بۆ نموونە وشـەی (درەخت ـ الشجرة) لە زمـانی عەرەبیـدا پێـی دەڵـێن (شـجرة)، بەڵام لە زمـانی ئینگلیزیدا (شجرة) نییە، بەڵکو (Tree) پێدەڵێن، لە زمـانی فەرەنسیشـــدا (Arbor)ی پێـــدەڵێن... هتـــد. ئەمەش ئەو بۆچوونەمـان بـۆ ڕوون دەکـاتەوە، کە ئەو دەنگـانەی ئەم هێمـایە دروسـت دەکەن، هـیچ پەیوەنـدییەکیان بە مانـاوە نیـیە، کە لێـرەدا وشەی(الشـجرة : درەخـت)ە، سـەرباری ئەمەش هەر گۆڕانکـارییەک لە ڕێکخسـتنی ئەو دەنگـانەی،

که وشەکەیان لێ دروست دەبێت، لەلای سۆسێر بە هێمای زمانەوانی هەژمار دەکرێت، دەبنە هۆی دروستبوونی هێما و ئاماژەی تازە، کە واتای تازە دەبەخشن. بۆ نموونە گەر لە وشەی (قوس: کەوان) گۆڕانکاری لە ڕێکخستنی وشەکاندا بکەین و بیکەینە (سوق)، ئەوا وشەیەکی دیکەمان دەست دەکەوێت، واتە دەنگەکانی: (ق، و، س) لەو ڕووەی کە دەنگن، هیچ پەیوەندییەکیان بە واتای وشەکانی(قوس) و (سوق)ەوە نییە، بەهەمان شێوەش دەنگەکان پەیوەندییان بە وشەی (وسق) و (قسو) و (وقس)ەوە نییە، هەروەها سۆسێر باسی لە مەسەلەی جیاکردنەوەی بەهای واتایی هێما زمانەوانییەکە و مانادا کردووە، لەهەمان کاتیشدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە لەوانەیە زمان خاوەنی مانایەکی دیاریکراوبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەها واتاییەکەی لە دراوسێیەتی وشەیەکی دیکەوە وەردەگرێت، کە لە ژینگەیەکی دیکەدا هەمان واتا بگەیەنێت، لە زمانی عەرەبیدا بە برای دایک دەوترێت (خاڵ)، بە برای باوکیش دەوترێت (مام) کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها یەک وشە هەیە، کە بۆ خاڵ و مام بەکاردەهێنرێت، کە ئەویش وشەی (uncle)ە، لەبەر ئەوە وشەی (خاڵ) لە زمانی عەرەبیدا خاوەن خەسڵەت و

جیاکـــارییەکی واتـــایی ئەوتـــۆیە، کە زیـــاتر و چڕتـــرە لەو وشــــەیەی کە بەرانـــبەری لە ئینگلیزیـــدا بەکاردەهێنرێـــت، چـــونکە بیســـەر و خـــوێنەر بەهەمـــان شـــێوە لەکـــاتی بەکارهێنانی وشـەکەدا لە زمانی ئینگلیزیدا پێویستی بەوە هەیە، بڕوانێتە بەکارهێنانەکەی، بۆ ئەوەی بزانێت کامیان زیاتر لە ماناکەوە نزیکترە، لێرەدا نموونەیەکی دیکە هەیە لە زمانی فەرەنسیدا وشەی (Mouton)، کە ئاماژەیە بۆ بەرخـــی زینـــدوو بەکاردەهێنرێـــت، هەروەکـــو وشــــەی (Sheep) کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، ئەم وشەیە خۆی لە زمـانی فەرەنسـیدا ئامـاژە بە پـارچەیەک گۆشـتی مەڕ دەکـــات کەچـــی بەخـــۆی لە زمـــانی ئینگلیزیـــدا وشــــەی (Sheep) بـــۆ پـــارچە گۆشـــتێکی مەڕ ناکـــات، بەڵکـــو وشــــەیەکی دی وەکـــو وشــــەی (Mutton) یـــان (Meat) بەکاردەهێنرێـت، کەواتە وشـــەی (Mouton)ی فەرەنســی هەمـــان ئەو مانایـــانەی نیـــیە، کە وشــــەی (Sheep)ی ئینگلیـــزی هەیەتـــی لە بـــواری ڕوونکـــردنەوەی واتـــایی ناوەرۆکەکەدا، چونکە گوێگر یان خوێنەر ناچارە بڕوانێتە توخمەکانی تری ژینگـەکە، بۆ ئەوەی بزانێت چ مانـایەکی وشەکە مەبەستە[١].

---

[١]- فردناند سوسیر، علم اللغة العام، ص ١٣٥.

## پراگ و تیۆری گەیاندن

لەو ئاراستە ڕەوتە زمانەوانیانەی کە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی سۆسێردا بوون، ئەو قوتابخانەیە بوو، کە بە بازنەی پراگ (Prague circle) ناوی دەرکرد و لە ساڵی (١٩٢٦)دا کاتێک سەری هەڵدا ژمارەیەک زمانەوانی ڕووس لە دەست زۆرداری شۆڕشی شیوعی لە مۆسکۆ هەڵاتبوون و بوونە ئەندام تیایدا، کە پێشەنگەکانیان (ڕۆمان یاکۆبسن) و (نیکۆلای ترۆبتسکۆی) و (کارل بولەر) و (جان موکارۆفسکی) بوون[١]. هەندێک لەو زمانەوانانە پێش سۆسێر بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد، کە زمان پێویستە بە جیا لە زانستەکانی دی بخوێنرێت، بەڵام ئاراستە زمانەوانییەکەیان پاش ساڵی (١٩٢٨) مۆرکێکی (سۆسێری) وەرگرت، ئەویش کاتێک کۆنگرەیەکی زمانەوانیان بەست و تیایدا لەجیاتی ڕێبازی پێوانەیی یان

---

[١]- بارييجيته بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ترجمة سعيد حسن البحيري، دار المختار، القاهرة، ط١، ٢٠٠٤، ص ١١٥.

مێژوویـی، ڕێبـازێکی وەسـفییان لە زمانـدا پەیڕەوکـرد، ئەم زمانەوانـانە دوو شـت بە سـەریاندا زاڵبـوو، کە ئەمـانەن: گرنگیـدان بە دەنگەکـان، پاشـان گرنگیـدان بە ئەرکە زمانەوانییەکـان یـان ئەو ئەرک و فەرمانـانەی کە زمـان پێیـان هەڵدەسـتێت، واتە ئەوان پەیـڕەوی بۆچوونەکـانی (سۆسـیر)یان دەکـرد، کە بانگەشـەی بـۆ ئەوە دەکـرد، کە دەبێ گرنگی بە جیهانی ناوەوەی زمان (دەنگەکان) بدرێت و ئەو پەیوەنـدییەی کە لەنێـوان زمـان و واقیعـی نازمانەوانیدا هەیە بخرێتەبەر لێکۆڵینەوە، ئەوان لە بواری باسکردن و تـوێژینەوەی دەنگەکاندا جیاکارییەکی توند و یەکلاکەرەوەیـان خسـتە نێوان سـێ گۆشـەوە، کە لێیـانەوە دەڕوانرێتە دەنگی زمانەوانی، ئەو سێ گۆشانەش ئەمانەن:

**١. لە گۆشەی قسەکەرەوە:**

ئەمەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی تـوێژینەوەیەکی پسـپۆڕانە لە بـواری دەنگییەکانـدا، کە بە (دەنگسـازی درکاندن) دەناسرێت، کە مۆرکێک و ڕواڵەتێکی فسیۆلۆجی لەخۆگرتووە، لەبەر ئەوەی توێژینەوە لە دەزگـای درکانـدن و ئەندامەکانیـدا سـازدەدات، کە ئەرکـی هەریەک لەو ئەنـدامانەی تیـادا ڕوونکـراوەتەوە و کاریگەریـان لەسـەر درکاندنی هەر دەنگێکی زمـانەوانی باسکردووە، بە هەمـان

شێوەش ئەو پرۆسە فسیۆلۆجیانەی لەو ئەندامانەدا لە کاتی درکاندندا ڕوودەدەن لەو تویژینەوەیەدا وەسفکراون[1].

**٢. لە گۆشەی گوێگرەوە:**

ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی تویژینەوەیەکی پسپۆڕانەی دیکە، کە (دەنگسازی بیستن)ی پێدەڵێن، ئەمەش بە هەمان شێوە سروشتە فسیۆلۆجییەکەی خۆی هەیە، چونکە وەکو ئەوەی پێشوو تەنها پشت بە زانین و ناسینی دەزگای درکاندن یان دەزگای گوێلێبوونی مرۆڤ نابەستێت و لە قۆناغەکانی گواستنەوەی دەنگ دەکۆڵێتەوە، کە لە قۆناغەکانی ناوەوەی دەزگای گوێدێربیستنی مرۆڤەوە دەست پێدەکات، واتە لەو پەرەی گوێوە تاکو لە ڕەهۆڵە گوێبیستییەکەوە دەچێتە گوێی ناوەڕاست، ئینجا بە سێ ئێسکۆکەکە، پاشان دەگاتە گوێیە بچووکەکەی ناوەوە، کە هەموو پێکهاتەکانی ناوەوەی گوێ دەگرێتەوە، وەکو ئەو ڕیشاڵانەی کە لەرە دەنگییەکان حەواڵەی مێشکی مرۆڤ دەکەن، بە هەموو ئەو بەشانەی کە پێشوازی لە دەنگ دەکەن و چارەسەری یەکە دەنگییەکان و

---

[1]- بارييجيته بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ص ١٥٨.

شــــرۆڤەکردنیان لە ئەســـتۆ دەگـــرن و ئامادەکـــاری بـــۆ وەڵامدانەوەی قسە بیستراوەکە دەکەن و دەبنە وەڵامگۆ بۆ خـودی قسـه بیسـتراوەکە، جـا چ لەڕێگـەی کـردار یـان لەڕێگـەی قسـە و کـاردانەوەی دەروونییەوە بێت، چـونکە یەکێـک لە ئەرکەکـانی (دەنگسـازی بیسـتن) ئەوەیە، کە لە ڕووی بیستنەوە دەنگەکان پۆلێن بکات، واتە دەنگە بەهێز و لاوازەکـــان و تونـــد و شـــلەکان و دەنـــگە لەریـــو و چەسپاوەکان و دەنگە چرپەیی و دەنگە بەرزەکان تێکڕا لەیەک جیا بکاتەوە، هەروەها ئەم زانستە ئەو دەنگانەی کە لە ئەنجامی لەرەیەکی زۆر و ڕێکخراوەوە دروست دەبن، لەو دەنگانە جیا دەکاتەوە، کە لە ئەنجامی لەرەی ناڕێک و شێواوەوە دروست دەبن، بە هەمان شێوەش ئەم زانستە کاریگەرییەکانی هەموو ئەو شتانە لەسەر ڕوونی پرۆسەی بیستن تاوتوێ دەکات، چونکە هەندێک لەو دەنگانە ڕوون و ئاشکران، کەچی هەندێکی دیکەیان ڕوون نین.

**٣. لە گۆشەی ئەرکەوە**

ئەم ئەرکە لە دووتــوێی بونیادنــانی پێکهــاتەی دەنگــی گەورەتر دایە، بۆ نموونە (فۆنیم)، کە بچووکترین دانەی دەنگییە لەگـەڵ یەکەکـانی دیـکەدا بەشـداری لە بونیـادی یەکەی دەنگی دیکە دەکات، وەک بڕگە یان مۆرفیم، یان

بەشداری لە جیاکردنەوەی مۆرفیمێک لە فۆنیمێکی دیکەدا دەکـات، کە لەو بـوارەدا کـاریگەری زیـاتری هـەبێـت لە گـۆڕینی واتـای یەکەکە (هێمـای زمـانەوانی)، کە جـاری وا هەیە شێوازێکی وشەیی تازەی لێ دروست دەکات، وەکو بەخشینی شێوازی (کۆ) لە وشـەیەکی تـاکی وەک (Cat)ی ئینگلیزی، کە بە شـێوازی کۆ دەبێتە (Cats) یـان گـۆڕینی (ناو) بۆ (کار)......هتد، ئەم بـوارەی تـوێژینەوەی دەنگیش بە ناوی (دەنگسازی ئەرکی) یـان (فۆنۆلـۆجی) دەناسـرێت. جـا بـازنەی پـراگ بەمجـۆرە تـوێژینەوانەوە ناسـرا، ناسـراوترین کەسـایەتییەکانی (پـراگ) لەم بـوارەدا (ترۆبتسـکۆی) و (ڕۆمـان یاکبسـۆن) بـوون، ئـێمە پـاش ئەوەی ئەم بەشـە مێـژووییە کۆتـایی پـێ دێنـین، دێیـنەوە سەر باسکردنی فۆنۆلۆجی[1].

پێش ئەوەی ئامـاژە بە توێژینەوەکانی بازنەی پراگ لە بـواری ئەرکەکـانی زمانـدا بکەیـن، پێویسـتە ئامـاژە بەوە بکەیـن، کە ئەنـدامانی ئەم بـازنەیە لە بـوارێکی دیکەشـدا لێهـاتوو بـوون، ئەو بـوارەش بـواری بەسـتنەوەی نێـوان ئەرکەکـانی دەنگـی زمـانەوانی (فـۆنیم) و وشـەسـازی و

---

[1]- بارييجيته بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ص ١٤٠ – ١٤٨.

داتاشـــینه، ئەوان تێبینـــی ئەوەیـــان کـــرد، کە فـــۆنیم کـاریگەرییەکی ڕوونـی هەیە و ڕۆڵێکـی گەورەی هەیە، کە بە (مـــۆرفیمی بەنـــد) دەناســـرێت، کە دانـــەیکی دەنگیـــی بچـووکە و هـیچ ئەرکێکـی سـەربەخۆ و جیـای لەگـەڵ دانە گەورەترەکەدا نییە، لەوانە بۆ نموونە (مۆرفیمی ئازاد)، کە ئەگەر خـرایە سـەر وشـەکە و لەگەڵیـدا گونجـا، ئەوا یـان ئەرکێکـــی ڕێزمانییانـــە وەردەگرێـــت، هەروەکـــو لەکـــاتی ئاماژەکردن بۆ وشەی (Cats) باسمانکرد، چونکە پیتی S وشـــەکەی لە لـــە تاکـــەوە گۆڕیـــوە بـــۆ حاڵـــەتی کـــۆ، ئەم گۆڕانکارییەش بێگومان ڕێزمانییە(واتـە مـۆرفیمی ڕێزمـانی، ئەوەیە کە تـەنیا حاڵـەتی ڕێزمـانی وشـەکەی گۆڕیـوە، نـەک واتـــای وشـــەکە - وەرگێـــڕ)، یـــان دارشـــتنە، ئەویـــش لە حاڵەتێکـدا گەر فـۆنیمەکە بـووە هـۆی ئـەوەی وشـــەکە لە (کار)ەوە بۆ (ناو) یان بەپێچەوانەوەش بگۆڕێت، یان بـووە هـۆی گـۆڕینی واتـاکەی، لە زمـانی عەرەبیـدا گەر فـۆنیمی (أ)مـان خسـتە سـەر وشـەی (شـفی) و کردمـانە (أشـفی)، ئەوا واتـــا تـــازەکەی وشـــەکە پێچەوانـــە دەبێـــتەوە( واتـــە مۆرفیمی دارشتن، ئەوەیە کە واتای وشەکە دەگۆڕێت، بەو واتایـەی وشـەیەکی نوێ سـازدەکات - وەرگێڕ)، بەهەمـان شێوەش (أعجم) پێچەوانەی (عجم)ە، لە زمانی ئینگلیزیشدا


دەکرێ بڵێین کاتێ ناوی (Fright) دەکرێتە (کار)، ئەویش گەر مـۆرفیمی (en) بخـرێتە سـەر، چـونکە (Frighten) مانای (دەترسم) دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە ئەم زیـادکردنە بە زیادکردنێکی داتاشینی هەژمار دەکرێت.

ئەو بـوارەی دیـکەش کە پراگییەکـان گرنگیـان پێـدا، ئەرکەکانی زمـان بـوو، باشـترین کەسـیش کە نـوێنەرایەتی ئەم بـوارەی کـرد، (ڕۆمـان یاکبسـۆن) بـوو، کە لە سـاڵی (١٩٢٠)دا هـاتە (پـراگ)، (یاکۆبسـۆن) سـەرباری ئەو تـوێژینەوانەی کە لە بـواری (فۆنۆلـۆجی)دا ئەنجامیـدا، گرنگیـدانێکی تـایبەت بـوو بەو پەیوەنـدییانەی کە لەنێـوان دەنگ و مانادا هەیە، ئەو جەختی لە ڕاست و دروستی ئەو ئەنجامـانە دەکـردەوە، کە (سۆسـێر) پێیـان گەیشـتبوو، دەیـوت وشـە لە زمانـدا تەنهـا هێمـایەکی دەنگییە و لەگـەڵ هەر هێمایەکی دی نازمانەوانییەکە دەگونجێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەمانـدا بەکاریـدەهێنین، هەر لەبەر ئەوە دەبینـین لە وتار و توێژینەوەکانیدا پرۆسەی بەرامبەرکردنەوە لەنێوان هێمای دەنگی و هێماکانی دیکەدا وەکو وێنە و فیلم بەچڕی باسکراوە و توێژینەوەکانی لەم بوارەدا فراوانی زیاتریان بەخۆوە بینی، پاش ڕۆیشتنی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکـا، لەوێشـدا لەژێـر کـاریگەری توێژینەوەکـانی

چـارلس ســاندرس پێرســدا بــوو، کە لەم ســەردەمەدا بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی (زانستی هێما) دادەنرێت.

هەرچی سەبارەت بە گرنگیدانی (یاکسبۆن)ە لە بواری زمانـدا، ئەوا لە توێژینەوەکانیـدا باسـی دوو جـۆر زمـانی کردووە و جیاوازی خستۆتە نێوانیانەوە، ئـەوانیش (زمـانی پێوەر و زمـانی ئەدەبـی یـاخود زمـانی شـیعرییە)، جـۆری یەکەم: زمانی پێوەر ـ ستاندارد، ئەو زمـانە بێلایەنەیە، کە پێـی دەنووسـرێت و دەخـوێنرێتەوە، بـۆ ئەوەی نـامەیەک یـاخود پەیامێکی ناسـراو و زانـراو و دیـاریکراو بگەیەنێت، خەسڵەتەکانی ئەم زمانە ئەوەیە، کە مەبەست لێـی وردی و ســـوودگەیاندن و دوورکەوتـــنەوەیە لە جوانکازییەکـــان، جـۆری دووەم: زمـانی ئەدەبییە، بە پێچەوانەی زمـانەکەی پێشـووەوەیە و خەسـڵەتەکانی ئەمـانەن: مانـای خـوازەیی زیـــاترە، خەیاڵئـــامێزە، هونەرکـــاری وای تیـــادایە، کە لە ســەرووی ســوودەوەیە، لە دەربڕینــدا وردە، تــا دەگــاتە ئەوەی پەیامە نووسراوەکە یان وتراوەکە لە خـودی خۆیـدا کارێکی جوان و قەشـەنگ بێت. توێژینەوەکانی یاکبسـۆن لە بــواری زمــانی شیعریشــدا دەرفەتــی ئەوەی ڕەخســاند، ڕەوتـی (شێوازناسـی) سـەرهەڵبدات، هەروەهـا باسـی لەو کــۆمەڵە فــاکتەری دەوروبــەرەوە کــرد، کە ســـەرکەوتنی

گەیاندنی ـ پەیوەستبوونی زمانەوانی بەوەوە بەندە، ئەم فاکتەرانە تیایان هەیە کە بە نێرەر و خودی پەیامەکە (قسەکە) و گوێگرەوە پەیوەستە یان پەیوەندی بە خوێنەر (وەرگر) و ژینگەکەوە هەیە، ئەمەش کەشێکی کۆمەڵایەتی و شوێنی و کاتی پرۆسەی دەوروبەری گەیاندنە زمانەوانیی و ئامرازی گەیاندنە، وەکو (تەلەفۆن، وتاری زارەکی، نووسینی ڕۆژنامەوانی)، هەروەها ئەو هێمایانەیە کە لە نامەکەدا بەکارهێنراون جا چ وتراو یا درکێندراو یاخود نووسراو (کۆد) بێت، ئێستاش ئەم فاکتەرانە بەم هێڵکارییە دەخەینەڕوو:



جـــا بە جەختکـــردنەوە لەســـەر نێـــرەر، جۆرێـــک لە گوزارشتکردنی خودیی دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەوەی کە لە شـــیعری فێرکـــردن و یاداشـــتنامەکاندا بەرچاومـــان دەکەوێت، جەختکردنەوەیە لەسەر نێردراوەکە، بۆ جۆرێک لە حـــــــــاڵەتی قەناعەتپێهێنـــــــــــانی ئەوی دی لەلایەن قســـەکەرەکەوە پەلکێشـــمان دەکـــات، وەکـــو (وتـــاربێژی) و (وتاری بەڵگەهێنـانەوە) و (ئامۆژگارییی)......هتد. هەروەهـا جەختکردنەوە سـەر خـودی پەیامەکەش بێگومـان بـۆ کـارە ئەدەبییەکـــان پەلکێشـــمان دەکـــات، چـــونکە دەبێتـــە جێـــی گوێپێـــــدان و گرنگیـــــدانی هەریەک لە (نێـــــرەر) بـــــۆ (نێـــردراوەکە). لەم حاڵەتەشـــدا ئەو شـــێوەیەی کە بـــۆی دروســـت دەبێـــت، لە خـــودی خۆیـــدا دەبێـــتە ئامـــانج، بەڵام جەختکردنەوە لەسـەر کۆدەکە یـان هێمـا بەکارهێنراوەکـان بۆ ئەوە ڕاپێچمان دەکات، کە قسەکردن چ درکاو بێت و چ نووســـــراو، کە بڵێـــین یـــاخود بە شــــێوازێکی ئەدەبـــی نووســـراوە، کە پـــڕە لە خـــوازە و لادانـــی واتـــایی، یـــان قسـەیەکە لەم شـتانەی باسـمانکرد دامـاڵڕاوە، لەم حـاڵەتەدا زمـــانە بەکـــارهێنراوەکە زمـــانێکی ســـوودگەرایی بـــێلایەن دەبێت و هـیچ شـوێنەوارێکی بـۆ (بژاردەی شـێوازی) تیـادا بەدی ناکرێت، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر کەناڵەکە کە

ئـــامرازێکی گەیانــدنی قســـە نووســـراوەکە یـــان قســـە درکێنــدراوەکەیە، بــۆ ناســینی هەڵوێســتە کاریگەرەکــانی بـواری ئەداکـردن پەلکێشـمان دەکـات، بـۆ نمـوونە لەوانەیە گفتوگۆیەکی ئێزگەیی بێت یان وتـارێکی ڕۆژنـامە بێت یـان دیمەنێـک یـان گفتوگـۆیەک بێـت یـان قسـەکردنی تەلەفـۆنی بێـــت، لەگـــەڵ تێبینـــی ئەوەی کە زۆربەی تـــوخمە کاریگەرەکــانی ســەر ڕەوشــی سروشــتی قســەکردن لە گۆشــەی کەنـاڵە بەکـارهێنراوەکەی گەیانـدنەوە، کە دەبـێ ڕەچـاوبکرێن و بەهەنـد وەربگیـرێن، جـا بە گـوێرەی ئەو قسـانەی وتمـان گرنگـی بەو لادانە واتاییـانە درا، کە لەگـەڵ بەکارهێنانی زماندا لەو پەیـامەی کە لە خـودی خۆیـدا جێـی گرنگیـدانی نێـرەر و وەرگـرەکەیە، ئەویـش لەپێنـاو گەیشـتن بە کــــۆمەڵە یاســــا و ڕێســــایەکی ئەوتــــۆ، کە ئەرکە زمانەوانییەکان بۆ ئەرکـی گەیانـدن (ناشـیعریانە) و ئەرکـی ڕەوانبێژی پۆلێن دەکات.

**ئاراستەی پەیوەستبوون(گلۆسماتیک)**


هەروەک لە هەریەک لە مۆسکۆ و پراگ بازنەی زمانەوانی سەریان هەڵدا، بە هەمان شێوەش لە شاری (کۆبنهاگن)ی پایتەختی دانیمارک - قوتابخانەیەکی زمانەوانی دیکە سەری هەڵدا، ئەم قوتابخانەیە لە کۆنگرەیەکی زمانەوانی خۆی ڕاگەیاند، کە لە ساڵی ١٩٣٥ گرێدرا، پێشەنگی ئەم بازنەیەش دوو زمانەوان بوون، بە ناوەکانی: (لویس هێلمسلیف) (١٨٩٩ - ١٩٦٥) و (هانز ئۆلدال) هەردووکیشیان وشەیەکی گریکیان تەرخان کرد، بە خۆی و ماناکەیەوە کە وشەی(گلۆس Glosse) بوو، بۆ ئەوەی ئاراستەی قوتابخانەکەیان دەستنیشان بکات، (لویس) بە خۆی لە (پراگ) خوێندبووی و چەندەها جار چاوی بە پەرتووکەکەی (سۆسێر) کەوتبوو و لە یەکێک لە وتارەکانی خۆشیدا نووسیبووی، کە لە هەموو کەس زیاتر لەژێر کاریگەری (سۆسێر)دا بووە لە بواری زماندا، ئەم زمانەوانە هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٣١)ەوە نووسین و کارەکانی بە دەرکەوتن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پاش ساڵی (١٩٣٥) بە دواوە ئیدی نووسینەکانی ڕەوشێک و ئاراستەیەکی دیکەی بەخۆوە بینی، کە لەگەڵ ڕەوشە باوەکەدا جیاوازی هەبوو، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٥٣)دا

پەرتووكێكی بە ناوی (چەند پێشەكییەك بۆ تیۆری زمان) نووسی، ئەم پەرتووكەش بووە زانستێك، چونكە هەموو بیروڕاكانی قوتابخانەی زمانەوانی تیادا پێشكەشكران، كە بە ((پەیوەستبوون) (Glossmatics - گلۆسماتیك) دەناسران، كە پاش دەرچوونی ئەم پەرتووكە بە ماوەیەكی كورت وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی[1].

(هێلمسلیف) وشەی (گوزارشتكردن)ی دەهێنا، (ناوەرۆك)یشی كردە (هێما بۆكراو)، چونكە هێمای زمانەوانی (هێما) نییە، كە پەل بۆ (هێمابۆكراو) بكێشێت، بەڵكو گوزارشتێكە ئاماژە بە ناوەرۆكێك دەكات، هەروەها ئەم زانایە لە دابەشكردنی زماندا بۆ (مادده) و (شێوە) وەكو (سۆسێر) وابوو، هەرچی شێوەیە دوو ئاستی هەیە، یەكێكیان: تایبەتە بە گوزارشت، كە لای ئەو (فۆنیم) دەگەیەنێت، دووەمیشیان: تایبەتە بە ناوەرۆكەوە، كە لای ئەو واتایەی لێ دروست دەبێت، ئەم هێڵكارییەش ڕا و بۆچوونەكانی (هێلمسلیف) لەبارەی سروشتی زمان دەخاتەڕوو:

---

[1]- بارييجيته بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ص ١٧٥.




مادده ئەو شتە نازمانەوانییەیە، کە زمان پەیوەندی پێوە هەیە و لەسەر ئاستی گوزارشتیش لەو دەنگانە پێک دێت، کە دەکرێ بدرکێندرێن، نەک تەنها (فۆنیمەکان) وەکو (هێز) و (ئاواز) و درێژکردنەوەی دەنگ و تێرکردنی جوڵە و دەنگی دیکە، کە لەگەڵ قسەکردندان، لەسەر ئاستی ناوەرۆکیش هەموو وێناکردنە ئەگەرکراوەکان دەگرێتەوە، نەک تەنها واتا یان بەشەکانی واتا، بابەتی زمانەوانی لای هێلمسلیف شێوەیە نەک مادده، تێڕوانینی بەردەوامیش بۆ شێوەکە لەسەر ئاستی گوزارشتکردن پەلمان بۆ دەنگەکان ڕادەکێشێت، کەچی ڕوانین بۆ شێوە بە بەردەوامی لەسەر

ئاستی ناوەرۆک پەلمان بۆ شتێک ڕادەکێشێت، کە بە (واتاسازی) دەناسرێت، (دەنگسازی) و (واتاسازی)ش دوو زانستی ئەوتۆن، کە یارمەتی یەکدی دەدەن، (هێلمسلیف) هەروەکو (سۆسێر) وابوو لە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە هێمای زمانەوانی بەهاکەی لەو پەیوەندیانەوە وەردەگرێت، کە لەگەڵ هێماکانی دیکەدا هەیەتی، ئاماژەکردنیش بۆ واتاکان دەستەبەر نابێت، مەگەر لەژێر تیشکی پەیوەندییەکانیەوە نەبێت بەو هێمایانەوە، جا وشەی (گەرم) لە وەسفکردنی شتێکدا بەکاردەهێنین، لەهەمان کاتدا ساردبوونی ئەو شتە ڕەت دەکەینەوە، واتە هەروەک ئەوە وایە بڵێین (سارد نییە)، بەڵام لەهەمان کاتدا کاتێ دەڵێین (گەرم)، وەک ئەوە وایە بڵێین (زۆر گەرم) یان بڵێین (شلەتێن - نیمچە گەرم)، جۆری یەکەمی ئەم پەیوەندییانە (هێلمسلیف) بە (پەیوەندی ناوخۆ) ناوزەدی کرد، واتە هەر هێمایەک لەو دوو هێمایە ئەویدی بە مەرج وەردەگرێت، لەکاتێکدا جۆری دووەم بە (پەیوەندی پاشکۆ) هەژمار دەکرێت، هێمای یەکەم دوای دوو هێماکەی دووەم دەکەوێت، لێرەدا چەند جۆرێک لە هێما هەن، کە (پەیوەستبوون) تیایدا لەسەر بە مەرجگرتنی هەریەک لەو دوو هێمایە بۆ یەکدی

ڕاناوەســـتێت، وشـــەی (Wood) لە زمـــانی ئینگلیـــزی (ئامـانج) دەگەیەنێت، بەڵام لە هەمـان کاتـدا ئەو تەختەدارە دەگەیەنێت، کە دارتاش کەلوپەلی لێ دروست دەکات، ئەم وشـەیە لە ڕووی تیـۆرییەوە یەک وشـەیە، بەڵام لە هەمـان کاتـــدا دوو هێمـــای زمـــانەوانی ئەوتـــۆ دەگەیەنێـــت، کە بەشێوەیەکی ئازاد بەیەکداچوونە و ئاوێتەبوونە[1].

(هێلمسـلیف) چەنـد نەخشـەیەکی پـۆلێنکرد، کە تیایانـدا چەنـــد پەیوەنـــدییەکی نێـــوان هێمـــا زمانەوانییەکـــان ڕوونکردەوە، کە بە هەمان شێوەش پەیوەندییەکانی نێوان شوێن و حاڵەتی شرۆڤەکردنی خستەڕوو، ئەو دەستی کرد بە وێکچواندنی پەیوەنـدییەکانی نێوانیـان بەو پەیوەنـدییەی کە لەنێـوان پـێگەی ژمـارە یـان نمـرە و بەهاکەیـدا هەیە، ئەویش لە دووتـوێی زنجیـرەی ژمارەکانـدا، ژمـارە لە خـانە (یەکەکـــان)دا بەهـــایەکی جیـــای لە خـــانەی دەیەکـــان و ســـەدەکان و هەزارەکانـــدا هەیە. لەســـەر ئەم بنەمـــایەش هێمای زمانەوانی بە ڕای ئەو ئەرکی زمـانەوانی خـۆی لەو پـــێگە شـــرۆڤەییەوە وەردەگرێـــت، واتە لە (پەیوەســـتبوونە نـــاوخۆییەکەوە) وەری دەگرێـــت، هەردوو ڕووی هێمـــاکە:

---

[1]- بارييجيته بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ص ١٧٧.

گوزارشـــتکردن و نـــاوەرۆک، هەریەکەیـــان ئەوی دی بە مەرج دەگرێـــت نەک تەنهـــا پاشـــکۆکردن وەک ئەوەی سوسـێر بـۆی دەچـوو، شـتێکی دیـکەش کە (هێلمسـیف) ئاشکرای کرد، ئەو پەیوەندیانە بوو کە لە ڕستەدا بە دوای یەکدا دێن، گریمانەکەش لەم پێگەیەدا ئەوەیە کە بە دوایـی یـەکهاتنی فۆنیمەکـان لە ڕسـتەدا یـان لە ئـامرازەکەدا بـە دوایەکێکبوونێکی چەسپاوە و کۆمەڵـە یاسـایەکی زۆرەملێ دەستنیشـانیان دەکات و لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت یان لە ڕێوشـوێنەکانی وشەسـازییەوە وەردەگیرێـت، کەچـی بدوایـەکهاتنی وشـەکان ـ هێماکـان ـ کە لە خـودی خۆیاندا وشـەیەکن سـەر بە ڕێسـای جیـا و هەمەجـۆرن، لەوانەشـە ئەم بە دوایەکبوونە لە هەندێک زماندا ئازاد بێت و سـەر بە هیچ ڕێسایەک نەبێت.

## قوتابخانەی لەندەن، تیۆری دەوروبەر

قوتابخانەی زمانەوانی ئینگلیزی لەگەڵ قوتابخانەکانی دیدا جیاوازی هەیە، ئەویش لەو ڕووەوە کە تەنها لەژێر کاریگەری پۆزەتیڤانەی بیروبۆچونەکانی سۆسێردا نەبووە، بەڵکو کاریگەرییەکانی بە بۆچوونەکانی سۆسێر لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەکانی بۆ هەندێک لە قسە سەرەکییەکانیش داڕشتن، لە سەرووی هەمووشیانەوە جەختکردنەوەی سۆسێر بوو لەسەر ئەوەی کە قسەکردن بەرهەمێکی تاکەکەسییە و هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە نییە، ئەم هەڵوێستەش لە لای قوتابخانەی لەندەن بۆ ڕەچەڵەکی دێرین دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتاوە لەسەری ڕۆیشتووە، چونکە (هامبۆلدت) کە ئەڵمانییە ئەم بیرۆکەی باسکردووە و وتویەتی زمان هیچ نییە، تەنها ڕەنگدانەوەیەکی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکەیە، لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەیە بۆ هەموو ئەم توخمانە پێکەوە، ئەم بیرۆکەش بۆ لەندەن گوازرایەوە و زمانەوانەکانی ئینگلیز باسیان لێوە کرد، هەروەها

قوتابخانەی ئینگلیزی لەژێر کاریگەری زانایەکی زمانەوانی دیکەشدابوو، کە فەرەنسی بوو، ناوی (بریێل) (Breal) بوو، کە خاوەنی یەکەم پەرتووک بوو لە بواری (واتاسازی)دا، کە بە ناوی (واتاسازی_ semantics) نووسیبووی و ئەم پەرتووکە ساڵی (١٩٠٠) بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە کاریگەربوونی قوتابخانەی ئینگلیزی بە زمانەوانی ئەمەریکی (ساپیر Sapir) و بە پەرتووکەکەی کە لەناویدا جەخت لەسەر ڕاستەقینەیەک دەکاتەوە، کە لەلای ئەو بۆچوونێکی دروستە، ئەو ڕاستەقینەیەش ئەوەیە کە تویژینەوەی زمان بەبێ دەوروبەرە ڕۆشنبیری و ژیاری و ئەنترۆپۆلۆجییەکەی، تویژینەوەیەکی بێ ئەنجامە و هیچ بەرهەمێک نادات بەدەستەوە، بەتایبەتی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ئاستە واتاییەکەوە هەیە[١].

لێرەدا گەر خوازیاری ئەوە بین بەدواداچوون بۆ ئەو سەرچاوە سەرەکیانە بکەین، کە زمانەوانەکانی لەندەن

---

[١]- بڕوانە: جيفري سامبسون، المدارس اللغوية، ترجمة نعيم الكراعين، المؤسسة الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، ط ١، ١٩٩٣، ص٢٣٣.

بیـرورِا و بۆچوونەکـانی خۆیانیـان لـێ هەڵهێنجـاوە، ئەوا کـاتێکی زۆرمـان دەوێـت، کەچـی ئەوەی پێویسـتە لێـرەدا بیڵێین ئەوەیە، کە زمانەوانەکانی لەندەن بەم قسانە وەڵامی سۆســـێریان دایەوە: قســـەکانی سۆســـێر لـــەبارەی جیاکردنەوەی زمـان و ئاخـاوتن، لەسـەر ئەو بنەمـایەی کە دەڵێــت زمــان بەرهەمێکــی کــۆمەڵە و لەســەر بنەمــای رِێککەوتـــن دامەزراوە و ئاخـــاوتنیش بەرهەمێکـــی تاکەکەســـییە و هـــیچ پەیوەنـــدییەکی بە رِەهەنـــدە کۆمەڵایەتییەکەوە نییە، ئەوا ئەم قسـەیە ورد نییـە، چـونکە ئەوان وا دەبیـــنن کە ئاخـــاوتن بە هەمـــان شـــێوە کۆمەڵایەتیشـە، هەروەک چـۆن زمـان کـۆمەڵایەتییە، چـونکە مــرۆڤ زمـــان بەکاردەهێنێـــت، بـــۆ ئەوەی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـان بە پلە یەک بەهێـز بکـات، کەواتە زمـان و ئاخاوتن پردێکی پەیوەندییە لەنێوان تاکەکـان و توێژەکـانی کۆمەڵگە دروست دەکات.

ئەم بیرۆکەش لای زمانەوان (جۆن رِۆبێـرت فێـرس)( J. R. firth) و قوتابییەکـانی دەنگـدانەوەیەکی هەبـوو، ئەم زانـایە بیـرۆکەکەی زۆر بەدڵ بـوو، چـونکە زمـان لای ئەو پەیوەندییـەکی ئەندامیانەیـە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتیەکـە، رِاسـتە ئاخـاوتن پرۆسـەیەکی تاکەکەسـییە بە هەر مانـایەک

بێـت، چـونکە قســەکەر قســەیەک دەکـات و مانــایەکی لا مەبەسـتە، بەڵام دەوروبەری کـۆمەڵایەتی زۆرجـاران دێـتە ناو بابەتەکەوە و ئەم قسەیە حەواڵەی قسـەکردنێکی ئەوتـۆ دەکـــات، کە ئەگەری زۆر فراوانتـــر هەڵـــدەگرێت، بـــۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرۆکەش، ئەم نموونەیەمـان پێشـکەش دەکات: I am coming to morrow ئەم ڕستەیەی وتمـــان، پێشـــوەخت باســـمان کردبـــوو، لە ڕوانـــگەی قســـەکەرەوە یەک شـــت دەگەیەنێـت، کەچـی لە گۆشـــەی وەرگرتن و گوێلێبوونەوە ئەم بژاردانە لەخۆ دەگرێت:

*** لە ئێستادا ڕەتکردنەوەی هاتنە.**

*** پەیماندان بە هاتن.**

*** هەڕەشە.**

*** ئاگادارکردنەوە.**

*** دەستنیشـــانکردنی کـاتی هــاتن، بەو حیســـابەی کە ڕێککەوتوون لەسەر هاتنەکە.**

*** دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کە دێ (من).**

ئەم زمانەوانە بۆ زانینی مانای خوازراو، شیکردنەوەی ئەم ئەگەرانەی ئەنجامـدا، کە پاشـان پەلـی بـۆ هەڵهێنجـانی چەنـــد ئەنجامێـــک هاوێشـــت، کە زۆر گـــرنگن، ئەو ئەنجامـانەش ئەوەیە: ئاخـاوتن لای سۆسـێر تاکەکەسـییە،

پێویستی بە سنوور و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وا هەیە، کە واتاکانی دەستنیشان دەکات، ئەم سنوور و بارودۆخانەش هەموویـــانی لەچوارچێـــوەی دەوروبـــەردا حەشـــارداوە، مەبەستیشی لە دەوروبەر ئەو شتەیە، کە بە دەوروبەرەی بارودۆخ یان دەوروبەری شوێن Context of situation دەناسرێت.

دەستنیشـــانکردنی مانـــاش بەگـــوێرەی دەوروبەرەکـــە پێویستی بە زانینی ئەم شتانە هەیە:

١ـ ئەو شـوێنەی پرۆسـەی ئاخاوتنەکـەی تێدا ئەنجـام دەدرێت.

٢. کات.

٣. ئەو کەسانەی بەشداری لە ئاخاوتنەکەدا دەکەن.

٤. ئەرکی گوتارەکە و مەبەست لە وتنی گوتارەکە.

(فێرس) دەوروبەری بۆ دوو بەش پۆلێن کرد، یەکێکیان دەوروبـەری زمـانەوانی بـوو، کە مەبەسـتی دەوروبـەری واژەییەکە بـوو (Verbal context) بە هەمـوو دەنگ و شێوازی وشەسازی و ئەو بڕگانەی کە ئاوازی نەبڕەییان هەیە و زنجیرە ڕیتمییە یان بڕگەییەکان و ڕێسا پێکهاتەییە ڕێزمانییەکان و ئەو ڕستانەی کە لە یەک ڕێزدا پێکەوە بە یەکـــەوە بەســـتراون و بەیەکـــداچوونە، دووەمـــیش

دەوروبـــەری بـــارودۆخ یـــاخود ئەو پـــێگەیەیە، کە بەو مەرجانەی باسمانکردن دەستنیشانی کردوون[1].

بە ڕای ئەو پێویستە ئاخاوتن و زمان هەردووکیان وا لێـــی بکۆڵدرێتـــەوە، کە یەک بونیـــادن، ئەویـــش لە توێژینەوەیەکـــدا کە پشـــت بە شـــیکردنەوەی وەســـفیی ناوخۆیی ببەستێت، و لەپاڵ ئەوەشدا لە دەرەوەشیدا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، سەبارەت بە دەنگەکان و ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان درکاندن و وشەسازیدا هەیە، توێژەری زمانەوانی هەر دەبێ تێبینی ئەو پەیوەندییە بکات کە لەنێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە درێژکردنەوەی بزوێنەکە لە وشەی (سافر ـ گەشتی کرد) جیاوازی لەگەڵ وشەی (سفر ـ گەشت)دا هەیە، هەروەها زیادکردنی (هێز) لەسەر بڕگەیەک لەو بڕگانەی کە وشەکەیان لێپێکهاتووە، بۆی هەیە شـــێوازی وشەســـازییەکەی بگۆڕێـــت، هەروەک لە وشەی (star)ی ئینگلیزیدا بەدی دەکرێت، پشت بەستن بە بڕگەی دوایی، دەیکاتە (ناو)، کەچی پشت بەستن بە بڕگەی یەکەم، دەیکاتە (کار)، ئەمجۆرە گۆڕانکارییە واژەییەش بۆ دەوروبەرە زمانەوانییەکەوە یان دەوروبەرە

---

١- ابراهیم خلیل، فی اللسانیات و نحو النص، دار المسیرة للنشر و التوزیع، عمان، ط١، ٢٠٠٧، ص ٣٠.

واژەییەکە دەگەڕێتەوە، دەشکرێ وردتر بڵێین: پەیوەندی بە دەوروبەرە دەنگییەکەوە[1] هەیە، بەڵام ئایا دەکرێ باز لەسەر ڕۆڵی گوێگر بدات، کە درک بەم جیاکاریانە دەکات؟ ئایا چ کەسێک بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە پشت بەستنی بیستراوە و لەسەر بڕگەی یەکەم یان بڕگەی دووەم جێبەجێ دەبێت؟ ئەمیش لە حاڵەتێکدا گەر گوێگرەکە خۆی ئەم مەسەلەیە بخەملێنێت و دەستنیشانی بکات، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە بێگومان دەبێ نەریتە درکێندراو و بیستراوی درکپێکراوییەکان بەهەند وەرگرین، ئەمەش ئەو چەمکەیە کە لە واژەی دەوروبەری دەرەکیدا خوازیاری پێکانی بوو.

لەلایەکی دیکەوە (فێرس) وای دەبینێت کە ناسینەوەی گوێگرەکە بۆ هێمای زمانەوانی و پەیوەندی (هێما) بە (هێمابۆکراو) و گوزارشتکردن بە ناوەرۆکەوە بۆ دەستنیشانکردنی مانا بەس نییە، بەڵکو ئەو شتەی کە یارمەتی دەستنیشانکردنی دەدات، سەرباری دەوروبەرە واژەییەکە، نەریتی کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە وشەی (Set)ی ئینگلیزی لە فەرهەنگدا (١٤٥) مانای هەیە، کە لە

---

١- جیفري سامبسون، المدارس اللغوية، ترجمة نعيم الكراعين، المؤسسة الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، ط١، ١٩٩٣، ص ٢٢٦.

فەرهەنگــی ئۆکســفۆرددا بە هەژدە لاپەڕە شــرۆڤەکراوە، باشە ئایا گوێگر کاتێک گوێی لەم وشەیە دەبێت، دەتوانێت هەموو ئەو مانایانە لەبەر چاو بگرێت و بیانهێنێتەوە یادی خــۆی؟ بێگومــان ئەمەش مەحــاڵە، چ بــۆ خــوێنەر و چ بــۆ گوێگر، بگرە بەشێکیش لەو مانا و لەو لاپەڕانە بە هزریاندا گــوزەر ناکــات، بەڵکــو هەردووکیــان پەنــا دەبەنە بەر دەوروبەرەکـــــە بە هەردوو جـــــۆرە واژەیـــــی و هەنــووکەییەکەی، کە تیایــدا ئەو توخمــانەی تــایبەتن بە سروشـــتی بـــابەتەکە و بە ســـێبەرە ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتییەکــانییەوە دوورنــاخرێنەوە، واتە واتــا توانــای قســەکردن لەســەر ئەداکردنــی ئەرکە پەیوەندییــەکان خــۆی پێویستی بەوە هەیە لە دەوروبــەرە کــۆمەڵایەتییەکەی خــۆی دایبنێین، بەشــێکیش لەم دەوروبــەرە، ئەو بــارودۆخەیە، کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەیاندن دەبێت، بۆ نموونە:

**١. حاڵەتی ڕاستەوخۆی قسەکەر.**

**٢. ئەرکی قسەکردن و ئامانجەکانی.**

**٣ــ ئەو چــالاکییە کردەییــانەی لەکــاتی قســەکردندا لە قسەکەرەوە دەردەچێت.**

**٤. ئاستی قسەکەر لەڕووی ڕۆشنبیری و پیشەییەوە.**

**٥ـ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی قسەکەرەکە چ نێر بێ و چ مێ.**

بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی (فێرس) لەم بابەتەدا، بووە هۆی دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی زمانەوانی، کە گرنگی بە تویژینەوەی ئاخاوتن دەدا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بابەتێک بە (شیکردنەوەی گوتار Discourse analysis) وەسف دەکرێت، ئەم بابەتە زمانەوانەکان گرنگیان پێدا، بەشێوەیەک بووە یارمەتیدەرێک بۆ دەرکەوتنی زانستێکی تایبەت بە زمانەوانییەوە پەیوەستە، کە پێی دەوترێت (زانستی تێکست Text Linguistics). هەروەها ڕۆچوون و قوڵبوونەوە لە تویژینەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی گەیاندنی زمانەوانی، بووە هۆی دەرکەوتنی بوارێکی تایبەتی زمانەوانی، کە بە (socio – linguistics) (کۆزمانەوانی ـ زمانەوانی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێت، ئەم بابەتەشمان بە درێژی لەو بەشەدا باسکردووە، کە بە زمان و کۆمەڵگا تایبەتە.

## قوتابخانەی ئەمەریکی: تیۆری جۆراوجۆر

قوتابخانەی ئەمەریکی لە سەرەتاوە لە هەموو شتێک زیاتر ئاراستەکەی بەرەو ڕێزمان بوو، لە ساڵی (١٩١١) زنجیرە پەرتووکێک لە زانکۆی ئەندیانای ئەمەریکی بڵاوبووەوە، لە نێوانیاندا پەرتووکێک هەبوو، بە ناوی (ڕێبەری زمانەکانی هیندۆ ـ ئەمەریکی)، کە زمانەوانان (فرانز بواز Boaz (١٨٥٨ ـ ١٩٤٢) نووسیبووی و ئەوەی تێدا ڕوونکردبۆوە، مەزنترین خەسڵەت کە زمانەکانی هیندۆ ئەمەریکی لەوانی دی جیا دەکاتەوە، یاساکانی ڕێزمانە.

هەندێک لەو زمانانە بۆ نموونە تەنها یەک شێوازی ژمارەیان تێدایە، کە شێوازی تاکە، واتە شێوازی دوانەیی و کۆیان تێدا نییە، هەندێکیش لەو زمانانە (کار)ی وای تێدا نییە، کە ئاماژە بۆ ڕابووردوو بکات، هەروەها (کار)ی واشی تێدا نییە، کە ئاماژە بۆ (ئێستا) بکات، لێرەدا ئەم دوو گوزارشتە بە یەک یاسای ڕێزمانی و وشەسازی ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

The man is coming

The man was coming

لێرەدا بەهۆی دەوروبەرەکەوە کاتەکان دەناسرێنەوە، هەندێک لەم زمانانە جیاوازییەک دەخەنە نێوان ئەو ناوانەی، کە بۆ زیندوو و نازیندوو بەکاردەهێنرێن، ئەویش بەهۆی ئامرازی ناساندنەوە، ئەم حاڵەتەش لە زمانە ئەوروپییەکان و زمانە فەرەنسییەکاندا بوونی نییە، چونکە ئەم زمانانە جیاوازی لەنێوان مێینە و نێرینەدا دەکەن، ئەویش بە بەکارهێنانی ئامرازی ناساندنەوە، کە لە زمانی فەرەنسیدا کاری پێدەکرێت، لە هەمان کاتدا جیاوازی لەنێوان ئەو ناوە ناکات، کە بۆ زیندوو و نازیندوو بەکاردەهێنرێت[1]، هەرچەندە ئەم بیروڕایانەی لە پەرتووکەکەی (فرانز بواز)دا هاتوون، گرنگن، کەچی باوکی ڕاستەقینەی زمانەوانی ئەمەریکی لە سەدەی بیستەمدا (ئیدوارد ساپیر Sapir)ە (١٨٨٤ ـ ١٩٣٩)، کە لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری ڕێزمانزانە تازەکان و بیروڕاکانی (فرانز بواز)دا بوو،[٢] (ساپیر) جگە لە گرنگیدانی بە زمان، گرنگی بە ئەنسرۆپۆلۆجی و ئەدەب و

---

[1]-John Loyns, Chomsky, Fontana press, 3thed, 1991, p 27.

[2]-John Loyns, Chomsky, 1991, p 29.

هونەر و مۆسیقاش دەدات، لە بواری زمانیشدا تەنها یەک پەرتووکی نووسی، کە ناوی (زمان ـ Language) بوو، چاپی یەکەمی لە ساڵی (١٩٢١)دا دەرچوو، ئەم پەرتووکە لەلایەن(مونسیف بن عاشوور) لە تونس بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە، هەرچەندە ئەم پەرتووکە بچووکیشە، کەچی چەندەها توێژینەوەی گۆتۆتەخۆ، کە پەیوەندییان بە دەنگەکانەوە هەیە و چەند بەراوردکاریەکیشی لەنێوان زمانەکاندا تێدا کراوە، بەتایبەتی لە بوارە فۆنۆلۆجییەکەیدا.

بیروڕاکانیشی لەبارەی زمان و هێما زمانەوانیەکاندا لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە:

* زمان سیستەمێکی دوانەییە و هەردوو لایەنەکەی لە دوو ئاراستەی هاوتەریبدا شانبەشانی یەکدی دەڕۆن بەڕێوە، بەڵام بەیەکدیش دەگەن، یەکەمیان واتایە، کە بابەتەکەی سەر بە (واتاسازی)یە، دووەمیشیان (شێوە)یە، کە بابەتێکی ڕێزمانییە.

* ڕێزمان لە بواری زماندا پێویستی بە توێژینەوەیەکی فۆرمییە (شێوە)، چونکە ڕێزمان لە بنەڕەتدا مۆرکێکی (فۆرمی) هەیە، ئەوپەڕی کۆششی ڕێزماننناسەکانیش لە باسکردنی فۆرمی پێکهاتەکاندایە، کە بووەتە یاسای چەسپاو، ئەویش لەبەر دووبارەبوونەوەیان و بەدوای

یەکتریان لە بەکارهێنانـدا لەلای نەوەکـان، کە نەوە دوای نەوە ڕێککەوتوون لەسەر بەکارهێنانیان.

* ئەو پێـــی وایە لایەنـــی پەیوەندیـــدار بە مانـــاوە پێوستییەکە لە ڕێزمانـدا بـاز لەســەر پرسـە فـۆرمییەکە دەدات، بـۆ ئەنجامـدانی تـوێژینەوەی ڕۆشـنبیریی و وتە و قسە نەستەقەکان و فۆلکلۆری میللی بەگشتی، کە مۆرکێکە ئەو کـۆمەڵەیە هەڵیگرتـووە و زمـانەکەی بەکـاردێنن، کە لە بنەڕەتـــدا بەگـــوێرەی بۆچـــوونی ئەو تەنهـــا ئـــامرازی پەیوەنـدکردن نیـیە، بەڵکـو لە هەمـان کاتیشـدا ئـامرازێکە دەبێـتە ڕەنگـدانەوە و وێنەیەکـی ڕۆشـنبیریی و ژینگەیـی بەکـــارهێنەرانی زمـــانەکە، بە هەمـــوو بەهـــا و داب و نەریتەکانیانەوە، بۆ نموونە لە (ئالاسکا)، ئەسکیمۆکان بە زمانێکی زۆر سەرەتایی قسەدەکەن، کە پڕە لەو وشـانەی ئاماژە بۆ بەفر و سەهۆڵ و جۆرەکانی و پلەکانی و شێوە هەمەجۆرەکـانی دەکەن، کەچـی لە هەنـدێک زمانـدا وەکـو زمانی عەرەبی تەنها یەک دوو وشـە هەن ئامـاژە بۆ بەفر دەکەن.

ئەم گریمانەیەی کە گوزارشت لە ژینگەی زمـان دەکـات، بە گریمـــانەکەی (ســـاپیر) و (وۆرف) نـــاوی دەرکـــرد، پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد، کاتێک کـاریگەری زمانمـان

لەسەر بیر باسکرد، تێڕامانیش لەم مەسەلەیە، ئەم شتانە دەگەیەنێت:

١ــ بێگومـان زمـانی دیـاریکراو پـێش هەمـوو شـتێک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە.

٢ــ نـاکرێ تـوێژینەوەی زمـان بە جیـا لە دەوروبـەری ڕۆشنبیری (دەرەکی) و کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت.

پـاش دەرچـوونی پەرتـووکەکەی (سـاپیر) بە دوازدە ساڵ، پەرتووکێکی دیکە بە هەمان ناونیشـان دەرچوو، کە نووسەرێکی تر لەژێر کاریگەری (واتسۆن ـ Watson)دا بوو و نووسیبووی، (واتسۆن) دامەزرێنەری قوتابخـانەی ڕەوشـتکاری بـوو لە دەروونناسـیدا، نـاوی ئەم نووسـەرە (لیۆنارد بلۆمفیلد) Bloomfield (١٨٨٧ ـ ١٩٤٩) بوو، کە لەوانـی پـێش خـۆی زیـاتر کۆششـی خستەگەڕ، بۆ ئەوەی زمانەوانی بکاتە توێژینەوەیەکی زانستیی سـەربەخۆ و جیا لە زانسـتەکانی دی، ئەمەش ئەو ئامـانجە بـوو، کە (سۆسێر) خەوی پێوە دەبینی[(١)]، هەر لەبەر ئەوە هەرچی لایەنێک لە پەرتووکەکەیدا کە تـوێژینەوەی بەپێـی پێـوەرە زانستی و بابەتییەکان سەخت و دژواربوو، وەلای نا، بۆ نمـوونە مەسـەلە مرۆییەکـان و ڕۆشـنبیرییەکان و

[1]- John Loyns, Chomsky,p 29 – 30.

ئارەزووەکــان لەو مەســەلانەن، کە ســەردانانەوێنن بــۆ وەسف و پێوەری ئەزموونگەریی، لەم مەسەلەیەشدا لەژێر کــاریگەری شــتێکدا بــوو، کە لە دەروونناســیدایە ڕێبــازی ڕەوشتکاریی (Behaviorism) ناودەبرێت، ئەم ڕێبازەش لەســەر ئەو پایەیە دەوەســتێت، کە دەبێ خـۆت لە هەمـوو شتێک دوورەپەرێز بگریت، و تێبینی ناکرێت و ناپێورێت، تەنانەت عەقڵ و مێشکیش وەک ســەرەتایەک و دەســپێکێک وایە لەلای زمـانەوانە لاسـایکەرەکـان، هەمـوو شـتێکیش لە ڕوانگەی ڕەوشتکارییەکانەوە وەڵامدانەوەی (Response) ئەنـدامییە بـۆ ئاگـادارکردنەوەیەک یـان هەر وروژانـدنێکی دەرەکــی، کە لە ژیــنگەی دەوروبەری کــائینی زینــدووەوە سەرچاوە دەگرێت.

جــــا لەبەر ئەوەی قســــەکردن ڕەوشــــتێکی مــــاددی بیســــتراوە و دەکــریێ بخــریێتە ژێــر تێبینیکــردنەوە، ئەوا (بلۆمفیلـد) تـوێژینەوەی دەنگەکـانی کـردۆتە دەسـتپێک، کە لێیانەوە هەنگاو بەرەو بابەتەکان دەنێت و هەڵدەستێت بە پێناســــەکردنی زمــــان و وا پێناســــەی دەکــــات، کە درکێنـدراوێکە لە ئاگـادارکەرەوەیەک یـان وروژێـنەرێکە و بەرهەمهـاتووە و پەل بـۆ وەڵامدانـەوەیەکـی درکێنـدراو یـا نەدرکێنـدراو دەکێشــێ، لەم حــاڵەتەدا درکێنـدراوی یەکەم

دەبێــتە ئاگــادارکەرەوەیەک یــان وروژێــنەر بــۆی، بــۆ ڕوونکــردنەوەی ئەمەش، نمــوونەی (جــاک) و (جێــل) و (سێو)مان بۆ دێنێتەوە، ئەم نموونەیەش بەکورتی ئەوەیە (جێـل) هەسـت بە برسـێتی دەکـات و کـاتێکیش درخـتەکە دەبینێ، سێوێکی پێوەیە، ئەوکاتە ڕۆڵی سێوەکە دەبینێت و لەگــەڵ ئەوەی برسیشــێتی، ئینجــا هۆشــداری دەدات و لە حــاڵەتی وروژانــدایە و دەســت دەکــات بە قســەکردن و لە (جاک) داوا دەکات، سێوەکەی بۆ بێنێت، لێرەدا قسـەکەی (جێـل) سـەبارەت بە (جـاک)، وەک ئاگـادارکەرەوەیەک و وروژێنەرێکــی لــێ دێــت، لەبەر ئەم هۆکــارە یــان دەســت دەکـات بـە قسـەکردن و دەڵێت سـێوەکە ئامـادە دەکەم یان تەنهــا داواکــارییەکە جێبەجــێ دەکــات، ئەمەش حــاڵەتێکی وەڵامدانەوەییە، کە ڕوودەدات.

ئەم چیرۆکــەش بە ڕای (بلۆمفلیــد) بەڵــگەیەکە لەســەر ئەوەی قســەکردن ڕەوشــتێکە لە ئەنجــامی وەڵامدانــەوەی ئاگادارکردنەوەیەکی دەرەکییەوە پەیدا دەبێت[1].

هەروەها چۆمسکی (Chomsky) ـ پاش کەمێکی دیکە بـاس لە بیروڕاکـانی دەکەیـن ـ، وەڵامـی ئەم بیـرۆکەیەی دایەوە و گــوتی: ئەم بیــرۆکەیە، بیرۆکەیەکــی ورد نیــیە،

---

[1]- John Loyns, Chomsky, p 32.

بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، چونکە مرۆڤ بەدەر لە وروژێنەر و ئاگادارەکەرەوە دەرەکییەکان توانای قسەکردنی هەیە، لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ بەبێ ئاگادارکەرەوە و وروژێنەری دەرەکی دەتوانێت قسە نەکات، دەشتوانێت لەگەڵ خۆیدا قسە بکات و بەهۆی قسەکردنەوە بیربکاتەوە و لەکاتی خەوتنیشدا قسە بکات، لەوانەشە لێی داوا بکرێت کە قسە بکات، بەڵام مان دەگرێت و قسە ناکات، قسەکردن جگە لەوەی نیازمەندییەکی بایۆلۆجییە، لە هەمان کاتیشدا چالاکییەکی ئەقڵی ڕووتە، کە هەموو هێزە دەروونی و مێشکییەکانی مرۆڤ و یادگەی چالاک و یادگەی دوورهاوێژ و توانای بیرکردنەوە و گومان لە مێشکی مرۆڤدا و بەشەکانی تایبەت بە قسەکردن و بیستن و شرۆڤەکردنی واژە و وەڵامدانەوە و وەڵامدانەوەی بۆی، و هەموو بەشداری تێدا دەکەن و ڕۆڵی تێدا دەبینن، جگە لەم ئەرکانەش هیچی دیکەی نییە، بە هەمان شێوەش قسەکردن چالاکییەکی ناغەریزەییە، جگە لەوەش چالاکییەکی عەقڵانەیە کە بە ڕاهێنان - ڕاهاتن و فێربوون بەردەوام وەردەگیرێت.

هەروەها (بلۆمفیلد) بەو تویژینەوانە ناسرا، کە دەربارەی (فۆنیم) و (مۆرفیم) ئەنجامیانیدا، لەگەڵ

ئەوەشدا بەو تیۆرەی خۆی ناوی دەرکرد، کە بە (تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان - Immediate constituent theory) نـاونرا، کە بەم دوو پیـتە کـورت دەکـرێتەوە (I,U)، بە ڕای ئەو کـار و ئەرکـی ڕێزمانناسـەکان تەنهـا شیکردنەوەی ڕستەیە بۆ پێکهاتە ڕێزمانییە ڕاستەوخۆکانی خـۆی، پـاش ئەمەش شـیکردنەوەی ئەم پێکهاتـانەیە بـۆ پێکهـاتەی ڕێزمـانی و بەمشـێوەیە... هتـد، تـاکو پرۆسـەی شـیکردنەوەکە دەمـانگەیەنێتە ڕاددەیەک کە پرۆسـەکە ئەستەم دەبێت، پاشانیش دێینە سەر قسەکردن لەسەر ئەم تیـۆرە، ئەویـش پـاش تەواوکردنـی ئەم پێشـەکییە لە کـاتی باسکردنی ئاستی پێکهاتەیی.

لەوکاتەوەی بیروڕاکانی (بلۆمفیلد) ناوبانگی وەرگرت و بەهەمان شێوەش بەرەنگاری ڕەخنە بووەوە و لەم کەین و بەیـنەدا ڕێزمـانێکی دی پەیـدابوو، کە یەکێـک بـوو لە قوتابیـانی خـاوەن پەرتـووکی (زمـان)، کە نـاوی (هـاریس Harris) بـوو. تیـۆرەکەی (بلۆمفیلـد)ی خوێنـدەوە و ئەو ڕەخنانەشـی زانـی، کە ئاراسـتەی دەکـران، بـۆیە لە کۆششـدابوو بـۆ ئەوەی نمـوونەیەک لە خوێنـدنی ڕێزمـانی پێشـکەش بکـات و لەسـەر نمـوونە دێـرینەکە بازبـدات و

خەوشـــەکانی وەلابنێـــت[1]. ئەوەبـــوو پەرتـــووکێکی بە ناونیشانی شیکردنەوەی گوتار (Discourse Analysis) نووسـی و تیایـدا تیـۆری نـاوبرای خسـتە بەر ڕەخنەکـانی خۆیەوە، و لەهەمان کاتیشدا پێشنیازی نموونەیەکی دیکەی کرد، کە بە (تیـۆری دابەشـکردن .Distribution theory) نـاوی دەرکـرد، ئەم تیـۆرە لەسـەر بنەمـای پـۆلێنکردنی وشـەکانی زمـان لە چەنـد خشـتەیەکدا داڕێـژراوە، ئەویـش بەپێـی ئەو مـۆرفیمە ئـازاد و بەنـدانەی کە لە زمانـدا بەدی دەکـرێن، هەمـوو مۆرفیمێـک لەو مۆرفیمـانە سـەر بە دارشتێکی وشەسازیانەن، هەموو داڕشـتێکی وشەسـازیش خـانەیەک لەو خانـانەی هەیە، کە ڕسـتەیان لـێ دروسـت دەبێت، ئەو شێوازەی سەر بە (ناو)ە، بۆ نموونە دەکەوێتە پـاش ئـامرازی ناسـیاوی، بەڵام ئـەو شـێوازەی سـەر بە (کـار)ە، نـاکرێ بکەوێـتە پـاش ئـامرازی ناسـیاوییەوە، ئەو شـێوازەی سـەر بە بەشـی کارەکانـە، نـاکرێ بخـرێنە پـاش ئامرازەکانی پەیوەندییەوە.. ئیدی بەمشێوەیە.

هەروەها (هاریس) بە هەمان شێوە باسـی شـتێکی کـرد، کە بە هەردوو گۆشـــەی ڕســـتە دەناســـرێت، ئەمـــانەن: گۆشـەی ئاسۆیی یـاخود دراوسـێتیەتی و گۆشـەی سـتوونی

1- John Loyns, Chomsky, p 34 – 35.

یان جێگۆڕکێ، مەبەستیش لەم گۆشەیە ئەو شتانەیە کە لە یاداشتی قسەکەر و گوێگردا دروست دەبن، لە تێکڕای ئەو بژاردانەی کە دەکرێ لەجیاتی یەکدی ناویان ببرێت، لە خودی خۆیاندا قسەکانی سۆسێرمان بیردەخەنەوە، کە باسی لە پەیوەندییە پێکهاتەییەکان دەکرد، بۆ نموونە لەو قسانەش ئەو شتانەی کە بە پەیوەندییەکانی ستوونی و ئاسۆیی ناوزەد دەکرێن.

سەبارەت بە (هاریس)یش بۆ یەکەمجار ئەوەی ڕوونکردەوە، کە هەر گۆڕانکارییەک لە ڕستەدا بەجێگۆڕکێ پێکردنیان، وا دەخوازێت قسەکەرەکە هەستێت بە چاوپیاخشاندنەوەی توخمە دراوسێیەکان، چونکە لەوانەیە ناچاربێت بەوەی یەکێک لەم توخمانە بگۆڕێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ بژاردەیەکی دیکەی تازەدا گونجاوبێت، واتە هەموو گۆڕانکارییەک لە گۆشەی دراوسێیەتیدا گۆڕانکاری لە گۆشەیەکی دیکەدا بە دوای خۆیدا دێنێت و بە پێچەوانەوەش (هاریس) ئەو هۆشیارییەی لا دروست بوو کە زۆر پێویستە ماناکان بەهەند وەربگیرێن، ئەویش لەکاتی ئاڵۆزبوونی یاسا ڕێزمانییەکان، هەرچەندە ڕێزمان بە خۆی شتێکی شێوەییە ـ فۆرمییە و ناوەرۆک نییە، لەبەر ئەوە دەبینین بۆ نموونە ئەو (کار)ەی لە زمانی ئینگلیزیدا

دەکەوێتە پاش (بکەر)ەوە، پێویستە گونجاوی بکەرەکە بێت و گونجاوی تواناکانی ئەنجامدانی بێت، ڕستەیەکی وەکو (The ball hit the man) هەرچەندە لەڕووی یاسای ڕێزمانییەوە ڕستەیەکی ڕاستە، کەچی لۆجیکی زمانەوانی ڕەتی دەکاتەوە، چونکە (کار)ی (hit) لە دووتوێی (کار)ەکاندا نییە، واتە لەو کارانەی کە تۆپەکە ئەنجامی دەدات، بەڵکو پێویستە (بکەر)ەکە زیندوو و ژیر بێت، حەواڵەکردنی (کار) بۆ سەر (بکەر)ەکە لە خوازە شیعرییەکاندا نەبێت، دەبێ ئەم مەرجەی تێدا ڕەچاوبکرێت، ئەم چەمکەش (چۆمسکی) پشتی پێ بەست لە بواری مەرجدانان بۆ ئەو ڕێزمانە واتاییە فەرهەنگییانەی کە لە ڕێزماندا بەدی دەکرێن.

## تیۆری زمانەوانی لای چۆمسکی

چۆمسکی لە (ساڵی (١٩٢٨) لـە (فلادلفیـا) لەدایکبـووە و لە زانکـۆی (پـەنسـلڤانیا) ماتماتیـک و فەلسـەفە و زمـانی خوێنـدووە، لە هەردوو زانکـۆی (پـەنسلڤانیا) و (هارڤـارد) دکتۆرای لە زماندا هێناوە و بووەتە ئەندام لە ژمارەیەک لە کۆمەڵە زمانەوانییەکان، (چۆمسکی) بەوە دەناسرێت کە لە چەنـد بـواریێکی هەمەجـۆردا سـەری دەرهێنـاوە، ئەو توێژەرێکی بواری زانست و زمـان و فەلسـەفەیە، هەروەهـا نووسـەریشـە لـە بوارەکـانی ڕۆژنـامەوانی و سیاسـیی، هەرچەنـدە بە ڕەچەڵەک جـوولەکەیە، کەچـی دژ بە بـزووتنەوەی زایـۆنییە، لەگـەڵ مافەکـانی گەلـی عەرەبی لە فەلەسـتیندا بـووە و دژ بە جەنگـی یەکەمـی کەنـداو و داگیرکردنـی عێـراق لەلایەن ئەمەریکـا، هەروەهـا پـێش ئەوەش دژ بە جەنگـی ڤێتنـام بـوو و بیروبۆچـوونە زمانەوانییەکانیشـی لە زۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا ناسـراون، کە لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە:

**١. توانست و چالاکی:**

به ڕای چۆمسکی جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی زمان بە هەمـــوو ڕەهەنـــدە ڕێزمـــانی و وشەســـازییەکانییەوە دەزانێـت لەگـەڵ بەکارهێنـانی ئەو زمـانە، مـرۆڤ هـەر لە منداڵییەوە کۆمەڵە یاسایەکی ڕێزمانی سنووردار فێردەبێت، کە بەهۆیانەوە بە ویستی خۆی ڕستە پێکدەهێنێت و لێیان تێدەگات چ یەکجار گوێی لێ بووبێت یان پێشوەخت گوێی لێ بووبێت، بەڵام چالاکی بۆ ئەو زمـانە لەوانەیە بە هەمـان ڕێژەی زانینی ڕێزمـانەکەی نەبێت، چونکە جاری وا هەیە پراکتیزەکردنی یاسا ڕێزمانییەکان لەلایەن ئەوەوە تووشـی لادان دەبێـت و لار و لەوێـری تێـدەکەوێت، لەوانەشـــە لە یاسـا ڕێزمـانەکە لابدات و باشـتر زمـانەکە پراکتیـزە بکـات، بێگومان لەسەر ئەم بنەمایە ئەو کەسانەی لە زانینی زماندا لەیەک ئاسـتدان، لەوانەیە لەکـاتی بەکارهێنـانی زمـانەکەدا ئاسـتیان بەرز و نزمـی تێـدا بێـت، چـونکە لە بەکارهێنانـدا فـــاکتەرە دەروونـــی و کەســـی و بـــارودۆخی پەیوەنـــدی زمـــانەوانی ڕۆڵ دەگێـڕن، ئەم جیـاوازییەش لەو حـاڵەتەدا زیـــاتر دەبێـــت، کە قســـەکەرەکە دووچـــاری هەنـــدێک لە نەخۆشـــییەکانی گـــوتن بووبێـــت، وەکـــو زمـــانگێریی و فسەزمانی و هەڵەی زمانی و.......هتد، جا جیاوازی نێوان

توانست و چالاکی لای چۆمسکی وەک ئەو جیاکردنەوەیە وایە کە (سۆسێر) لەنێوان زمان و قسەدا دەیکرد، هەروەک چۆن لای (سۆسێر) زمان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە مێشکدا ڕەگی داکوتاوە، بەهەمان شێوەش (توانست) بە ڕای چۆمسکی شتێکە لەپێش قسەکردنەوەیە و لە مێشکدا دامەزراوە، هەروەک چۆن قسەکردن لەلای (سۆسێر) بەرهەمێکی تاکەکەسییە و بە بەکارهێنانی شتێکی کۆمەڵایەتی پێشوو ئەنجام دەدرێت، بە هەمان شێوەش چالاکی لای چۆمسکی تاکەکەسییە و فاکتەرە خودییەکان کاریان لەسەر دەکەن. چۆمسکی زاراوەی (Competence) بۆ (توانست) دانا و زاراوەی (Performance)ی بۆ چالاکی دانا، ئەم دوو زاراوەیەش لە هەموو زاراوەکانی تر لە تویژینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا باوترن.[1]

[1]- John Loyns, Chomsky, p 29 – 30.

**٢. وەرگرتنی زمان:**

پرســـیارێک هەیە هەمیشـــە لـــە هزرمـــان دەگوزەرێـــت، ئەویش ئەوەیە لە کوێوە توانست لەلای قسـەکەرانی زمـان دروست دەبێت؟ وەڵامـی ئەم پرسـیارە وا پێویست دەکـات بە دوای بابەتێکی گرنگدا بگەڕێین، کە لە وەرگرتنی زماندا بەرجەســتە دەبێــت، مەســـەلەیەکە چۆمســکی گرنگییەکــی زۆری پێداوە، هەموو منداڵێک تەندروستی باش بێت، ئەوا توانـــایەکی زگمـــاکی بـــۆ فێربـــوونی قســـەکردن هەیە، ئەم فێربـــوونەش لە لەدایکبـــوونەوە دەســـت پێـــدەکات و بە بەکارهێنـانی ئەنـدامانی درکانـدن، توانـای دەنگ دەرکردنـی زۆرتـر دەبێـت، پاشـانیش توانـای ئـاوێتەکردنی دوو دەنـگ بەیەکەوە لەلای منـــداڵ پەیـــدادەبێت، بـــۆ دروســـتکردنی بڕگەیەکـی وەکـو: دایکـە و بابـە، ئەم قۆنـاغەش لەڕاسـتیدا پێشەکییەکە بۆ قۆناغێکی دواتر، توانای وتنەوەی وشـەکانی لەلا زیاتر دەبێت، کە بۆ قوتابخانەکەی دوایی هەنگاودەنێت لە پێکهێنـانی دوو وشــەوە دەسـت پێـدەکات، لەم حـاڵەتەدا ئەو خێـــراییەی بـــۆ وەرگـــرتن بەدەســـتی دەهێنێـــت، بە توانـایەکی لە ڕادەبەدەر هەژمـار دەکرێـت، چـونکە تێبینـی ئەوە کـــراوە منـــداڵ نێـــوانی ســـاڵانی دووەم و پێنجەمـــدا دەتـــوانێ لە یادگـــەی خۆیـــدا کـــۆمەڵە یاســـایەکی ڕێزمـــانی

خـەزنبكات، كە توانـای دروسـتكردنی ڕسـتە و دەربڕینـی تـازەی پـێ دەبەخشـن، كـە پێشـتر نەیبیسـتوونە، بە هەمـان شـێوەش تێنەگەیشـتنی ئەو ڕسـتە تـازانەی بـۆ یەكەمجـار گـوێی لێیـان دەبێـت، وەرگرتنـی زمـان لەلایەن منداڵەوە لە قۆنـاغێكی دیـاریكراودا ڕاناوەسـتێت، بەڵام لە سـەرەتای ساڵانی تەمەنیدا خێراتر زمان فێردەبێت، پاشـان لە تەمەنـی خوێندنـدا دەگەڕێـتەوە سـەر حـاڵەتە ئاسـاییەكەی خـۆی. (چۆمسـكی) ئەو بیرۆكەیەكـی ڕەتكـردەوە، كە دەڵـێ وەرگرتنـی زمـانی دایـک و بـاوک لەلایەن منـداڵەوە تەنهـا لاسـاییكردنەوەیە، چـونكە گەر ئەمە وابێـت، دەبـوایە منـداڵ تەنهـا ئەو شـتانە فێربێـت، كە گـوێی لێیـان دەبێـت، ئەمەش بێگومان بۆچوونێكی هەڵەیە.[1]

### ٣. بونیادی قووڵ و بونیادی ڕووكەش

چۆمسـكی لەو بـاوەڕەدایە لە یەک ڕسـتەدا، دوو ئاسـتی بونیادیی هەن: یەكەمیان ناویناوە بونیـادی قـووڵ ( deep structure) و دووەمیشـیان ناوینـاوە بونیـادی ڕووكـەش (surface structure)، بە ڕای چۆمسكی ئەم دوو ئاستە

---

[1]- جیفـري سامبسـون، المـدارس اللغویـة، ترجمـة نعـیم الكـراعین، المؤسسة الجامعیة للنشر و التوزیع، بیروت، ط١، ١٩٩٣، ص ١٥٣.

له هەموو ڕستەیەکی درکێندراو یان نووسراودا بوونیان هەیە.[1] ئەگەر بێتو لێیان بەئاگابین، ئەوا توانامان لەسەر تێگەیشتنیان باشتر دەکات و وامان لێدەکات ئەو توخمە شاردراوانەی ڕستە باشتر درک پێبکەین، کە سیستەمی زمانەوانی وەکو ڕستەسازی و وشەسازی و واتاسازی و دەنگسازی کۆنترۆڵ دەکەن. بۆ نموونە گەر تێبینی ئەم ڕستەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بکەین: (Don’t go away now، ئاستی قووڵی ئەم ڕستەیە (Go away)یە، بەڵام قسەکەرەکە پاش بیرکردنەوە لە بارودۆخی ڕستەکە، بەو پێکهاتەیەی کە هەیەتی، وای پێ باش بووە خواستەکە بۆ دژەکەی قلْپ بکاتەوە، بۆیە ئامرازی نەریی خستۆتە سەر ئاستە قوڵەکە، کە وای پێویست کردووە (کاری یاریدەدەری do)ی بەکاربێنێت و واشی پێ باش بووە (ئاوەڵکار) دەستنیشان بکات، بۆیە وشەی (Now)ی بەکارهێنا، (چۆمسکی) جۆری یەکەمی ئاستەکەی بۆ (توانست) گێڕایەوە و جۆری دووەمیشی بۆ چالاکی گێڕایەوە، پاشان هەموو ئەمانە بە درێژی باسی دەکەین، ئەویش لە میانەی باسکردنی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لای چۆمسکی.

---

[1]- جيفري سامبسون، المدارس اللغوية، ص ٢٩٣.

### ٤. ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی:

(چۆمسکی) دوو جۆر ڕێزمان لەیەکتر جیا دەکاتەوە، یەکەمیان بە ڕێزمانی گشتی (universal grammar) ناویان دەنێت و دووەمیشیان ڕێزمانی تایبەتە، بە ڕای ئەو زمانەکان تێکڕا لە هەندێک سیستەمی ڕێزمانی و وشەسازی و دەنگی لەیەک دەچن، بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیە ئەوەیە، کە زمانەکان هەموو (ناو) لە (کار) جیادەکەنەوە، چونکە هەر یەک لەم دوو توخمە، شوێنی خۆی لە بەکارهێناندا هەیە و ناکرێ هەر یەکێکیان شوێنی ئەوی دیکە بگرێتەوە، هەروەها زۆربەی زۆری زمانەکان جیاوازی دەخەنە نێوان (ناسراوی) و (نەناسراوی)، زۆربەشیان نیشانە بۆ جیاکردنەوەی ژمارەکانی تاک و کۆ بەکاردەهێنن، جگە لەمەش سیستەمی دەنگی لە زمانەکاندا ئەوەندە وێکچوویی یەکدین، بەشێوەیەک ناشاردرێنەوە، ژمارەی فۆنیمەکانیش لە زۆربەی زۆری زمانەکاندا لە یەک دەچن سازگەکانی درکاندنیش لەنێوان دەنگەکانی زمانەکاندا خەریکە لەسەداسەد وەکو یەک بن، لەگەڵ شێوازە فۆنۆلۆجییەکان چ لەڕووی وێکچوون و جیاوازی و چ پێکەوەلکاندن و گەیاندن بە یەکتری و ئاوێتەکردن ......هتد، کە لە زۆربەی زۆری زمانەکاندا ناسراون، لێرەدا

کۆمەڵێک شێوەیەکی گشتی لە زمانەکاندا بەدی دەکرێن، وەکو ئەو ڕێکخستنە زۆرەملێیەی لە نێوان کار و بکەردا هەیە، چونکە هەر کارێک پێویستی بەوە هەیە، بکەرێکی لەگەڵدا بێت یان نیهاد و گوزارەیە، یان هاوشانیبوونی ئاسۆیی و ستوونی، هەرچی سەبارەت بە یاسا ڕێزمانییە تایبەتتەکانیشە، ئەوا ئەو شتانەن کە زمانێکی دیکەی پێ جیا دەکرێتەوە، بۆ نموونە زمانی چینی و ڤێتنامی هیچ جۆرە وشەکارییەک و داتاشینێکیان تێدا نییە.[1] ئەمەش شتێکە ئەم دوو زمانە لە زمانەکانی دی جیا دەکاتەوە، هەندێک زمانی دیکەش هەن، وەکو زمانی هیندۆ ئەمەریکی تاک و کۆ لە یەک جیا ناکەنەوە، زمانی عەرەبیش مۆرفیمێکی بچووککردنەوەی تێدایە، کە مۆرفیمێکە ڕووناکی دەخاتە سەر بوونی کەلێنێک، بەڵام ژمارەی ئەو مۆرفیمانەی هەڵسەنگاندن دەردەخەن، تەنها یەک مۆرفیمە، نەک دوو، هەروەک لە زمانی ئینگلیزیدا بەدی دەکرێت.

---

[1]- جيفري سامبسون، المدارس اللغوية، ص ٢٨٥.

**٥. ڕێزمانی گوێزانەوە**


چۆمسکی لەم یاسایەدا دوو جۆری خستەڕوو، کە یەکەمیانی ناونا یاسای گوێزانەوەی زۆرەملێ: ئەو یاسا ڕێزمانیانەن کە ڕستە بەبێ بەکارهێنانیان سازناکرێت، هەرچی سەبارەت بە ڕێزمانی گوێزانەوەی ئارەزوومەندانەیە: ئەوا جۆری دووەمە لە هەردوو حاڵەتی بەکارهێنانیان و بەکارنەهێنانیان ڕستەکە ڕاست دەردەچێ، وەکو یاساکانی بکەرنادیار، چونکە ئەمە ئارەزوومەندانەیە، قسەکەر یاخود نووسەر پەنای بۆ دەبات، بەڵام بە بەکارهێنانی ئەم یاسا ئارەزوومەندانەیە ناچار دەبێت بەوەی یاسای ڕێزمانی دیکە بەکاربێنێت، ئەویش بۆ پاراستنی ڕاستی و دروستی ڕستەکە، ئەو یاسایانەش یاسای ڕێزمانی زۆرەملێن، بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

**١. یاریزانەکە لە تۆپەکەی دا.**

**٢. تۆپەکە لەلایەن یاریزانەکە لێدرا.**

ئەگەر لە هەردوو ڕستە تێڕامێنین، ئەوا دەبینین ڕستەی دووەم بە (بکەرنادیار) دەستی پێکردووە، ئەمەش بژاردەیەکە کە زۆرجار قسەکەر لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ دەبات، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بکەرەکەی دواخستوە، کە یاریزانەکەیە و بەرکارەکەشی پێشخستووە، کە

تۆپەکەیە، بۆ ئەو مەبەستەش حاڵەتی شلۆڤەیی گۆڕیوە، لەجیاتی ئەوەی کە (مەنسووب) بێت، بووەتە (مەرفووع)، ئەمەش وای لە ڕێزمانناسەکان کردووە، ئەم حاڵەتە تازەیە بە (جێگری بکەر) وەسف بکەن، بکەرەکەشی شوێنەکی دواخراو و لەپێشیدا ئامرازی پەیوەندی هەیە، کە (لە)یە. جگە لە یاسای یەکەم، کە (بکەرنادیار)ە، دەبینین یاساکانی دی هەموو زۆرەملێن، لێرەشدا هێڵکارییەک دەکێشین، کە پەیوەندی ئەم دوانەییانە لەلای (چۆمسکی) دەخاتەڕوو:



## ڕێبازەکانی توێژینەوە لە زماندا

### ڕێبازی وەسفی Descriptive Approach

لە سەرەتای ئەم بەشەدا پێویستە ئەو شتانە بهێنینەوە یاد، کە لە بەشەکەی پێشووتردا وتران، کە لە سۆسێر (saussure) - باوکی ڕاستەقینەی زمانەوانی نوێیە ـ ڕێبازێکی لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکان داهێنا، کە توێژینەوەی ئێستایی ـ هاوکات ـ سانکرۆنی) (Synchronically)بوو، ئەم ڕێبازەش قەت گرنگی بە مەسەلەی بەدوای یەکهاتن نادات، کە پرسەکانی زمان لە چوارچێوەی زنجیرەیەکی کاتیدا باس دەکات، بەجۆرێک توێژەر دەست بە باسکردنی بابەتەکە لە کۆنەوە تا دەگاتە تازەکە باسدەکات و ئیدی بەمشێوەیە، ئەمەش توێژینەوەیەکە تیشک دەخاتە سەر زمان لە کاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراو و وازی لێناهێنێت، جگە لەو شوێنکاتەش، شوێن و کاتی دیکە ناخاتە چوارچێوەی

باسەکەوە.[1] ئەوەی سۆسێر مەبەستێتی ئەوەیە زمان بە شێوەیەکی وەسفیی نەک مێژوویی یان پێوانەیی، توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت، جا پێشینەکان کاتێک گرنگیان بە زمان دەدا، لەبەر ئەوە بوو تا بەدواداچوون بۆ ئەو پێشهاتانە بکەن، کە بەسەر زماندا دێن، بەتایبەتی ئەو لادانانەی تێدا ڕوودەدەن، ئەویش بۆ بەرەنگاربوونەوە و پاراستنی پاکی و بێگەردی زمان، ئەمەش ئەو ئامانجە بوو کە بە (فقهی زمان) یان (فیلۆلۆژیا) (philology) سپێردرا، لەبەر ئەوە پاش سەرهەڵدانی پەرتووکەکەی سۆسێر (کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتی)،[2](ڕێبازەکانی توێژینەوە) فرەجۆرییان بەخۆوە بینی، ئەوانەی لەژێر کاریگەری ئەم ڕەوەشەدا بوون

[1]- بڕوانە: أوزوالد ديكرو و آخرون: المعجم الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة منذر عياشي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ط١، ٢٠٠٧، ص ٣٠٢، هەروەها بڕوانە: حنون مبارك، المدخل للسانيات سوسير، طوبقال للنشر، الدار البيضاء، ط١، ١٩٨٧، ص٥٥ - ٧٢.

[2]- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ط١، ١٩٨٨.

(فرانز بواز Boaz)ی ئەمریکی بوو (١٨٥٨ – ١٩٤٢) [١]، کە بە یەکێک لە ڕێزماننناسە وەسفییەکان هەژماردەکرێت، جا لێرەدا با بزانین ڕێبازی وەسفی چییە؟ و کێ پێشەنگی ئەم ڕێبازە بووە؟ ئەو بنەمایانە چین، کە توێژینەوەی وەسفی پشتی پێ دەبەستێت؟ ئایا توێژینەوەی زمانەوانی عەرەبی وەسفی یاخود ناوەسفی بووە؟

توێژینەوە زمانەوانییەکان هەر لە ساڵی (١٩١١)ەوە، کە (بواز) پەرتووکێکی بچووکی دەرکرد و تێیدا وەسفی هەندێک لە زمانەکانی هیندۆ ئەمریکی کرد، [٢] (Handbook of American Indian Languaguages)، لەم پەرتووکەدا تەنها باسی سێ لە زمانە بەراییەکان دەکرد، لەو زمانانە بۆ نموونە زمانی (هۆبی) باسکردووە و کۆمەڵە تێبینییەکی تێدا خستۆتە ڕوو سەبارەت بەو خەسڵەتە تایبەتیانەی کە لە زمانە ئەوروپییەکان جیای دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەیکەنە ئامرازێک بۆ تێگەیشتنی شارەزاییەکان و ئەو ئەزموونانەی

---

[1] -John Loyns, Chomsky, Fontana press, 3thed, 1991, p27-29.

[٢] - جيفري سامبسون، المدارس اللغوية، ترجمة نعيم الكراعين، المؤسسة الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، ط١، ١٩٩٣، ص٥٩.

ئەو کەسانە هەیانە، کە بەو زمانە قسەدەکەن. (بواز) لەم بوارەدا پشتی بەو تێبینیانە بەست، کە لە ڕێزمانی زمانەکەدا هەن و هەندێکیان دیار نین، ئەمەش ئاماژە بە کاتی (کار)ەکە دەکات، کە ئایا (کاری ڕابوردوو)ن یان ئاماژەن بۆ ئێستا، بۆ نموونە هەردوو مانای ( He was coming) و (He is coming)، بە یەک دەربڕین گوزارشتیان لێدەکرێت، جاری واش هەیە بۆشایی دروست دەبێت و ئاماژە بە (کۆ) دەکات، (بواز) وەسفی دەنگ و بڕگەکان و شێوازەکانی کردووە، بەڵام تویژەرێکی وەسفیی کە قوتابییەکی زۆری هەبوو و لەژێر کاریگەریدابوون، لیۆنارد بلۆمفلید(Bloomfield) (١٨٨٧ – ١٩٤٩) بوو.

بلۆمفیلد لەژێر کاریگەری ئەو قسانەدا بوو، کە (بواز) لە پەرتوکەکەیدا باسی کردبوو، ئەم کاریگەریەشی بە ڕادەیەکی زۆر بوو، هەروەها لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕەوشتکاریی دەروونناسیدا بوو، لەبەر ئەوە ئەو وەسفە زمانەوانییەی پشتی پێ دەبەست، ئەو وەسفە بوو، کە لەسەر پایەی تێبینیکردنی قسەدرکێندراوەکە دەوەستێت، نەک ئەو زمانەی کە دەخوێندرێت و پێشتر لەلایەن قسەکەرانەوە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، ئەو لەسەر بونیادی

ئەو قسـەیەی کە هەرِەمەکیـانە دەوترێت، وەسـفی زمـانی کـرد و خـۆی لە بەکارهێنـانی پرسـیار بە دوورگـرت، بـۆ نمـوونە پرسـیاری وەکـو: چـی دەڵێیـت ئەگەر؟ چـۆن دەتوانیـت ئەم قسـەیە لە زمانەکەتـدا بڵێیـت؟ .....هتـد، ئەم زمانەوانە راستگۆیانەتر و بابەتیانەتر وەسفی زمـانی کـرد و خۆی لە خەملاندن و هەڵسەنگاندن و مۆرکە کەسییەکان بە دوورگرت[1].

گرنگتـرین خەسـڵەتەکانی رِێزمـان لای (بلۆمفیلـد) تێرِوانینی زمـان بە شـێوەیەکی رِەهـا بـوو بەدەر لە بیـرورِا کۆن و دێرینەکانی پێشوو و برِیارە پێشـوەختەکانی وەکو: ئاخاوتن سێ بەشە: ناو، کار، پیت،[2] تەنانەت دەبێ ماناش لە تـوێژینەوەی رِێزمانییـەکان بەدووربگرێـت، چـونکە ماناکـان بە رِای ئەو لەرِێـگەی واژە وروژێنەرەکـانەوە پەیـدا دەبێـت، بەو حیسـابەی کە وەلامدانـەوەیـەکی رِەوشـتکارییە و لە ئەنجـامی وروژێـنەرە قسـەییەکانی دیکەوە سەرهەڵدەدەن، هەروەک لە چیرۆکی کچەکە(جێل) و برادەرەکەی (جاک) و سێوەکەدا بۆمان دەرکەوت.[3]

---

١- جیفري سامبسون، المدارس اللغویة، ص ٦٦- ٦٧ .

٢- جیفري سامبسون، المدارس اللغویة، ص ٦٨.

٣- جیفري سامبسون، المدارس اللغویة، ص ٧٠.

تــوێژینەوەی ڕێزمــانی لای بلۆمفیلــد ـــ هەروەكــو لە بەشەكەی پێشوودا باسمان لێوە كرد، شیكردنەوەی زمانە بە ئامانجی دۆزینەوەی پێكهاتەكان و دەست خستنە سەر پێكهاتە ڕێزمانییەكانی، ئەویش بە ئامانجی ناسینی ئەو بونیادانەی تیشك دەخەنە سەر دروستكردنی ڕستە.

جا هەریەك لە (ئیدوار ساپیر) و قوتابیەكەی (بنیامین لی وۆرف)، كە پێشتر لە شوێنێكی دیكەدا باسمان كرد، بە پێشەنگی ڕێبازی وەسفیی هەژماردەكرێن، هەردووكیشیان بەو گریمانەیە ناویان دەركرد، كە بە (گریمانەكەی ساپیر – وۆرف) Sapir – whorf hypothesis ناسراوە.[١] كورتەی ئەم گریمانەیەش ئەوەیە، كە جیاوازیی لەنێوان زمانەكاندا تەنها جیاوازی نییە لە شێوازەكانی گوزارشتكردن لە كۆمەڵێك شارەزایی و ئەزموون، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك دوو زمان لەم جیهانەدا بوونیان نییە، كە لەیەك بچن و بە یەك شێوە بن، كە گوزارشت لە هەمان واقیعەكە بكەن، جا لەبەر ئەوەی زمان ئەم شارەزاییە دەستنیشان دەكات و شارەزایش مەسەلەیەكە

١. هدسون، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة محمود عبدالغني عياد، مراجعة عبدالأمير الأعسم، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٨٧، ص ١٦٧.

جیـاوازیی هەیە و لە میللەتـێکەوە بـۆ میللەتێکـی دیـکە جیـاوازە. کەواتە لەسـەر ئەم بنەمـایە زمانەکـانیش لەگەڵ یەکدیـدا جیاوازییـان دەبێـت،[1] ئەو وشـەیەی لە زمـانی (هۆبی Hopi)یدا ئاماژە بۆ (هەور) دەکات، دەکەوێتە پاش ناسـراوەکە، کە کـائینە زینـدووەکەیە، ئەم حـاڵەتە لای (هۆبییەکان) شرۆڤەیەکی هەیە، تاکی هـۆبی لە نوێژەکانیدا گوتـار ئاراسـتەی هەورەکـان دەکـات و ئەو وشـانە بەکاردێنێـت کە ئاراسـتەی کـاتێکی زینـدوو دەکرێـت، بەو شـێوازەش (کۆ)یـان بـۆ بەکارێنێـت، کە بـۆ کـائینە زینـدووەکان بەکاردێـت، وەکـو ئەو نـاوانەی ئامـاژە بـۆ زینـدووەکان دەکەن، نەک شـتە متبووەکـان و نازینـدووەکـان،[2] بەڵام لەبەر ئەوەی زمـانی (هـۆبی) هـیچ ئامـاژەیەکی بـۆ (کـات، زەمەن) تێـدا نیـیە، کە لە زمـانە ئەوروپییەکانـدا بوونی هەیە، ئەمـەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیانیـان لەگەڵ ژیـانی ئەوروپییەکانـدا جیـاوازی هەیە، بێگومـان گەر هۆبییەکـانیش وەکـو ئەوروپییەکـان تیـۆری زانسـتی ورد و ئاڵۆزیـان بەرەوپـێش ببـردایە، وەکـو

---

١- جیفري سامبسون، المدارس اللغوية، ص ٨٥.

٢- جیفري سامبسون، المدارس اللغوية، ص ٨٧.

ئەوروپییەکـان ئەوا لەو حاڵەتـدا یاسـاکانی فیزیـا لایـان جۆرێکی دیکە دەبوو.[1]

گەر بە دوای ئەم بـابەتەدا بچـین و بەوردی زمـانەوانە وسـفییەکان بـاس بکەیـن، ئـەوا تـویژینەوەکە زیـاتر درێـژدەبێتەوە، لەبەر ئەوە تەنهـا ڕێبـازی وەسـفی بـاس دەکەیـن، چـونکە ئەم ڕێبـازە لە زمـانە زینـدووەکان دەکۆڵێتەوە و زمانە کۆنەکان وەلادەنێت، لێکدانەوەی زمانە کۆنەکانیش ناچارمـان دەکـات بگەڕێینەوە بـۆ تـوێژینەوەی قۆناغبەندی مێژوویی، ئەم کارەش لەگەڵ ڕێبازی وەسفی دژاودژ دەبێـتەوە. گەر مەبەسـتمان لە تـوێژینەوەی زمـانەوانی تێگەیشـتنی زمـان بێـت بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامـانجە کردارییەکـان چ لەڕووی وابەسـتەکی چ لەڕووی هزری و گوزارشتکردنەوە، ئایا لەم حاڵەتەدا توێژینەوەی زمـانە دێرینەکـان لەم ئاسـتەدا چ سـوودێکی هەیە؟ لەبەر ئەوەی ڕێبـازی وەسـفی بەدواداچـوونی ورد لە بـواری بەسـتنەوەی وانەکە بە ئەرکەکـانەوە ڕەچاودەکـات، ئەوا گرنگیـدانی بـۆ نمـوونە بە ڕێزمـان و یاسـاکان، تەنهـا لە بـواری ئەرکـی (پراگمـاتیکی) دایە و زۆر گرنـگ نیـیە بەلایەوە لە هۆکـارە فێرخـوازیی و عەقڵیەکـانی ڕێزمـان

[1]- جیفري سامبسون، المدارس اللغوية، ص٨٩.

بکۆڵێتەوە، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا: ئایا چ شتێک (بکەر)ی (ڕەفع) کردووە؟ ئایا بۆچی (گوزارە) (ڕەفع) کراوە؟ بۆچی (پیت) بیناکراوە و (موعەڕب) نییە؟ ئایا بۆچی (کاری ڕانەبوردوو) (موعەڕب)ە، کەچی (کاری ڕابوردوو) و (کاری داخوازی) (موعەڕب) نییە؟ هەروەها ڕێبازی وەسفی گرنگی بەو مەسەلانە نادات، کە ڕێزماننناسەکان مشتومڕی زۆریان لەسەرە، بۆ نموونە وەکو: ئایا (بەڵێ) ناوە یاخود کارە؟ ئایا پێنج ناوەکە (الاسماء الخمسة) بە بزوێنی کورت یان بە هێماکانی ئیعرابی لاوەکی (الألف و الواو و الیاء) شیدەکرێنەوە؟ زمانەوانی وەسفی زیاتر گرنگی بە شیکردنەوەی قسە دەدات، بۆ ئەوەی ئەو بونیادانەمان پێ بناسێنێت. کە کۆنترۆڵی پرۆسەی داڕشتنی ڕستە دەکەن، یان هەڵوەستە لەسەر ڕوونبوونیماناکە دەکەن، یان سروشتی بونیادەکانی وشەسازی دەخەنەڕوو، لەبەر ئەم هۆیە ڕێبازی وەسفی گرنگییەکی زۆر بە زمانی درکێندراو(ئاخاوتن) دەدات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زمانە نووسراوەکە بە یەکجارەکی وەلانانێت، بەڵکو زۆر لەو گرفتانەی بەرەنگاری تویژەر و ڕێزمان و دەنگ و

مۆرفۆلـۆجی دەبـنەوە، ڕێبـازی وەسـفی چارەسـەریان دەکات.

لە ڕووی واتاسـازییەوە، تـوێژەری وەسـفی گرنگـی بەو گۆڕانکارییە نادات، کە دووچاری واتا هەمەجۆرەکانی واژە دەبن، بەڵکو یەکسـەر هەنگاو بەرەو ئەو مانـایە دەنێت، کە واژەکە لە کـاتی بەکارهێنانـدا دەیگەیەنێـت، بـۆ نمـوونە لـە زمـانی عەرەبیـدا وشـەیەکی وەکو (جبهـة، بەرە) ئامـاژە بە مانـایەکی سـەربازیی ناسـراو دەکـات، بەڵام لە ڕابـوردوودا مانای کۆمەڵە ئەسپێکی دەدا بەدەستەوە، لەم حاڵەتەدا گەر تـوێژەر ڕێبـازە مێـژووییەکە پەیڕەوبکـات، ئەوا دەبـێ ئەو هۆیـانە دەربخـات، کە مانـا و ئاماژەکـانی ئەم وشـەیەی بە درێژایی مێژوو گۆڕیوە، بە هەمان شێوەش وشەی (دبابة) لـە زمـانی عەرەبیـدا بە ئـامرازێکی سـەربازی ناسـراو دەووترێت، وەسفکار تەنها بەس مانا بەکارهێنراوەکەی ناو ریسـکەکە باسـی دەکـات، کەچـی ئەو کەسـەی کە ڕێبـازی مێژوویـی پەیـڕەو دەکـات دەبـێ بـاس لەوە بکـات کە ئەم وشـەیە لەزمـانی عەرەبـی دێرینـدا بەهەمـوو ئاژەڵێـک دەوترێت کە لەسەر زەویدا بڕوات.[١]

---

[١]- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: اسماعیل عمایرة، المستشرقون و المناهج اللغویة، دار وائل للنشر، عمان، ط٣، ٢٠٠٢، ص ٩١ ـ ١٢٦.

هەروەهــا ڕێبــازی وەســفی لەمیــانەی باســکردنی دەنگەکانـدا هەڵوەسـتەیەکی سسـت دەکـات و ئەو شـتانە دەخاتەڕوو، کە ئادگارەکانی دەنگێک لە دەنگێکی دیکە جیا دەکەنەوە، بە هەمــان شــێوە کاریگەرییەکــانی نێوانیــان لێکــدەداتەوە و زارەکــان و بنەماکــانی دروســتبوون و بڵاوبوونەوەشــیان دەخــاتە ڕوو و نەخشــەی جــوگرافی پێشکەش دەکات، بەجۆرێک سنووری زمانە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان نمایان بکات، ئەوەی جێی سەرنجڕاکێشانە، زانستەکانی زمانی عەرەبی لە سەرەتاوە وەسفی بوون، بەڵـگەش لەســەر ئەم قســەیە ئەوەیە، کە زمـانی عەرەبـی پشــتی بە (گــوێگرتن) دەبەســت، نەک (پێوانــەکردن)، هەروەهــا پەیوەنــدی نێــوان قســەکەرانی بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ دەکـردە بنەمـا و لە زمـان وەردەگیـرا، لەبەر ئەوەی بــابەتی ئەو زمــانەی کە دەخوێنــدرێت، بــابەتێکی درکێندراوە و تازەیە و بابەتێکی کۆن و ماوە بەسەرچوو نییە، بەگشتی عەرەبیزانەکان خۆ بەگەورەتر دەزانن لەوەی کە لە ڕۆژنامەکانەوە زمان وەرگرن، بە هەمان شێوەش بۆ زمانەوانەکــانی دی ئەم حاڵەتەیــان بە عەیــب دەزانــی و ڕەخنەیان لێ دەگرت، ئەمەش لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی ڕوونە لەســەر ئەوەی لایەنــی وەســفی لە زمــانی عەرەبــی کۆنــدا

بـوونی هەیە، هەنـدێک لە تـوێژەرانیش تێبینـی ئەوەیـان کردووە کە کوفییەکـان لە بەسرییەکان وەسـفگەرتربوونە، چـونکە بەسـرییەکان لە بـواری پێوانـەدا ڕۆچووبـوون و لە (گوێگرتن) زیاتر پشتیان پێ دەبەست.

پـاش ئەوەی ڕێزمـانی عەرەبـی لە بـواری پێوانـەدا دووچـاری تەسکبوونەوە بـوو، هەنـدێک لە ڕێزماننناسـەکان بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد، کە تەنها وەسف بکەنە بنەما، ئیـدی واز لەو جیاکـاریی و مشـتومڕەیە بێـنن، کە لای ڕێزماننناسـانی دێـرین هەبـوو، هەروەهـا هۆکـار و پاسـاوە فێرخـوازی و عەقڵییەکـان وەلابنـێن، هەروەکـو لای (ئیـبن مـەزا قرتبـی) تێبینـی دەکرێـت، کە خـاوەن پەرتـووکی (وەلامدانەوەی ڕێزماننناسەکان)ە، (قرتبی) لەم پەرتـووکەدا بانگەشـەی بـۆ لابردنـی فـاکتەری ڕێزمـانی دەکـرد، بەڵام بەداخەوە فـاکتەرێکی دیـکەی هێنـایە گـۆڕێ، کە فـاکتەری خوایی بوو.[1]

---

١ـ ابن مضاء القرطبي، كتاب الرد على النحاة، تحقيق شوقي ضيق، دار المعارف، مصر، ط٢، ١٩٨٢، ص ١٣٠، هەروەها بڕوانە: على زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٨٦، ص١٧.

**پیادەکردنی وەسفی**

ڕێبازی وەسفی پشت بە ڕێگە و شێوازە ڕێکەکانی دەبەستێت، ئەوانیش بریتین لە: جێگۆڕکێ، گونجاندن، گوێزانەوە، بەڵگەخوازیی، توێژینەوەی چەندێتی).

جێگۆڕکێ نموونەکەی ئەوەیە، کە لەکاتی قسەکردندا بۆ نموونە بڵێیت: ماڵەکەم، خانووەکەم، ماڵەکەت، خانووەکەت، ماڵەکەی، خانووەکەی، ماڵەکەمان، خانووەکەمان. لێرەدا لە هەموو وشەیەکدا جێناوەکەمان بە جێناوێکی دیکە گۆڕیوە و ئەنجام مانا پوختکراوەکەی هەردوو ناوەکە و جێناوەکە لە ئەنجامی پێکەوەلکانیان وەکو یەک مانا ماونەتەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش وا دەگەیەنێت ئەو جێناوانەی دووبارە دەبنەوە، یەک ئەرک ئەدا دەکەن، کە واتای خاوەنداریێتی (ماڵەکەیە: خانووەکەیە)، ئەم جێناوەش پێگەیەکی هەیە، کە لە ڕێزمانی عەرەبیدا بە (دیارخەر) دەناسرێت، لەمەوە یاسایەکی گشتی هەڵدەهێنجین، کە ئەمەیە: هەر جێناوێک لەم جێناوانە جێگەی ئەوی دی دەگرێتەوە، کەواتە جێناوەکان سەر بە یەک شێوازن.[1]

[1]- روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ترجمة عبدالقادر المهيري، مركز دراسات وحدة العربية، بيروت، ط١، ١٩٩٠، ص٤٣.

گونجاندنیش پشت بە تێبینیکردنی ئەو وشانە دەبەستێت، کە یاوەری یەکترین، بۆ نموونە کە دەڵێیت: زمانی ئینگلیزی بەباشی یاخود بەتەواوەتی فێربوو: لێرەدا وشەی (فێربوون) سوودی جەختکردنەوە دەدات بەدەستەوە، وشەی (بەباشی) بووە (ئاوەڵناو)، بەڵام تۆ ناتوانیت بڵێیت فلانە کەس بەتەواوەتی و بەباشی نەخۆشکەوت، وەکو وەسفکردن یان جەختکردنەوەیە، لێرەدا تویژەری وەسفکار ئەم یاسایە هەڵدەهێنجێت، ئەویش ئەوەیە کە هەموو کارەکان بۆ جەختکردنەوە دەست نادەن، ئێمە ناتوانین لە زمانی ئینگلیزیدا بڵێین: I him saw لەجیاتی: I saw him لە زمانی عەربیشدا ناتوانین بڵێین (أعطاەک)، کەچی دەتوانین بڵێین (أعطاکە: پێتبەخشی)، چونکە پرۆسەی گونجاندنەکە لە پێکهاتەکەی پێشوودا بۆ یاسایەکی ناپەسەند پەلی هاویشت، لەبەر ئەوە دەڵێین کە لە زمانی عەرەبیدا ناکرێت (بەرکار) لە حاڵەتی جێناوی لکاو پێشبخرێت، ئەویش گەر ئاماژە بە نادیارێکی سەر بکەری دووەم بکات، کە لە خودی خۆیدا جێناوێکە ئاماژە بۆ بەرانبەرەکە دەکات، لێرەدا دەبێ جێناوی بەرانبەرەکە (ک) پێش نادیارەکە بکرێت، کە (هـ)ەکەیە[1].

---

[1]- روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ص ٤٨.

سەبارەت بە شێوازی گوێزانەوەش، کە وەسفییەکان پشتی پێ دەبەستن، ئەوا لەسەر تێبینیکردنی ئەو پێشهاتانە دەوەستێت، کە بەسەر ڕستەکەدا دێن، وەکو گوێزانەوە بە زیادکردنی شتێک لێرەو لەوێ، ئەم نەخشەیەش گوێزانەوەکە وەک نموونەیەک ڕوون دەکاتەوە:

| | |
|---|---|
| قسەدەکات | قسەی نەکرد |
| دێت | نەهات |
| دەوڵەمەند بوو | دەوڵەمەند نەبوو |

لێرەدا گوێزانەوە بە زیادکردنی ئامرازی (نە)ەوە ڕوویدا، لەوانەشە گوێزانەوە بە پێشکەشکردنی وشەیەک بێت، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و بەپێچەوانەشەوە، لەوانەشە بە پەنابردن بێت بۆ (بکەرنادیار: passive voice) یان بەهۆی داتاشینی ڕستەیەک بێت لە ڕستەیەکی دیکەوە یان لە چەند ڕستەیەکەوە بێت،[١] وەک ئەوەی بوترێت:

**مارسیدسەکەی بە هەزارەها دراو کڕی.**

ئەم ڕستەیە ژمارەیەک ڕستە لەخۆ دەگرێت، کە ئەمانەن:-

١. روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ص٥٠.

**١. ئۆتۆمبیلێکی کڕی.**

**٢. جۆری ئۆتۆمبیلی مارسیدس.**

**٣. نرخی ئۆتۆمبیلەکە چەند هەزارێکە.**

**٤. بە کاش پارەکەی داوە.**

هەرچی شێوازی (بەڵگەخوازیی)یە، لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە وەسفکاری زمانەکە بەڵگە لەسەر چەند شتێک بۆ چەند شتێکی دیکە بهێنێتەوە، وەکو: زەید تەڵاقدانی دەوێت، لێرەدا وەسفەکەش بەمشێوەیە هەڵدەهێنجرێت: زەید ژنی هێناوە، ژنهێنانەکەی بە کێشەیە، بەڵام ئەگەر بوترێت: زەید لە مەسەلەی تەڵاقدانەکەدا مکوڕ نییە و لە دڵەڕاوکێدایە، ئەویش لەبەر منداڵەکان، لەم حاڵەتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەمێژە ژنی هێناوە و منداڵی هەیە.

لەوانەشە جاری وا هەیە وەسفییەکان پەنابەرنە بەر توێژینەوەی زمان بە پشت بەستن بە شتێک، کە بە توێژینەوەی چەندێتی ناوزەند دەکرێت، ئەمەش خەسڵەتێکە لە بواری توێژینەوەدا کە لە بواری ئابوورییەوە بۆ زانستەکانی زمان گوازراوەتەوە، توێژەر لەم حاڵەتەدا یاسا زمانەوانییەکان هەڵدەهێنجێت، ئەویش بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی، بەتایبەتی گەر چەمکەکە قابیلی

ژمـاردن و ئامـارکردن بێـت[1]. لە حاڵەتێکیشـدا گەر بڵێـین زمـانی عەرەبـی هـاوچەرخ خەریـکە واز لەم وشـە کۆنـانە دێنێت، وەکو (حمو) و (فو)، ئەوا پێویستە لەسـەرمان لەم حاڵەتـدا بەدواداچـوون بـۆ ئەم مەسـەلەیە بکەیـن لە زۆر نموونەی درکێندراو و نووسراو، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەم گریمـانەیە ڕاسـتە یـاخود نە، یـاخود نـزیکە لە ڕاسـتییەوە، پاشـانیش دەگەڕێیـنەوە سـەر باسـکردنی ئەم بیـرۆکەیە، ئەوکاتەی باسی ڕێبازی ئاماری دەکەین.

**ڕێبازی مێژوویی**: historical approach

گرنگتـرین ئەو شـتانەی ڕێبـازی مێژوویـی لە ڕێبـازی وەسفی جیادەکەنەوە ئەوەیە، کە ڕێبازی مێژوویی گرنگی بە زمـانی کـۆن دەدات، کە لە پـێش هەمـوو کارەکـانی گرنگیدانـە بە سـەرچاوەکان، وەکـو پەرتـووکە ئـاینییە پیرۆزەکـان و پەرتـووکە ئەدەبـی و شـاکارە بـەرزەکان و شـیعری ئەفسـانەیی، شـیمانەی ئەوەش هەیە گرنگـی بە نەخـش و ڕەنـگ و تابلۆکـانی نـاو ئەو دەقـانە بـدات، کە گوزارشـت لەو پێشـڤەچوونە دەکـات زمـان بڕیـویەتی چ لە ڕووی سیستەمی نووسین و چ لە ڕووی ڕستەسازی و چ

---

[1]- روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ص ٥٤.

له ڕووی وشەسازی و چ له ڕووی داتاشراوییەوه، هەروەها ئەم ڕێبازه باس لەوه دەکات که زمانێک له زمانەکان لەوانەیه بۆ ڕەچەڵەکێکی زمانی دیاریکراو بگەڕێتەوه، وەک ئەوەی زمانی عەرەبی له زمانی سامییەکانەوه بنەچەی گرتووه – گەر ئەم گریمانەیه ڕاست بێت، که ڕۆژهەڵاتناسان باسی لێوه دەکەن[1]. هەروەکو دەربارەی زمانەکانی فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالی دەوترێت، که له زمانی لاتینییەوه سەرچاوەیان گرتووه، که زمانی پەرتووکی پیرۆز بوو له چەرخەکانی ناوەڕاستدا[2].

---

[1]- بڕوانه: بيار أشار، سوسيولوجيا اللغة ترجمة عبدالوهاب ترو، عويدات للنشر، بيروت، ط١، ١٩٩٦، ص١٥. هەروەها بڕوانه: اسماعيل عمايرة، المستشرقون و المناهج اللغوية، ص٢١.

[2]- اسرائيل و لفنسون، تاريخ اللغات السامية، دار القلم للنشر، بيروت ـ لبنان، بلا تاريخ، ص ٩ ـ ٢٥ ، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی شلاسەر یەکەم کەسه که دەستەواژەی سامی و سامییەکان بەکارهێنابێت، که له تەوراتەوه وەریگرتووه، و له دەی سەفەری تەکویندا دەڵێت: ئەمه لەدایکبووی نەوەی نوحه: سام، حام، یافس، که پاش تۆفانەکه ئەم مندڵانەیان بوو، بڕوانه: التهامي الهاشمي، بعض مظاهر التطور اللغوي، دار النشر المغربية، دار البيضاء، ١٩٧٨، ص ٤١ ـ ٤٢.

له كــۆنەوە لە زانســـتەكانى زمـــانى عەرەبيــدا چەنــد ڕواڵەتێكى ڕێبازى مێژوويى پەيدابوون، (ڕازى) گرنگى بە بەدواداچوونى ئەو وشە تازانە دەدا، كە لە زمـانى عـەرەبى پاش ئيسلام سـەريان هەڵدا، ئەويش لە پەرتـووكى (الزينـة في الكلمات الأسلامية)[1]دا، كە ماناى ئەو واژانەى تێدايە، كە لە زمانى جاهيليدا بەكاردەهێنران؟ ژمـارەيەكى ديـكەش لەو زانايـانە گرنگيـان بە زارەكـان دەدا چ ئەو زارانــەى كە ماون و ئەوانەى لەنـاوچوونە، هەروەهـا باسيان لەو زارانە كـردووە، كە كاريگەريـان لەسـەر زمـانە هاوبەشـەكە هەيە، كە زمـانى قورئـانى پيـرۆزە، هـەروەهـا بەدواداچوونيـان بـۆ دياردەى ئـاواز و شـێوازى گشـتى و دزەكردنـى وشـەگەلى دى لە زمـانى ديـيەوە كـردووە، بەڵام ژمـارەيەكى كەميـان گرنگيـــان بە پـــاككردنەوەى زمانەكـــان داوە لەو وشـــە دزەكردووانە بۆ ناو زمانى پەتى[2].

ڕێبـازى مێژوويـى زيـاتر لە لايەنە واتاييەكەيـدا نمايـان دەبێـت، ئەم ڕێبـازە بەرانـبەر بەو وشـانە ڕادەوەسـتێت و

---

[1]- الرازي ابو حاتم (٣٢٢هـ)، الزينة في الكلمات الأسلامية، تحقيق حسين فضل الله، القاهرة، ط٢، ١٩٥٧.

٢- بڕوانە: ماريو باى، أسس علم اللغة، ترجمة احمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢، ١٩٧٦، ص ٤٣ ـ ٤٥.

پرســـياريان ئاراســـته دەكـــات، ســـەبارەت بە بنـــە و بنەچەكانيـان و پێشـڤەچوونى مێژوويـانيش بە پـلە دوو و ئينجـا مانـاى هەنووكەيـان و چـۆنيەتى بەكارهێنانيـان لە قۆنـاغى دواييـدا، هەروەهـا لقێكـى ديـكە لە دووتـوێى تـــــوێژينەوەى واژەكانــــــدا هەيە كە ئيتمۆلۆژييـــــــــە (etymoplogy)، ئەم لـقەش گرنگـى بە مێـژووى قسـە دەدات، لقێكـــــــــــى ديـــــــــــكەش هەيە، كە (واتاسـازى)يە(semantics)، گرنگى بە تـوێژينەوەى ئەو واتايانە دەدات، كە ئەم واژانە ئاماژەى بۆ دەكەن، جا لەو دوو لقەى كە پێشـوو باسمان كرد، لقى سێيەم پەيدابوو، كە دەكــرێ بە لقــى فەرهەنگســازى (Lexicography) ناوزەند بكرێت،[1] واتە: هونەرى پۆلێنكردنى فەرهەنگ، لەم بـوارەدا پێويسـتە ئامـاژە بەوە بكەيـن زمانەكـانى ڕۆژاوا گرنگييەكـى زۆريـان بە بـوارى پـۆلێنكردنى فەرهەنـگە مێژووييەكـان بـۆ زمانەكانيانـدا، وەكـو زمـانى ئينگليـزى و ئەڵمـانى و ....هتـد، بەڵام لە زمـانى عەرەبييـدا - مخـابن - فەرهەنگى مێژوويى نە لە كۆن و نە لە تـازەدا بـوونى نييە، هەرچەنـدە فەرهەنگـى هەمەجـۆر هەن، كە دەكـرێ وەكـو فەرهەنگـــى مێژوويـــى بەكاريـــان بێنـــين، وەكـــو ئەوەى

---

١ـ اسماعيل عمايرة، المستشرقون و المناهج اللغوية، ص٣٢.

سەبارەت بە (ڕازی) و پەرتووکەکەی کە ناوی (الزینة في الکلمـــات الأســـلامیة)یە[1]باســـمانکرد. نووســـەر ئەم پەرتـــووکەی بە نیەتـــی ئەوە نەنووســـیوە، کە ببێـــتە فەرهەنگێکـی مێژوویـی، بەڵام بەگـوزەرکردنی کـات بـووە ئەو شـتە، بـۆیە کاتێک کە بـۆی دەگەڕێینەوە، دەبینـین ئەو مانایانەمـان بـۆ دەستنیشـان دەکـات، کە واژەکـان پـێش ئیسلام و دوای ئیسلام پەیوەندییان پێوە هەبوو، بە هەمـان شێوەش فەرهەنگی (أساس البلاغة ـ بنەمای ڕەوانبێژی)ی (زەمەخشـەری) (٥٣٨ هــ)، نووسـەرەکەی بەو مەبەسـتە نەینووسـی، کە ببێـتە فەرهەنگێکـی مێژوویـی، بەڵام ئـێمە کاتێـک بـۆی دەڕوانـین، ئەمـڕۆ نمـوونەگەلێکی دەربـارەی خـــوازەی واژەیـــی تێـــدا دەبینـــین، کاتێـــک کـــە بە زۆر بەکارهێنـانی دەبێـتە واقیـع و بە تێپەڕبـوونی کـات لە واتـا ڕاستەقینەکەی دووردەکەوێتەوە.

ڕۆژهەڵاتناسـەکان تێبینـی ئەوەیـان کـرد ـــ هەروەکـو ئیسـماعیل عمـایرە دەڵێـت ـــ کە ئەم کەلێـنە لە فەرهەنـگە عەرەبییەکاندا بوونی هەیە، بۆیە هەندێکیان هەوڵی ئەوەیاندا فەرهەنگی مێژوویی بۆ واژەکانی زمانی عەرەبی بنووسـن،

---

١- الرازي ابو حاتم (٣٢٢هـ)، الزينة في الكلمات الأسلامية، تحقيق حسين فضل الله، القاهرة، ط٢، ١٩٥٧.

لەوانە بۆ نموونە (ئۆگست فیشەر Fisher)، کە فەرهەنگی مێژوویی لەمجۆرەی نووسی، بەڵام پێش ئەوەی تەواوی بکات، کۆچی دوایی کرد، ئەوە بوو لەم فەرهەنگەدا بەوە ڕاگەیشت، کە پێشەکی فەرهەنگەکە و هەندێک لە بەشی (هەمزە) بنووسێت، کە لە ساڵی (١٩٦٧) لە (قاهیرە) بە ناونیشانی (فەرهەنگی زمانەوانی مێژوویی) بڵاوکرایەوە، پێش ئەمەش پڕۆژەی فەرهەنگێکی دیکە هەبوو، کە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (کریمر) کاری تێدا دەکرد، کە لە ساڵی (١٩٣٠) کۆچی دوایی کرد، ناونیشانەکەی (فەرهەنگی تیۆدۆر نودلکە بۆ زمانی عەرەبی پەتی) بوو، بەڵام چارەنووسی ئەم پرۆژەیە وەکو ئەوی دیکە وابوو[1].

ئەو بەڵگانە ئەوە دەخەنە ڕوو، کە توێژەرانی بواری زمانی عەرەبی لەژێر کاریگەری ڕێبازی مێژووییدا بوون، و مکووڕبوونی ڕێزماننناسە دێرینەکانە لەسەر هەڵهێنجانی یاسا ڕێزمانییەکان لەو دەقانەی، کە بۆ بەڵگەخوازیی زمانەوانی بەکارهێنران، لەبەر ئەوە بۆچوونە ڕێزمانییەکانیان لەسەر بنەمای مێژوویی دامەزراندووە، جا کە تەماشای پەرتوکەکانی ڕێزمان دەکەین، ئەو پاساوە فێرخوازی و عەقڵیانەمان بەرچاو دەکەوێت، کە

---

[1]- اسماعيل عمايرة، المستشرقون و المناهج اللغوية، ص٣٣.

ژمـــارەیەکی زۆریـــان ئامـــاژە بەو شــــێوازانە دەکەن کە عەرەبی جاران بەکاریان دەهێنا، وەکو زمانی عەرەبی خەڵکی (حیجاز) و زمانی (تەمیم) و زمانی خەڵکی (یەمەن)، ئەویش پێش ئەوەی هەموو ئەو شێوازانە بەرەو دروستبوونی زمانێکی عەرەبی هاوبەش هەنگاو بنێن، وەکو ئەو زمانەی لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و شیعری (جاهیلی) و ئیسلامی بەکارهێنرا.

لەڕاستیدا تویژینەوەی زمان ناکرێ بەدەر لە ڕوانگەی مێژووییەکە ئەنجام بدرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ـــ هەروەکو ئاماژەمان پێدا ـــ گوزارشت لە یادگەی کۆمەڵایەتی و شوناسی ڕۆشنبیری قسەکەرەکان دەکات، لەبەر ئەوە یاسا ڕێزمانییەکانی و شێوەکانی، چ لە ڕووی نووسین و چ لە ڕووی درکاندنەوە ـ لە کاتی تێڕوانین بۆی پشت بە بابەتە مێژووییەکە دەبەسترێت، کاتێک لە شێوازی (بانگکردن) یان لە شێوازی (ستایش و سەرزەنشتکردن) لە زمانی عەرەبیدا دەکۆڵینەوە، ئەوا چەندەها ئامراز و کارمان بەرچاو دەکەوێت، کە لە زمانی عەرەبی کۆندا بەکاردەهێنران، کەچی لە ئێستادا بەرەو نەمان دەچن، بۆ نموونە بە کەمی (بئس) و (نعم) بەکاردەهێنرێن، ئەم دوو وشەیە جاران عەرەب زۆر

بەکاریـــان دەهێنـــا، هەرچـــی ســـەبارەت بە ئامرازەکـــانی بانگکردنیشــە : وەکـو (الهمـزه، هیـا، أیـا، أي)و: ......هتـد، هەنووکە نە لە زمانی عەرەبی نووسراودا بەکاردەهێنرێت و نە لە زمـانی ئاخاوتنیشــدا، مەگەر جاروبـار نەبێـت، کە ئەمەش مەسەلەیەکی پێوەرانە نییە، زمـانی عەرەبی ئەمـڕۆ شـــێوازی (هێـــز) لە جیـــاتی ئامرازەکـــانی بـــانگکردن بەکاردەهێنرێت، جا چ (بانگکردن) دووربێت یاخود نزیک، بـۆ نمـوونە بمانەوێـت بـانگی (محـەمـەد) بکەیـن، دەڵێـین: محـــەمـــااااد بە زیـــادکردنی - درێژکـــردنەوەی (ا)ەکە، بەمشـــێوەیە ئیـدی قســـەکەرەکە دەســتبەرداری ئـامرازی بـانگکردنەکە دەبێت، کە (یـا) یـان (أ)ەیە، یـان ئامرازەکـانی بـــانگکردنی دیـــکەیە، لەبەر ئەم هۆیـــانە ئیـــدی تێڕوانینـــی مێژوویی پێویستە، چونکە کلتوورێکی فراوانمـان هەیە، کە پڕ و تێر و تەژییە لەم جۆرە ئامرازانە.

لەسەر ئاستی نووسینیش زۆر لە نووسەران پارێزگاری لە ڕەوشــە دێـرینەکە دەکەن و ئەو شــێوازانەی ڕێنـووس بەکـــاردێنن، کە کـــۆنن و بەســـەرچوون، هەرچەنـــدە ئەو شـــێوازە ڕێنووســـە پەیوەنـــدی بە بـــارودۆخی مێژوویـــی ئەوتۆوە هەیە، کە بە سیستەمی خاڵدانان و کۆنترۆڵکردنی نووسینەوە پەیوەستە، ئەو کەسانەی گوێ بەو شـتە تـازانە

نادەن، کە لە ئامرازەکانی نووسیندا پەیدابوون، بۆ نموونە لەجیاتی (مئة) دەنووسن (مائة)، ئیدی لەسەر ئەم بنەمایە بارودۆخی ڕێنووسی کارپێنەکراو دەپێورێت.

هەروەها بەکارهێنەرانی ڕێبازی مێژوویی گرنگی بە سەرچاوە کۆنەکان و گەڵاڵەکردن و پاککردنەوەی گێڕدراوەکان و هەواڵە کۆنەکان دەدەن، هەر گێڕدراوەیەکیش کۆنتر بێت لەلای ئەوان شایستەتر و پەسەندترە، کەچی سەرچاوە تازەکان لەلایەن ئەوانەوە کەمتر گرنگیان پێ دەدرێت، لەم ڕێبازەدا شێوازکانی درکاندن و خوێندنەوە ڕەچاو دەکرێت و پارێزگاری لێ دەکرێت، جا قسەکەری هاوچەرخ بە گوێرەی ئەو ڕێبازە پێویستە لاسایی شێوازە کۆنەکان بکاتەوە و لەسەر هەمان ئەو سیستەمەی خوێندنەوەیە بڕوات، کە لە پەرتووکە دێرینەکانی زمان و ڕێزمان و (تەجوید - ڕەوانخوێندنەوە)دا هاتووە، هاوکاتکردنیش بۆ هەر دیاردەیەکی زمان پێویستە لە قۆناغگەلێکدا دابنرێت، زارە باوەکانیش وایان لێهات، کە هەوادارانیان دەگەڕان بە دوای ڕەگ و ڕیشاڵ و بنەماکانیان بەپێی ڕێبازی مێژوویی، بۆ

ئەوەی جۆرێــک لە شــەرعیەتیان لێــوەربگرن و بــیکەنە پاڵپشت بۆ شێوازە باوەکانی خۆیان[١].

**ڕێبازی بەراوردکاری:** Comparative approach

پرۆسەی بەراوردکردن لەنێوان زمانەکاندا بە شێوازێکی مێژوویی ئەنجام دەدرێت، هەروەکو بەو شێوەیەی کە لە سەدەی نۆزدەدا ڕوویدا، کە توێژینەوەکانی بەراوردکاری تێیدا گەشەیان سەند و پێشقەچوونیان بەخۆوە بینی، ئینجا نزیکایەتی ژمارەیەک لەو زمانانە دۆزرانەوە: وەکو زمانی سانسکریتی و یۆنانی کۆن و زمانی لاتینی و سلاڤی و قووتی، پاشان وترا گوایە ئەم زمانانە تێکڕا لە زمانێکی نەناسراوەوە پەیدابوونە و هەموو ئەم زمانانە پێکەوە بە زمــانی هینــدۆ ئەوروپــی ناســران، ئەم دەربــڕینەش لە تــوێژینەوە زمانەوانییەکــانی ســاڵی (١٨١٤) بەدەرکەوت، ئەویــش وەکــو جیــاکردنەوەیەک لە کــۆمەڵەی دووەمــی زمانەکانی دی، وەکو زمانەکانی (هیندۆ جێرمانی)، ئەمەش دەربــڕینەکەی دیکەدا یەک بــوو و لە بــواری بەکارهێنــانی زمانەوانیدا لە ساڵی (١٨٢٣)دا پەیدابوو، تاکو زمانەکانی دی جیابکــاتەوە وەکــو: زمــانی عەرەبــی و ســریانی و

---

[١]- روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ص١٤٩.

حەبەشی و عیبری، پاشان دەرکەوت کە ئەویش سەر بە یەک گروپی زمانەوانییە، کە گروپی (سامی)یە، لە پێشتریشدا بەکورتی ئاماژەمان بۆ ئەو دەرئەنجامانەکرد کە (فرانز بواز) دەربارەی زمانەکانی هیندۆ ئەمریکی خستییە ڕوو، پرۆگرامەکەی (بواز)یش هەروەکو ناسیمان، ڕێبازێکی وەسفییە و مێژوویی نییە، لەبەر ئەوە پێویستە بەم مەسەلەیە ڕابگەین و بێژین:- ئەنجامدانی پرۆسەیەکی بەراوردکاری لەنێوان زمانەکاندا مەرج نییە بەگوێرەی ڕێبازی مێژوویی بێت، بەڵکو دەشکرێ بەپێی ڕێبازی وەسفیش بێت[1]، بەراوردکاریش پرۆسەیەکە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، چونکە تەنانەت خەڵکانی دیکەش جاروبار بەبێ ئەوەی مەبەستیان بێت بەراوردکاری لەنێوان زمانەکاندا دەکەن، زۆرجار قسەکەر قسەیەک دەکات کە گوێگرەکان وا دەردەخەن، کە تێی نەگەیشتوون، ئینجا قسەکەرەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بە فلانە زمان قسەدەکات و بەو زمانەی ئەوان قسە ناکات کە گوێگرەکان چاوەڕێی بوون، قسەکەرەکە لەم حاڵەتەدا ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت ئەم قسەیەم بە عەرەبی کرد و مەبەستم

---

[1]- ماريو باى، أسس علم اللغة، ترجمة احمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢، ١٩٧٦، ص٥٨ – ٥٩.

واژە تورکییەکە نەبوو، بێگومان ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کەسە بە زمانی عەرەبی شتەکان ڕوونتر دەبینێت و بەو زمانە زیاتر دەتوانێت مەرامەکانی خۆی بپێکێت، چونکە ئەوانی دی هەر لە بنەڕەتەوە زمانەکەی شارەزا نین و نایزانن، کەچی ئەو فێرخوازەی کە دەیەوێت جگە لە زمانی زگماکی خۆی زمانێکی دی فێربێت، ئەوا هەمیشە پرۆسەیەکی بەرانبەربوونەوە لەنێوان زمانەکەی خۆی و زمانە تازەکەدا جێبەجێ دەکات، چ لە ڕووی واژەکان، چ لە ڕووی دەربڕین و گوزارشت و دارشتنەکان بێت[١]، ئەو فێرخوازە گەر بزانێت لە زمانی ئینگلیزیدا (بکەر) پێش ئەوانی دیکە دەکەوێت، وەکو John drinks the milk یەکسەر ئەوەی دێت بە مێشکدا کە لە زمانی عەرەبیدا (کار) پێش (بکەر) دەکەوێت، بۆ نموونە دەوترێت: (یشرب جون الحلیب)، ئەو فێرخوازە گەر گوێی لەوە ببێت، کە (ئاوەڵناو) لەپێش کەسی وەسفکراودا دێت، بۆ نموونە دەوترێت: - (That fat man coming)، یەکسەر ئەوە بە مێشکیدا دێت، کە ئاوەڵناو لە زمانی عەرەبیدا پاش ناوی وەسفکراوەکە دێت (الرجل البدین قادم)، هەروەها گەر فێرخوازەکە گوێی لەوە ببێت کە لە زمانی فەرەنسیدا

١- ماريو باى، أسس علم اللغة، ص٥٩.

(دەرگـــا) مێــیە و نێــر نیــیە، ئەوا ڕاســـتەوخۆ ئەوەی بە مێشـکدا دێـت، کە لە زمـانی عەرەبیـدا (دەرگـا) نێـر و مـێ نییە.

لەڕاســـتیدا گەر بەوردی تەماشـــای شـــتەکان بکەیـــن، دەبینـــــین ئەم نموونـــــانەی هێنامـــــانەوە پڕۆســــــەیەکی بەراوردکـاری نیـیە لەنێـوان زمانێـک و زمـانێکی دی، بەو ڕێـژەیەی جۆرێـک لە بەرانبەرکـردنەوەی نێـوان زمانەکـان پێکـدەهێنێت، چـونکە تـوێژینەوەی بەراوردکـارانە لەگەڵ بەرانبەرکـــردن جیـــان و جیاوازییـــان هەیە. پڕۆســــەی بەرانـــبەری پشـــت بە دوو زمـــانی دراوســـێ و زینـــدوو دەبەستێت، کە یەکێکیان فێری ئەو کەسانە دەکرێت، هێشتا قســـەی پێنـــاکەن و فێـــری نەبـــوونە، لەبەر ئەوە لەکـــاتی فێربووندا پێویسـتە ئەو شێواز و دەربڕینەی کە لە زمـانی (أ)دا هەیە، پێویســـــتە بەرانـــــبەرەکەی لە زمـــــانی (ب)دا بزانرێـت و ئەو فـۆنیمەی کە لە زمـانی (أ)دا هەیە، پێویستە بەرانـــبەرەکەی لە زمـــانی (ب)دا بزانرێـــت و ئەو یاســـا ڕێزمـانییەی، کە لە زمـانی (أ)دا هەیە، دەبێ بەرانـبەرەکەی لە زمانی (ب)دا بزانرێت.

بێگومـان مەبەسـت لەمەش زانـین و ناسـینی خاڵەکـانی جیـاوازیی و خاڵەکـانی لێکچـووە، تـوێژینەوەی بەرانـبەرای

خاوەن ئامانجێکی فێربوونانەیە، پێویستیشی بە هیچ نییە، تەنها زانینی هەردوو زمانەکە نەبێت، کەچی لێرەدا چەندەها ئاستەنگ و بەرهەڵست هەن، کە ڕووبەڕووی توێژینەوەی زمانەوانی بەراوردکاری دەبنەوە، یەکەمیان: زانینی زمانەکان، ئەمەش بۆ زۆر لە خەڵکی دەستەبەر نابێت، سەرباری ئەمەش توێژەران و خوێنەران زۆرجار ناچار دەبن پشت بە زمانی نووسراو ببەستن، چ نەخش و نیگاری سەر ڕووپەرەکان و دەقە ئایینییە پیرۆزەکان و دەقە ئەدەبییە کۆنەکان، کە هەموویان بە زمانێکی مردوو نووسراون و ئێستا بەکارناهێنرێن، ئاستەنگەکەش ئەوەیە کە دەقە نوسراوەکان بەوردی و بەتەواوەتی نوێنەرایەتی زمانە ڕاستەقینەکە ناکەن، چونکە کارە نووسراوەکان بژاردەک و پاکژکراون، هەروەها لایەنە دەنگییە پێویستییەکانیات تێدایە، وەکو هێز و ئاواز و شێوەزار، جگە لە هەموو ئەمانەش توێژینەوە بەراوردکارەکان بەزۆری خاوەن مۆرکێکی مێژووین و ئامانج لێیان گەڕانە بە دوای ڕەگ و ڕیشاڵە قۆڵەکانی زمانە لە قسەکردنی ئێستادا، ئەمەش بابەتەکە لە ڕووی ئەکادیمییەوە دەوڵەمەندتر دەکات، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە بەکارهێنانی زەحمەتە و بۆ پرۆسەکانی فێربوون سوودی

نییە، چونکە گەر بڵێین وشەی (فو) بە زمانی عەرەبی بنەچەیەکی عبری یان سریانی یان ئەکەدی هەیە، ئەوا فێرخوازەکە بە بنج و بناوانی وشەکە دەیناسێنین، بەڵام ئەمە وای لێناکات پێویستی بەو یاسا و ڕێزمانە نەبێت، کە شرۆڤەی ئەم وشەیە بە (ئەلف و واو و یاء) بکات.

جگە لەمانەش ئاستەنگی دیکە هەن، لەوانە زەحمەتبوونی جیاکردنەوەی نێوان بنج و لقەکە یان ڕەسەن و نارەسەنەکە، ئایا چ بەڵگەیەک ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە (فو)ی عەرەبی لە بەرانبەرەکەی خۆی لە زمانی (عبری)ەوە وەرگیراوە؟ ئەی بۆچی نابێ وشە عبرییەکە لە عەرەبیەکەوە وەرگیرابێت؟ بەتایبەت لەوانەیە وابەستەیەک لەنێوان زمانە کۆنە مردووەکە و زمانە زیندووە ئامادەکە بوونی نەبێت[١].

هەر چۆنێک بێت سەدەی نۆزدەهەم، سەدەی توێژینەوە زمانەوانییە بەراوردکارییە پێشکەوتووەکان بوو، لەم سەدەیەدا بوو چوار زمانەوان دەرکەوتن، کە لەم بوارەدا پێشەنگ بوون، کە ئەمانەن: ڕامون ڕاسک (١٧٨٧- ١٨٣٢) و زانا ئەلمانییەکان: یاکوب گریم و بۆب (١٧٩١- ١٨٦٧) و فۆن هامبۆلدت (١٧٦٧- ١٨٣٥)، ئەم زانایانە نووسینەکانیان

---

١- اسماعيل عمايرة، المستشرقون و المناهج اللغوية، ص٤٨ – ٥٧.

لایەنــی بەراوردکــاری گرتبــووە خــۆی، بەتــایبەتی ئەو زانیاریانەی لە دەوری زمانە هیندۆ جێرمانییەکان و هیندۆ ئەوروپییەکـان دەخـولێنەوە[١]. ئەو تـوێژینەوانەی بڵاویـان کــردەوە، ئەو بنەمایــانە ڕوون دەکــاتەوە، کە ڕێبــازی بەراوردکاری پشـتیان پێ دەبەسـتێت، ئەم ڕێبـازە گرنگـی بەو دیــاردە هاوبەشــانە دەدات، کە لەنێــوان ئەو زمــانەدا هەن و سـەر بە یەک گروپـی زمـانەوانین، ئەویـش لەسـەر ئاســتەکانی دەنگســازی و وشەســازی و ڕستەســازی و بــواری فەرهەنگیـــی، لەهەمـــان کاتیشـــدا ئەم ڕێبـــازە هەوڵــدەدات ئەو خەســڵەتانە چــین کە لە زمــانی زگماکـدا هەبووە و زمانەکانی دی لێوەی دەرچوونە ڕوونکاتەوە، لە ڕاستیشـدا ئەو شـتانە هـیچ نـین، تەنهـا چەنـد سیسـتەمێکی گریمانەکراو نەبێت، کە لەژێر ڕووناکیدا ژمـارەیەک واژەی

---

[١]- روبنز، علم اللغة العام ـ تاريخ موجز، ترجمة احمد عوض، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، الكويت، ط١، ١٩٩٧، ص ٢٧٨. هەروەها بڕوانە: جورج مونين، تاريخ علم اللغة، ترجمة بدرالدين القاسم، مطبعة جامعة دمشق، ط١، ١٩٧٢، ص ١٦٨ ـ ١٩٩.

هـاوبەش لەنێـوان زمانەكـانی سـەر بە یەک گـروپ شـرۆڤە دەكرێن[1].

لەو نمونانەی كە جێبەجێ كردنی ڕێبـازی بەراوردكـاری ڕوون دەكەنەوە، هەڵوێستی تـوێژەر لەمەڕ نیشـانەی(ژێر ـ كسـر)ی پیتـی (كـاری ڕانەبـوردوو)، كە ئەویـش یـاخود (یاء)ە، یان بەهەمزەكراو یان (نون) یـان (تـاء)ە، هەروەكو لەم نموونـانە دەردەكەوێت، (أكتـب، نكتـب، تكتـب، یكتـب)، ئەم پیتە لە هەنـدێک شـێوەزاری عەرەبیـدا (كەسـر ـ ژێر) كـــراوە لە خوێندنەوەیـــەكـــدا، ئەم ئـــایەتە بەمجـــۆرە خوێنـدراوەتەوە:(وإیاک نسـتعین)، شـاعیرێكی عەرەبـیش دەڵێت:-

**ولا أدري ولست إخال أدري**

**أقوم آل حصن أم نساء**

شاعیرێكی دیكەش دەڵێت:-

**فقومي هم تميم يا مماري          وجوثة ما إخاف لهم كثارا**

ئەو تـــوێژەرەی پشـــت بە ڕێبـــازی بەراوردكـــاری دەبەســـــتێت، بە دوای شـــــتێكدا دەگەڕێـــــت، كە ئەم

---

[1]- حازم كمال الدين، علم اللغة المقارن، مكتبة الآداب، القاهرة، ط١، ١٩٩٩، ص ١٦.

نیشانەیەی (ژێر ـ کەسرە)یە بە ڕەوا بزانێت، بۆیە بە دوای شتێک دەگەڕێ لە زمانەکانی عیبری و ئەکەدی و سریانی، کە تیشک بخاتە سەر ئەم مەسەلەیە، چونکە گەر لە زمانی عیبریدا ئەوەی دۆزییەوە کە پیتی (ڕانەبوردوو) لە پێنج حالەت یان زیاتر (ژێر ـ کەسرە)ی بۆ دادەنێت، لەمەوە توێژەری ڕێبازی بەراوردکاری ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە لە زمانی سامیدا بوونی ئەم (ژێر ـ کەسرە)یە لە سەرەتای (ڕانەبوردوودا) مەسەلەیەکی ئاساییە، ئەمەش بە هەمان شێوە تیشک دەخاتە سەر هۆی دەرکەوتنی ئەم کەسرەیە لە هەندێک شێوەزاری عەرەبی کۆن و نوێدا[1]. ئێمە زۆرجار لە خەڵکی ئاسایی و گشتیدا گوێمان لێدەبێت، کە دەڵێن: یکتب (دەنووسێت)، یجمع (کۆدەکاتەوە)، یشرب (دەخواتەوە)، تجلس (دادەنیشتێت)، کە هەموو بە نیشانەی (ژێر ـ کەسر)ی پیتی (یاء) دەنووسرێت.

هەروەها توێژینەوە بەراوردکارییەکان ئاستەکانی شیکردنەوە تێیاندا فراوانترن، جا چ لە ڕووی دەنگسازی و چ لە ڕووی ڕستەسازی و چ لە ڕووی وشەسازی و چ لە ڕووی واتاییەوە بێت، بۆ نموونە توێژینەوە بەراوردکارییەکان ئەوەیان لاپەسەندە، کە دەنگی (F) لە

---

[1]- حازم كمال الدين، علم اللغة المقارن، ص ١٨ – ٢١.

وشەی (Father)ی ئینگلیزی بنجەکەی (p)ی چرپەکراوە، لە زمانی سانسکریتیدا بنجی وشەی (pitar) بۆ وشەی (pater)ی یۆنانی کۆن گۆڕدرا و لە زمانی لاتینیدا(pater)ی بۆ بەکارهێنرا، بەڵام لە زمانەکانی (قوتی)دا، کە زمانی ئینگلیزی لەوەوە دەرچووە، وشەکە بووە (fader)و لە زمانی ئینگلیزیشدا هەمان وشە بووەتە (father)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دەنگی (p)، کە دەنگێکی (چرپەکراوە)، لە زمانی ئینگلیزیدا بووەتە (f)، بەس تەنها جیاوازییەک لە دوو زمانەکەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە دەنگێکی (گیراو)ەوە بۆتە دەنگێکی (خشۆک)، کە لەنێوان ددانەکانی سەرەوە و ناوەوەی لێوەوە دەردەچێت[1].

## ڕێبازی بەرانبەری contrastive approach

جا ئەگەر ڕێبازی بەراوردکاری ڕووبەڕووی چەندەها کۆسپ و تەگەرە ببێتەوە، یەکێک لەو کۆسپانە ئەوەیە کە کەوتە ناو گێژەلۆکی توێژینەوەی مێژوویی، ئەوا ڕێبازی بەرانبەری contrastive approach پەیوەندی بە

[1]- حازم کمال الدین، علم اللغة المقارن، ص ٥٦ – ٥٧.

ڕوانگەی وەسفییەوە هەیە و زیاتر لەوەی کە پەیوەندی بە ڕوانـگەی مێـژووییەکەوە هەبـێ، مەبەسـت لە تـوێژینەوە بەرانبەرییەکانی زمـان گەر لە ئاسـتی دەنگسـازی بێت یـان لە ئاسـتی وشەسـازی و داتاشـین بێـت یـان لە ئاسـتی ڕستەسازی و واتاسازی بێت، ئەوا لە هەمـوو حاڵەتەکانـدا مەبەسـت لێیـان دۆزیـنەوەی ڕووەکـانی لێکچـوون یـان جیـاوازی نێـوان دوو زمـانی دیـاریکراوە، بـۆ دانـانی چارەسەرێکی سـەرکەوتووانە بۆ ئەو گرفتـانەی دێنە پێش لە یەک زمانـدا، ئەویـش بـۆ ئەو کەسـانەی کە کـاری فێربـوون و وەرگێـڕان و پرۆگرامـدانان و پلانـدانانی زمـانەوانی ئەنجـام دەدەن[1]. تـوێژینەوە بەرانبەرییـەکان دەریانخسـتووە، کە فێرخـوازی زمـانی بیـانی ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی گەورەتـر دەبێـتەوە لە کـاتی فێربـوونی ئەو زمـانەی کە لەگەڵ زمـانە بنەڕەتییـەکەی خۆیـدا زۆر جیـاوازی هەیە، کەچـی ئەو زەحمـەتیانە کەمتـر دەبـنەوە،

---

[1]- سعيد جبر أبو خضر، التقابلات الدلالية في العربية و الانجليزية، عالم الكتب الحديث، اربد ـ الأردن، ط١، ٢٠٠٤، ص٥. هەروەها بڕوانە: أحمد سليمان ياقوت، في علم اللغة التقابلي ـ دراسة تطبيقية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ط١، ١٩٨٥، ص ١٧٥.

ئەگەر خاڵەکانی وێکچوون لە نێوانیاندا کەمتر بێت[1]، بە هەمان شێوەش بوونی هۆشیاریەک دەربارەی خاڵەکانی جیاوازی، دەبنە هۆی دروستبوونی وەرگێڕانێکی نەرێنی (negative transfer)، کە بەگشتی لە پێکدادانی دەستەواژە زاراوەییەکانی زمانە بنەڕەتییەکەوە پەیدا دەبێت، ئەویش لە کاتی بەکارهێنانی لەناو زمانە تازەکەدا،[2] لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم دەستەواژانە: (come, rain or shine) لە بەرانبەردا لە زمانی عەرەبیدا ناسراو و زانراو نین و بەرانبەریان نادۆزرێتەوە، لەبەر ئەوە فێرخواز سەختیەک دەبینێ لە گەیشتن بە مەبەستە دوورهاوێژەکانی ئەم دەربڕینانە، نەک لە مانا پیتئامێزەکەی، لە کاتێکدا دەستەواژەکانی وەکو: face to face لە زمانی عەرەبیدا: (دیداری ڕاستەوخۆ) دەگەیەنێت، هەروەها دەستەواژەی (سیاسەتی دار و گێزەرەکە) ـ (carrot and stick policy)، ئەم گوزارشە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و خوێندراو پەیدابوو،

---

1- سعيد جبر أبو خضر، التقابلات الدلالية في العربية و الانجليزية، عالم الكتب الحديث، اربد ـ الأردن، ط١، ٢٠٠٤، ص١٣٤.

2- سعيد جبر أبو خضر، التقابلات الدلالية في العربية و الانجليزية، ص ١٣٦.

ئەوکـاتە بە گـوزراەیەکی گاڵتەجـاریی لەقەڵەم دەدرا، بەڵام لەگەڵ دووبـارەبوونەوە لای خەڵـک، پەسـند کـراو و بـووە شـتێکی ئاسـایی و وای لێهـات کەس نکـۆڵی لە وەرگرتنـی نەدەکـرد، هەروەهـا دەربڕینێکـی دیکە بـۆ زمـانی عەرەبـی دزەی کـرد، کە دەربڕینــی (صــقو ـ هــەڵۆ، و حمــائم ـ کۆترەکـان) (hawks and doves) بـوو، کە یەکێکە لەو خـوازانەی لە زمــانی ئینگلیزیـدا بەکاردەهێنرێـت، بەڵام لە زمانی عەرەبی ئەمەندە بەکارهێنرا، تا بووە شتێکی ئاسایی و گوزارەکەشــی ئامــاژە بــۆ تونــدڕەوان و میــانڕەوان دەکات[1].

جا ئەو توێژەرەی بەدواداچوون بۆ ڕێبازی بەرانبـەری دەکـات، دەتوانێـت شـێوازە ڕستەسـازی و وشەسـازی و دەنگسازی لە زمانێکی دیاریکراودا باس بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوکوفەکانی خۆیان لە زمانەکانی دیکەدا بەرانبـەر یەک بکاتەوە، بۆ نمـوونە ئامرازەکانی پەیوەندی لە زمـانی ئینگلیزیـدا لەگەڵ ئامرازەکـانی پەیوەنـدی زمـانی عەرەبـی بەرانبـەر دەکـرێتەوە، بـۆ نمـوونە ئامرازەکـانی پەیوەنـدی (في) (in) کە پەیوەست دەبێت بە (کار)ێکەوە، وەکو: Put

---

[1]- سعيد جبر أبو خضر، التقابلات الدلالية في العربية و الانجليزية، ص ١٢٥.

that knife in your pocket. ئەم بەکارهێنانەی پیتی (فـي) وەکـو هەمـان ئەو دەسـتەواژە وایە، کە لە زمـانی عەرەبیدا هەیە، ئێمە دەڵێین: ئەو چەقۆیە لە گیرفانتدا بێ، لە ئینگلیزیشدا بەکارهێنانی هەمان ئامرازەکە پەیوەندی بە (کاری یاریدەدەر)ەکەوە هەیە، کە ئاماژە بۆ بوون دەکات، وەکو (was) و (were) جا چ (مجرور)ەکە هەستەوەری یاخود ناهەستەوەری بێت، بۆ نموونە دەوترێت: ( we were in danger) ئەم گوزارستەش بە هەمان شێوە لە زمانی عەرەبیدا هەیە، بۆ نموونە دەڵێین: ئێمە لە مەترسیدا بووین: (کنا في خطر) و لە ئارەزووی ئەوەدا بووین (کنا في سوق)، وەک ئەوەیە بڵێین (کنا في البیت)، هەرچەندە ڕستەی عەرەبی (کـاری یاریـدەدەر)ی تێدا نییە، بەڵام (في)ی (ئاوەڵکارییە) جێی ئەو جۆرە کارە دەگرێتەوە، لە زمانی عەرەبیشدا هاوشێوەی ئەم قسەیە نییە کە لە زمانی ئینگلیزیدایە: - (in varions ways)، مەگەر لە حاڵەتێکدا گەر ماناکە ڕێگاکە بێت، نەک مەبەستی شێواز بگەیەنێت، ڕاستتریش ئەوەیە لە زمـانی عەرەبیـدا بوترێـت (بطـرق مختلفة) یان (بە شێوازی جیاواز)، هەروەها نابێ بڵێین: (لە زمانە بیانیەکەدا وای وت) (قال ذلک في لغة أجنبیة)، (in foreign language)، چونکە ئەمە ڕستەیەکی

هەڵەیە، لە زمــانی عەربیــدا ڕاستیەکەشــی ئەوەیە بڵێــین: (بلغــه أجنبیــه – بە زمــانێکی بیــانی). لە زمــانی ئینگلیزیــدا دیـــاردەیەکی وا هەیە، کە لە زمـــانی عەرەبیـــدا بە هـــیچ شێوەیەک پەسەند نییە، ئەویش بوونی ئامرازی پەیوەندییە دوای بــەرکاری ناڕاســتەوخۆ، وەک ئەوەی کە قســەکەر بە ئینگلیـزی بڵێـت: (I followed him in) یاخود ( the place which are sitting in)[1]. هەروەها ئامرازی پەیوەنـدی لە زمـانی ئینگلیزیـدا هەمیشـە لەگەڵ ئـامرازێکی دی دایە، ئـامرازی پەیوەنـدی (فــي) (in) لەگەڵ (at)دایە، لەم قسەیەی زمانی ئینگلیزیدا: ( He would look in at him)[2]، ئەم گـوزارەیەش لە زمـانی عەرەبیـدا هاوشـێوەی هەیە، بەڵام لە ئامرازی پەیوەندی دیکەدا دروست دەبێت، وەکو: من، عن، علی، هەروەهـا لە شـیعری کۆنی عەرەبیدا هـاتووە: (مـن عـن یمیني تـارة وشـمالي)، کەچـی ئـامرازی پەیوەنـــدی دووەم، کە (عـــن)ە، لە زمـــانی عەرەبیـــدا لە پێکهـــاتەیەکی پیتئـــامێزەوە بـــۆ پێکهـــاتەیەکی (نـــاو)ی

---

١- میشال زکریا، بحوث ألسنیة عربیة، المؤسسة الجامعیة للنشر والتوزیع، بیروت، ط١، ١٩٩٢، ص١٩٢.

٢- میشال زکریا، بحوث ألسنیة عربیة، ص ١٩٣.

دەگۆڕدرێت، لەم حاڵەتەدا واتا دەبێتە ناوێک، کە مانای (جانب، لا) دەگەیەنێت.

لە زمانی عەرەبیدا هەروەکو زمانی ئینگلیزی (جێناوی پرسیاری) زۆر بەکاردەهێنرێن، جا دەربارەی بکەرکە پرسیارێک بکەین، لە هەردوو حاڵەتی (بکەر) و (نیهاد)، واژەکانی (which) بۆ ناعاقڵ بەکاردەهێنرێت، کە وەک (ما) وایە لە زمانی عەرەبیدا، و (who)ش، کە بۆ عاقڵە بەکاردەهێنرێت، لە (من) دەچێت، کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە و (what) بۆ ناعاقڵ بەکاردەهێنرێت، کە بەرانبەر بە (ما) و (ماذا)ی زمانی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین: (what opened the door?)، وشەی (which)ی ئینگلیزیش هاوشێوەی (أي)ە، کە (جێناوی پرسە)، بۆیە دەکرێ بڵێین: which color is better کە ماناکەی (أي الألوان أفضل) (چ ڕەنگێک باشترە؟)، کەچی کاتێک پرسیار لە (کار)ی (بکەر) دەکەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستە (کار)ەکە (کار)ێکی دیکەی یاریدەدەری لەپێشدا بێت، ئەویش دوای جێناوی پرسیارەکە، هەروەکو لەو نموونەی خوارەوە بەرچاومان دەکەوێت:

What are they doing.

What are you doing.

What is he doing

کەچـی ئـێمە لە زمـانی عەرەبیـدا دەتـوانین بڵێـین (مـاذا أنـت) یـان (هـو) یـان (هـم فـاعلون)؟ واتـا هـیچ کـارێکی یاریـدەدەر یـان کـارێکی تـەواو بەکارنـاهێنین، ئەم جـۆرە توێژینەوەی بە ڕێبازی بەرانبەری هەژمار دەکرێت[1].

**ڕێبازی ستاندارد – پێوەریی** standard Approach

کەمجـــار ڕێـــک دەکەوێـــت بـــاس لە ڕێبـــازی ستاندارد(پێوەر) بکرێت، (ستاندارد) ئەو پێوانەیەیە کە بۆ جیـاکردنەوەی نێـوان ڕاسـت و هەڵە و پەتـی و نـاپەتی لە زمانـدا پشـتی پـێ دەبەسـترێت، جـا ئەو تـوێژینەوە زمـانەوانییە کۆنـانەی کە بە فیلۆلۆژیـا یـان فقهـی زمـان نـاودەبران، پشـتیان بەم سـتاندەردە یـان ئەم پێـوەرە دەبەسـت، ئەویـش بـۆ خـۆ بەدوورگـرتن لە هەڵە و بەکارهێنانی نەشیاوی زمان، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی یاسـاکانی ڕێزمـان، کە پێویسـتە بـۆ هەمـوو ڕسـتەکان پەیڕەوبکرێت.

[1]- أسماء أحمد رشيد المومني، الأستفهام بين العربية والانجليزية، دار الكندي للنشر، إربد ـ الأردن، ط١، ٢٠٠٧، ص ٤٨ – ٥٠.

لەو نموونـــــانەی کە ســــــتانداردەکان(پێوەرەکان) بە ئامـانجی دەگـرن، ئەوەی زمـانی عەرەبـی دێـرین - بـۆ نمـوونە وشـەی (معارضـة)، بە مانـای (لاسـاییکردنەوە) بەکاردەهێنرێت، ئەم مانـایەش لەوەوە هـاتووە و دەوترێت (عرض لک الخیر عرضا أمکنک أن تفعله و منه عارضته، چاکەیەکـت بـۆ پێشکەشـکرا، کە دەتوانیـت بیکەیـت، وەکـو خـۆیم کـرد)، عارضـت الشـيء بالشـيء: شـتەکەم بە شـتەکە بەرانـبەر کـردەوە، واتە هێنـامە بەرانـبەری[1]. هەروەهـا لە زمـــانی عەرەبیـــدا دەوترێـــت (عارضـــته) لە فـــلانە (هەڵبەست)دا، (عارچته في قصیدة کذا)، واتە هەڵبەستێکم بە هەمان کێش و قـافیە ڕێکخسـت، ئەویـش بـۆ ئەوە بگەمە هەمـان ئەو داهێنـانەی ئەو، کە لە هەڵبەستەکەدا هەیە، یـان مەبەسـتم ئەنجامـدانی داهێنـانی باشـترە، زۆرجـاریش ئەم وشـەیە بەکاردەهێنین و دەڵێین (عارض شوقي ابن زیدون) لە هەڵبەستی (یا نائح الطلح)، یان دەڵێین (عـارض البحتـري في اختلاف النهار واللیل ینسی .....هتد)، کە ئەمانە هەمـوو تیایاندا وشـەی (عارض ـ لاسـایکردنەوە) دەگەیەنێت، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ ئەم وشـەیە بە مانـایەکی دی وشـەی (معـارض)

---

[1]- أحمد بن محمد بن علی المقري الفیومي ، المصباح المنیر، دار الحدیث، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣.

بەکاردەهێنین، وشەی (معارضة) بۆ ئەو لایەنە سیاسیانە بەکاردەهێنرێت، کە دژ بە دەستەڵات خەبات دەکەن، بۆیە دەوترێت ڕەوتی بەرهەڵستکار (المعارضة) و ڕەوتی سەر بە دەستەڵات یاخود دەوترێت فڵانە حیزب بەرهەڵست (معارض)ی پێباشترە لە چوونە ناو حکومەت، ئەمەش لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ماناکەی پێشووەوەیە، ئەم حاڵەتەش لە ڕوانگەی ڕێبازی ستانداردەوە هەڵەیە و ڕاست نییە[1].

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا پیتی (باء) دەچێتە سەر ئەو شتەی، کە وازی لێ دەهێنرێت، وەکو بۆ نموونە (اتستبدلون الذي هو ادنى بالذي هو خير)، بەڵام ئەم شێوازەی دەربڕین لە زمانی عەرەبی کۆندا گۆڕدراوە و پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و ماناکەی قەڵبەزەی هاوێشتووە، نەک هەر ئەمەندەش، بەڵکو بگرە ڕێکخستنی وشە بە ماناکەیەوە لەم حاڵەتەدا هەر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە ئێستا دەوترێت (استبدلت النقود بالكتاب، پارەکەم بە پەرتووک گۆڕییەوە)، لەم حاڵەتەدا مەبەستی ئەوەیە: پەرتووکەکەم کڕیوە، کەواتە

---

[1]- عبدالسلام المسدي، ما وراء اللغة، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله للنشر و التوزيع، تونس، ط١، بلا تاريخ، ص ١٣١.

ئەو شــتەی وازی لێهێنــاوە پــارەکەیە نەک پەرتــووکەکە، هەروەهــا دەڵــێن: علینــا ان نســتبدل الحــوار مــع الســلطة بالمجابهـــة: پێویســـتە گفتوگـــۆ لەگـــەڵ دەســـەڵاتدا بەڕووبەڕووبوونەوە بگۆڕین. ئەم بەکارهێنانەش بەڕاستی لە ڕۆژنــامە و ڕاگەیانــدن لای نووســەران ئاســاییە، بەڵام ڕێبازی ستاندارد بە هەڵەی دادەنێت[1]، هەروەها سەبارەت بە وشـــەی (تقـــویم)یش، بەهەمـــان شـــێوە کە مانـــای (Valuation) دەدات بەستەوە، چونکە ئەو بنجەی کە لێی داتاشــراوە (قــوم)ە و زانــا دێرینەکــان ئەم وشــەیەیان بــۆ ئامــاژەکردن بە ڕاســتکردنەوەی هەڵــەکان بەکارهێنــاوە، لەم چەرخەشــدا ئەو نیازمەنــدییە ســەری هەڵــدا، کە وشــەیەک هەبێــت ئامـــاژە بـــۆ ئەو مانـــایە بکـــات، کە لە وشـــەی (Valuation) وەردەگیرێـــت، کە: دیـــاریکردنی بەهـــای شــتێک دەگەیەنێــت، لەبەر ئەوە کــرایە (تقیــیم)، چــونکە وشــەی (تقــویم) مێشــکی گــوێگر بــۆ مانــا کــۆنەکە پەلکێش دەکـــات، کە ڕاســـتکردنەوەی چەوتییەکـــان دەگەیەنێـــت، ســتانداردخوازەکان ئەم بەکارهێنــانە بە بەکارهێنــانێکی ورد نازانن، ئایا چ شتێک بۆ زمانی عەرەبی چ زەرەرێکی هەیە،

---

[1]- عبدالسلام المسدي، ما وراء اللغة، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله للنشر و التوزيع، تونس، ط١، بلا تاريخ، ص ١٣٢ – ١٣٣.

که هەردوو وشـەکە بە هەردوو ماناکە بەکاربهێنرێن، واتە مانـای ڕاسـتکردنەوەی چەوت و مانـای هەڵسـەنگاندن و خەملاندن[1]؟

ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەشـەوە وشـەی (پێوەر) بـۆ وشـەی زمـانی پێوەر یـان زمـانی پەتـی یـان زمـانی سـتاندارد دەگەڕێـتەوە، کە لە چەنـد شـێوەزاریکەوە دروسـتبووە، بەمشـێوەیە بـووە تـاکە سـەرچاوە و تـاکە پێوەرێـک کە گوزارشـت لە ڕاسـتییەکە دەکـات، زمـانی قوڕەیش لە توێژینەوە دێرینەکاندا زمانی (ستاندارد) بووە، زمانۆکەکـانی دیـکەش هەمـوو لەو زمـانەی قـوڕەیش بە کەمتـر و نزمتـر دادەنـران[2]، لەوانەشـە یەکێـک لەو شـتە سـەرەکییانەی کە بـوونە هـۆی ئەوەی ڕێزمـانی عەرەبـی ڕێبـازی سـتاندارد پەیـڕەو بکـات، کۆششـی ڕێزماننـاسـەکان بـوو بـۆ سـەپاندنی یاسـاکانی ڕستەسـازی و وشەسـازی و دەنگسـازی و واتاسـازی، هەمـان ئەو زمـانە لەسـەر زمانۆکەکانی دیکە، لەبەر ئەوە دەبینین کە ڕێزماننـاسـەکان یاساکە هەڵدەگۆزن، بەڵام پاشان دەیانەوێ بەسـەر قسـە و

---

[1]- عبدالسلام المسدي، ما وراء اللغة، ص ١٣٢.

[2]- علي زوين، منهج البحث في اللغة بين التراث و علم اللغة الحديث، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٨٦، ص ٢٤.

دەربڕینەکانی دیکەدا بسەپێنن، جا گەر واژەیەک یاخود قسەیەکیان دەستکەوێت، لەگەڵ ئەو یاسایەی ئەوان نەگونجێت، ئەوا بە نارێک وەسفی دەکەن، یان دەیگێڕنەوە بۆ پێویستبوونی بەکارهێنانی، یان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە پاساوێکی لۆجیکی بۆ بدۆزنەوە، وەکو: دەشێ وابێ یان وا نەبێ، بۆ ئەم مەسەلەیەش قسە دێرینەکەی خۆیان بەکاردەهێنن و دەڵێن: هەردوو ڕووی بەکارهێنانەکە شیاوە، یان دەڵێن: دوو قسە و دوو بۆچوون هەڵدەگرێت.....هتد.[1]

بێگومان ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی لۆجیکی ئەرستۆ لە ڕێزمانی عەرەبیدا، ئەم کاریگەربوونەش لە قسەکان و گفتوگۆکانیان دەردەکەوێت، دەربارەی پاساوە دوانەیی و سێینەکان دەیانکرد، وەکو بۆ نموونە: زۆری بەرکار و کەمی بکەر یان بە گرانی دانانی (ڕەفع) و سووکبوونی (سەر ـ فەتح)، وەکو زانا(زجاج) و چەند زانایەکی دی باسیان لێکردووە، مەبەستیشیان ئەوەبوو بەکارهێنەرانی زمان لە هەڵەکردن بەدوور بگرن، و بەدەستهێنانی ئەنجامی ڕاست لە

---

[1]- علي زوين، منهج البحث في اللغة بين التراث و علم اللغة الحديث، ص ٢٣.

قسەکردندا، بۆ پارێزگاریکردن لە زمانی (ستاندارد)، ئەو زانایانە وا گومانیان دەبرد، کە زمان هەتا هەتایە هەروەک خۆی دەمێنێت، ئەوەیان لەبیرچووە، کە زمان لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگەش هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، کەواتە زمانەکەش بەپێی ئەو گۆڕانکارییە دەگۆڕێت، ئەمەش ئەو شتە بوو، کە (چۆمسکی) جەختی لەسەر دەکردەوە و دەیگوت **لە زماندا هەمیشە ڕێبازێک هەیە لەوی دی ڕاستترە و لە پیادەکردنی ڕێزماندا هیچ ڕاستییەکی ڕەها نییە**[1]، هەندێکیشیان ئەم ڕێبازە ستانداردەیان بە ڕێبازی فەلسەفی ناوزەدکردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی پابەندبوون بەم ڕێبازەوە، هەمیشە سەرقاڵی پاساوخوازی و دیاردە زمانەوانییەکان بوون، جا چ ڕستەسازی یان وشەسازی بن، زمان لەلای ئەوان لۆژیکە، پێوانەکەی ڕاستە و دەکەوێتە ژێر باڵی یاساکانی لۆجیکی فەلسەفی[2]، بە پێچەوانەی ڕێبازی وەسفییە، کە پرۆسەی (پاساوخوازی) وەلادەنێت،

---

[1]- عبدة الراجحي، النحو العربي و الدرس الحديث، ١٩٨٥، ص ١٢٨، نقلا عن علي زوين، منهج البحث في اللغة، ص ٣٠.

[2]- أنيس فريحة، نظريات في اللغة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط١، ١٩٧٣، ص ٨٣.

ڕێزماننناسـەی دێرینەکـانی عەرەب لە ڕێزماننناسـانی نەتەوەکـانی دیـکە زووتـر ڕوانیـانە مەسـەلەکانی زمـان لە ڕووی وەسـفییەوە، لە سـەرووی هەمووشـیانەوە (ئیـبن جنی) لە هەندێک مەسەلە نەک لە هەموو شتێکدا سـەر بەم ڕەوشـە بوو، ئەم زانـایە لە کتێبی (الـخصـائص)دا وتـویەتی هەمـوو کارکردنێـک لە (ڕەفـع) و (نەسـب) و (جـەڕ) لە قسـەکردندا، لە کـردەی قسـەکەرەوەیە، ئەویـش بە سـەربارکردنی واژەیەک لەسـەر واژەیەکی دی، یـان بەوە دەبێ کە واژەکە لەناو ماناکەدا بێت، ئەمەش مەسـەلەیەکی ڕوون و ئاشـکرایە، ئەی تێبینـی ئەوە ناکەیـت کە دەڵێیـت (ضرب: لێیدا) درکاندنەکەی تەواو بووە و ناکرێ لە ڕووی شـرۆڤەوە کـار لە (زیـد) یـان (عمـرو) بکـات لە ڕسـتەی (ضـرب زیـد عمـرا)، هەڵوێسـتی (ئیـبن مـەزا قرتبـی)یش لە وەڵامـدانەوەی ڕێزماننناسـاندا هـیچ جیاوازییـەکی لەگـەڵ هەڵوێسـتەکەی (ئیـبن جنـی) نەبـوو، ئەم دوو زانـایە پـێش زانـا ڕۆژئاواییەکـان کەوتـن، لە لابردنـی بیـرۆکەی فـاکتەری ڕێزمانی[١].

[١]- أبو الفتح عثمان ابن جني، الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، دار الهدى للطباعة و النشر، بيروت، ط٢، و دار الكتب المصرية، نسخة مصورة عن طبعة القاهرة، ١٩٥١، ص ١٠٠ ـ ١٠١. هەروەها

گرنگتـرین ئەو خەسـڵەتانەی ڕێبـازی سـتاندارد(پێوەر) لەوانی دی جیا دەکاتەوە، چ کۆن و چ تازە، ئەمانەن:

١ـ بونیادنـانی یاسـاکانی زمـان لەسـەر نموونەکـانی بژاردەکـراوی زمـانەکە نەک لەسـەر هەمـوو زمـانەکە بەگشتی دەبێت، زمانەوانە دێرینەکان ماددەی زمانەکەیان لە یەک دوو هـۆزی عەرەبەوە وەردەگرت، نەک لە هەموو هۆزەکـان، بـۆ نمـوونە تەنهـا لە (قـەیـس) و (تـەمـیم) و (ئەسـەد)ەوە زمانیـان وەردەگـرت، هەنـدێک جاریش لە هـۆزی (هـەزیل)یشـەوە وەریانـدەگرت، واتە تەنهـا لەم هـۆزانەوە زمـانی پەتیـان وەردەگـرت، نەک لە هـۆزی دی، چـونکە زمـانی ئەم هـۆزانە لە هەموویـان زیـاتر لە زمـانی هۆزی (قورەیش)ەوە دووربوو.

٢ـ دابەشـکردنی مـاددەی زمـان ـ بـابەتی زمـان بـۆ دوو بەشـی (تەریـب و ڕاسـت) و (نـامۆ و نـاوازە)، ئەم زانایـانە گرنگیـان بە تەریـب و ڕاسـت دەدا، کەچـی (نـامۆ و ناوازە)کەیان کەمتر گرنگی پێدەدا.

---

بڕوانە: أنيس فريحة، نظريات في اللغة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط١، ١٩٧٣، ص ٨٤ ـ ٨٦. هەروەها بڕوانە: يوسف الخشكي، علم الدين السخاوي و جهوده في اللغة و النحو، منشورات أمانة عمان، عمان، ط١، ٢٠٠٧، ص٨٠.

٣ــ زۆری پشــت بەســتنی ڕێبــازی ســتاندارد لەســەر خەملاندن و گریمانەکردن.

٤ــ هەمــوو ئەو شــتانەی بەگــوێرەی یاســاکانی ڕێزمــان نەبــن، لە قســە و وتەکــانی ڕەوانبێــژان و شــاعیران و پێغەمبەران بۆ پێویستبوونی شیعری ـ ناچاربوونی شیعری بووە، وەک ئەوەی شاعیرەکە دەڵێت:

**ولا ينطق الفحشاء من كان منهمو**

**اذا قعدوا منا ولا من سوائنا**[1]

سەبارەت بە وتەی شاعیریش، کە دەڵێ:

**فليت دفعت الهم عني ساعة**

**فبتنا على ما خيلت ناعمي بال**

ڕێزماننناســەکان ئەم ڕستەیەیان بە هەڵە داناوە، چــونکە نــابێ (لیــت) بچێتە ســەر (کــار) و (هــي) و (أخــوات ان)، کەچــی ئەم حــاڵەتە دروســتە گەر بڵێیــت: فلیتــک، بەڵام ئەو پەنــای بــردۆتە بەر (شــاردنەوەی جێنــاوەکە)، ئەویــش بــۆ ڕاگرتنــی کێشــی شــیعرییەکەی.[2] بەڕاســتی ســەیر و

١- علي زوين، منهج البحث في اللغة بين التراث و علم اللغة الحديث، ص ٣١.

٢ـ علي زوين، منهج البحث في اللغة بين التراث و علم اللغة الحديث، ص ٣٢.

ســـەمەرەیە کە ڕێزماننـاســـەکـان تێبینــی ئەوەیـان کـرد لە بەشـی (بـانگکردن)دا، کە جارێک (ضـمة ـ بـۆر)ی لەسـەرە، وەکو **(یا غلامُ)** جـارێکیش (فتحـة ـ سـەر)ی لەسـەرە، وەکـو (**یا ابنَ ابي عتيق**)، ئیدی ویسـتیان ئەم حـاڵەتە شـرۆڤە بکەن، ئەوەبوو (البناء)یان داهێنا لە شوێنی (نصب)، جا کە وتیـان (في محل نصب)، ناچاربوون کە هۆکارەکە ڕوون بکەنەوە، وتیـان (بفعـل محـذوف تقـديره: أنـادي او أدعـو)، (عمـايره) تـوانج لەســەر ئەم بۆچـوونە دەدات و جەخـت لەســەر ئەوە دەکـاتەوە، کە کـاری (أنـادي) یـان (ادعـو) هـیچ بنەمـایەکی مێژوویـی نـیـیە و هـیچ وجـودێکی لە واقیعـی وەسـفیدا نـیـیە، ئەوەی واشی کرد، کە بوونی هەبێت، تەنها ڕوانگە عەقڵییە ڕەهاکەیە، کە لەسەر پێداویستییەکانی تیۆری کارکردەکەیە ، کـە ڕێزماننـاســەکان بەهـۆیەوە خوازیـاری شـرۆڤەکردنی پاساوەکانی حاڵەتی (فتح) و (نصب)ن.[1]

---

١ـ اسماعيل عمايرة، المستشرقون و المناهج اللغوية، ص٦٨.

## ڕێبازی ئاماریی Statistical Approach

ئەو کاتەی باسی ڕێبازی وەسفیمان کرد، ئەو تێبینییەمان خستەڕوو، کە هەندێک دیاردەی زمانەوانی دەکرێ بیانژمێرین، دوو ئادگاری ڕێبازیان تێدا بەرجەستە دەبێت، کە (وەسفی) و (ئاماری)ن، ئەم ڕێبازە دەکرێ لە توێژینەوە وەسفییەکانی زماندا بەکاربهێنرێ، بەهەمان شێوەش لە ڕێبازی بەرانبەری و ڕێبازی بەراوردکاری بەکاردەهێنرێت، ئەگەر بمانەوێ توێژینەوە دەربارەی ئەوە بکەین، کە ئەم ڕێبازە لە چ زمانێکدا کاریگەری زیاتر هەبووە: زمانی فارسی یاخود زمانی عەرەبی، ئەوا توێژەر بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی پەسەندکراو، دەبێ کۆمەڵە نموونەیەکی هەمەجۆر لە وشە و واژەکانی هەردوو زمانەکە وەربگرێت، کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێن، پاشان دیزاینکردنی چەند نەخشە و هێڵکارییەک و ژمارەیەک وشە دەربکات، کە لە یەکەوە وەرگیرابن، ئەم یارمەتی وەرگرتنەش لە پرۆسەی ئامارییە ژمارەییەکانەوە پەیدا دەبێت، ئەگەرچی هەندێک ئاڵۆزن، کەچی چەند ئەنجامێک ڕوون دەکەنەوە، کە دەکرێ زیاتر لەوە ئەنجامانەی لە

هەڵسەنگاندنی کەسییەوە دروست دەبن، پشتیان پێببەسترێت[1].

ڕێبازی ئاماریی هەروەکو باسمانکرد لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا سوودی لێوەردەگیرێت، بەڵام بەو مەرجەی ئاماژەمان پێدا، ئەویش ئەوەیە دەبێ هەردوو زمانەکە بەباشی بزانرێت، گەر توێژینەوەی ئاماری لە توێژینەوەکانی فەرهەنگی و وشەسازی و ڕستەسازیدا کۆمەڵە نموونەیەک لە زمانی عەرەبی نووسراو و زمانی عەرەبی ئاخاوتن هەڵبژێرێت و (ڕستە ناوییەکان) و (ڕستە کارییەکان)ەکانی ناویان بژمێرێت و هێنانەوەی توخمە کارییەکان و ناوییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ڕێژەی ڕستەکان، ئەوا لەم توێژینەوەیەدا ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش دەکات، کە لەوانەیە گۆڕانکارییەک یان قەڵبەزەیەکی تێدا بێت لە زمانی عەرەبی لە (ناو)ەوە بۆ (کار)، دەشکرێ ئەم شتە لەسەر شێوازێکی وشەسازی دیاریکراو پراکتیزە بکرێت، وەکو (ناوی ئامێری ناپێوەرانە).

---

[1]- ماريو باي، أسس علم اللغة، ترجمة أحمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢، ١٩٧٦، ص ١٧٨.

زۆر توێژەر تەماشای ڕاست و دروستی ئەو گریمانەیە دەکات، کە دەڵێ لە زمانی عەرەبی پەتیدا وشـەی عەجەمـی زۆر هەن، وەکو: ڕادیو، و تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر، کامیرا، ڤیدیۆ...هتـد. لە هەمـان کاتـدا لە توێژینەوەکەیـدا تێیـدا ڕێبازی ئاماری جێبەجێ دەکرد و جەختـی لەسـەر ڕێژەی بـاوبوونی ئەو واژانە دەکـردەوە و بـەرانبەریانی دەکـرد لەگـەڵ ڕێـژەی بڵاوبـوونەوەی واژە (عەجەمییەکـانی، ناعەرەبییەکـانی) دی لە زمانەکـانی دیـدا، بەڕاسـتی ئەم پرسـیارانەش نـاتوانین وەڵامیـان بـدەینەوە، مەگەر بە پەنابردن نەبێت بۆ ئامار، کە یەکێکە لەو دیاردانەی ئاماژە بـۆ ئەوە دەکەن تـوێژینەوە زمـانەوانییە تازەکـان پشـت بە ڕێبـازە ژمـارەیی و ماتماتیکییەکـان دەبەسـتن و بەوەش لە ڕێبازەکانی زانست نزیک دەبێتەوە[١].

ڕێزماننـاسـە دێرینەکـان هەمیشـە پرسـیاری ئەوەیـان کـردووە: ئایـا بـۆچی لە قسـەکردنەکانیاندا (بەرکـار) لە (بکەر) زۆرترە؟ ئایا بۆچی (جمع التکسیر) لەسـەر کێشـی (افعـال) لە اقـوال، اقفـال، احمـال، اوزان، زۆرتـرە، وەک لە شێوازەکانی: انصبة، جند، صبیان، ضیوف، و رکب.... هتد. ئەم پرسـیارانەش لە هەڵسـەنگاندن و خوێنـدنەوە

---

١- ماريو باي، أسس علم اللغة، ص ١٨٠.

ڕاگوزەرەکانی ڕێزماننناسانەوە پەیدا دەبێت، کە جگە لە ڕێزماننناسان کەسی دی هەستیان پێناکات، چونکە کەسێک نەهاتووە ئامارسازییەکی ژمێریاریانەی وا بکات، کە بەهۆیەوە زۆری ژمارەی (بەرکار)ەکان و کەمی (بکەر)ەکان بدۆزێتەوە یان بۆچی بەکارهێنانی ئەو شێوازەی (جمع التكسير) زیاترە لە شێوازەکانی دی، یان ناوی ئامێری پێوەرانە بۆچی زیاترە لە ناپێوەرانە، لە چەرخی تازەشدا هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان بۆ یەکەمجار هەستان بە بەکارهێنانی (ئامار) لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا کرد، لەوانە بۆ نموونە (برێل Brill) کە کۆمەڵە ئامارێکی ئەو وشە عەرەبییانە بڵاوکردەوە، کە لە ڕۆژنامەکاندا بەکاردەهێنرێن و ڕێژەی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی هەر یەک لەو وشانەی خستەڕوو، هەروەها (لانداو Landau) بە هەمان شێوە تۆمارێکی بۆ ئەو واژە بەکارهێنراوانە خستەڕوو، کە لە پەخشانی ئەدەبیدا نووسراون، ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکە بە ناوی (فرۆم From) ئامارسازییەکی بۆ ئەو (کار)ە باوانە کرد، کە لە زمانی هاوچەرخدا زۆر بەکاردەهێنرێن، هەموو ئەو پرۆژانەش کە ئەنجامیاندا، لە بواری فەرهەنگیدا جێی دەبێتەوە[١].

---

١- ماريو باي، أسس علم اللغة، ص ١٥٠ – ١٥٢.

ئیدی هەرچی چۆنێک بێت، ئاماریی پاڵپشتە بۆ ڕێبازی وەسفی، لە پێششتریشدا پاڵپشت بوو بۆ ڕێبازی بەراوردکاری و ڕێبازی بەرانبەریی، لەبەر ئەوە ئاماریی - ئامرازە و ڕێباز نییە، بۆیە دەکرێ لە ڕووی وەسفییەوە توێژینەوە بۆ دەنگەکانی زمان بکەین، بە شێوەیەک پشت بە ئامارکردن ببەستێت، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ورد، هەروەها دەتوانین لە بواری ڕێزماندا بەدوای ئەم مەسەلەیە بکەوین، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە، بۆ نموونە بڕوانە ئەو بۆچوونانەی، کە ڕێزماننااسان دەربارەی ئەو ناوانەی بە (واو) ڕەفع دەکرێن و بە (ئەلف) نەسب دەکرێن و بە (یاء) (جەڕ) دەکرێن، لەلای هەندێک لەو ڕێزمانناسانە پێنجن، لەلای هەندێکیشیان شەشن، کەچی لای خەڵکی و لە کاتی بەکارهێنان و لە نووسیندا تەنها سێیە و زیاتر نییە، هەندێک لەو توێژەرانەش دەبینین ئامار بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە بەکارهێنانی سێ دانەیان، کە (هنو، حمو، فو) لە حوکمی سفردایە، ئەویش بە هێنانەوەی بەڵگە بە کۆمەڵێک نموونە و نامەی نووسراو چ تازە و چ کۆن، واتە سەردەمی بەڵگەهێنانەوەی ڕێزمانیی[1]. لەگەڵ ئەوەشدا

---

١- ابراهيم خليل، في اللغة الأدب و أدب اللغة، مجدلاوي للنشر و

ڕێزمـانی عەرەبـی هەر لە سـەردەمی (ئـەبی ئەسـوەد) و (عـەنبـەسـە فیـل) و (عیسـای کـوڕی عومـەر) بـاس لەوە دەکات، کە ناوەکان ژمارەیان شەشە، جا گەر دەرەنجامی ئامariانەی ئەم توێژینەوانەی ئێستا بەهەند وەرگرین، ئەوا دەبێ چاو بە خوێندنی ڕێزمان لە قوتابانەکاندا بخشێنینەوە و دەستبکەین بە لابردنـی ئەو نـاوانەی کە عەقڵ و هۆشـی قوتابیـان تێکـدەدەن و لە بابەتەکانـدا درێژدادڕیـی دەکەن، تاکو بتوانین پاکژکارییەک بۆ وانەی ڕێزمانی ئەنجام بدەین و لە هەمـوو ئەو شـتانە دووربکەوینەوە، کە لە گوتارماندا بەکارناهێنرێن.

**ڕێبازی کارەکی(پراکتیکی)** Practical Approach

ڕێبازی کارەکی لە توێژینەوەی زمانەکاندا لەسەر پایەی سـوودوەرگرتن لەو ڕێبـازانەی پێشـوو دەوەسـتێت، هەروەها هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنـی شـتە تیۆرییەکـان و ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکانـدا دەسـت دەکەون، لەگـەڵ پرۆسەکانی فێرخوازیدا پێکەوە دەبەستێتەوە جا چ ئەوانەی قسـەی پێـدەکەن یـان ئەو منـداڵ و هەرزەکـارانەی فێـری دەبـن، یـان ئەو تەمەن گەورانەی بە هەمـان شـێوە

---

التوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٨، ص ١٢٧.

خوازیاری فێربوونن، هەر لەبەر ئەمە چەندەها دەزگا و کۆمەڵەی زمانەوانی پەیدابوون، بۆ نموونە:( کۆمەڵەی بەریتانی بۆ زمانەوانییە پراکتیکییەکان١٩٦٧)، (کۆمەڵەی ئوسترالیا بۆ زمانەوانییە پراکتیکییەکان) و (کۆمەڵەی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٧٧)[١] دامەزرا، لەبەر ئەوە وا دەڕوانرێتە زمانەوانییە پراکتیکییەکان کە خاڵێکی گەیەنەرن لەنێوان زمانەوانی گشتی و زانستەکانی دیکە، کە لەپێش هەمووشیانەوە دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زانستەکانی پەروەردە و زانستەکانی دیکەش[٢].

بەکورتی دەتوانین بڵێین زمانەوانی گشتی وەسفێکی وردمان بۆ زمان پێدەبەخشێت، بۆ ئەوەی ڕێبازی کارەکی لە کاتی وتنەوەی وانەی زمانەوانی سوود لەم وەسفە وەرگرێت، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی گیروگرفتەکانی وەرگرتنی زمان، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە ئامراز و تەکنیکارییەکان دەبەستێت، بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکانی وانەوتنەوە، وەکو تیۆرەکانی فێربوون و شێوازەکانی

---

١- أحمد فتيح، في علم اللغة التطبيقي، دار الفكر العربي، القاهرة، ط١، ١٩٨٩، ص ١٠.

٢- أحمد فتيح، في علم اللغة التطبيقي، ص ١٤.

وانەوتـنەوە[1]، جـا لەبەر ئەوەی خوێنـدنی کـارەکی چەنـد ئامانجێــک دەپێکێــت، کە لەگــەڵ خوێنــدنی تیۆریــدا لە بوارەکــانی پەیڕەوکردنــی ڕێبــازی ســتاندارد و وەســفی یــاخود ئامــاری.. هتـد. جیاوازییــان هەیە، لەبەر ئەوە زۆر پێویســتە جەخــت لەســەر ئەوە بکەیـنەوە، کە زمــانەوانی کارەکی کۆپییەکی سەد دەرسەدی زمانەوانی تیـۆری نییە، ئەو جیاوازییــانەی لەنێوانیشــیاندا هەیە، بــۆ جیــاوازی لە ئەرکەکـان و پێکـانی ئامانجەکـان دەگەڕێـتەوە، بـۆ نمـوونە زمــانەوانی گشــتی ئەو بنەمایانەمــان پــێ دەناســێنێت، کە بەکارهێنــانی واژەکــان و پەیوەنــدی واژە بە مانــاوە و پێشڤەچوونی واتای واژەکان لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی دی لەســەری دەوەســتن، جــگە لەوەش پایەکــانی یاســا جیاوازەکـانی یەک زمـانی دیاریکراومـان پـێ دەناسـێنێت و وەسفی ئەو پەیوەندیانەمان بۆ دەکات، کە لەنێوان واژەکان و لەنێــوان ئەو یاســایانەدا هەیە، کە کــۆنترۆڵی ڕەوشــی وشــەکان و خۆشـاردنەوەی هەنـدێک وشــەی دیـکە دەکەن، ئەم شـارەزاییەش بەم سیسـتەمە لە ڕووی پـراکتیکییەوە لە هـونەری نووسـینی فەرهەنگەکانـدا دەردەکەوێـت، جـا ئیـتر فەرهەنگــی ئیتمۆلــۆژی بێــت، واتە بەپێــی ڕەگ و ڕیشــاڵی

---

١- أحمد فتيح، في علم اللغة التطبيقي، ص ٢٣.

زمانەوانی ئامادەکرابێت، یان فەرهەنگی جۆری دیکە بن، بێگومـــان نووســـەری فەرهەنگەکـــان لە پراکتیزەکردنـــدا ڕووبەڕووی چەندەها گیروگرفت دەبێتەوە، کە لە تیۆریدا دەیدۆزنەوە و دەستیان دەکەوێت.

ڕێبـــازی کـــارەکی دەتوانێـــت بـــابەتەکە بە ڕێبازەکـــانی وانەوتـــنەوە ببەســـتێتەوە، هەروەک پێشـــتر باســـمانکرد، هەروەهـــا دەتوانێـــت تەکنـــیکە بەکارهێنراوەکـــانی بـــواری فێربوون و فێرکردن بەکاربێنێت: وەکو: ڕادیۆ و مسـەجەل و سیدییەکان و گرامۆفۆن و سبکتۆگراف و (کاریگەکانی زمان) و ڤیدیۆ کاسێت، هەموو ئەم ئامرازانە لە فێرکردنی فێرخـوازان و وانەبێـژان ڕۆڵ دەگێـڕن، بـۆ ئەوەی بتـوانن درک بەو جیاوازیـانە بـکەن، کە لە ئەداکردنـی درکاندنـدا هەن، بۆ جیاکردنەوەی (دەنگی بەرز) لە (دەنگی چرپەیی) و دەنگـی (داخـراو) لە (دەنگـی کـراوە) و (دەنگـی گیـراو) لە(دەنگی خشکەیی) و..هتد. هەروەهـا بـۆ نموونە تـوێژەر دەتوانێـت کـۆمەڵە کـاغەزێکی تـاقیکردنەوە لە ژمـارەیەک قوتابی لە قۆناغێکی دیاریکراودا وەربگرێت و تیشک بخـاتە سەر ئەو هەڵانەی لە ڕێنووسی نووسیندا ئەنجامی دەدەن، بـــۆ نمـــوونە نووســـینی (هـــەمـــزە) یـــان ئەو هەڵانەی لە بەکارهێنـانی هێماکـانی نمـرە نووسـین ڕوودەدەن، پاشـان

خشـــتەیەک ئامـــادە بکـــات چەنـــدەها جـــۆر لەم هەڵانە لەخۆبگرێـت، وەک ئەو هەڵانەی لە کـۆنترۆڵنەکردنی نێـوان (بەســـتنەوە) و (دابـــڕان)ەوە دروســـت دەبـــن، یـــان ئەو هەڵانەی لە ڕەچـاونەکردنی بـزوێنەری شـلۆقەییەوە پەیـدا دەبن، یان ئەو جیاوازیانەی لەنێوان: (أصدقاؤە، أصدقائە، أصـــدقاءە) ســـەرهەڵدەدەن، پـــاش ئەمەش هەڵدەســـتێت بە دەرکردنـــی ڕێژەکـــانی هـــاتنی ئەم هەڵانە و ڕێکخســـتنی تۆمارێــک بەم ڕێــژانە، بەشــێوەیەک ئەوانەی زۆر بـــاون، لەوانــی دی جیـابکرێنەوە، کە زۆر بـاو نـین، ئەویـش بـۆ ئەوەی ئەو هەڵانە دروسـت نەبـن و تەنهـا جەخـت لەسـەر واژە باو و زۆر بەکارهێنراوەکان بکرێتەوە.

ئەم تـــوێژەرە پشـــت بە زانـــین و ناســـینی سیســـتەمی نووســین دەبەســتێت، کە ئەویــش زانینــێکە لە زمــانەوانی گشتییەوە هەڵگۆزراوە، هەروەها لەسـەر زانینـی تیۆرەکـانی ڕێزمـــان و بەکارهێنـــانی ڕێبـــازی ژمـــارەی ورد پـــایەی داکوتـــــاوە، بـــــۆ ئەوەی هەمـــــوو ئەو شــــــتانە لە ڕووبـــــەڕووبـــــوونەوەی گیروگـــــرفتە پراکتیکییەکـــــان بەکاربهێنێت.

## ڕێبازی عەرەبە دێرینەکان لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا

ڕێبــاز لە تــوێژینەوەدا چ زمــانەوانی و چ ئەدەبــی بێــت، ڕێگا، ڕێچکە، یان شێواز دەگەیەنێت، هەروەها ڕێبـاز: ڕێگا دەگەیەنێــــت، خــــوداى گەورە لە ســــورەتى مائیــــدەدا دەفەرمووێت (**لكل جعلنا شرعةً و منهاجاً**)[1]، لە فەرموودەیەکدا کە لە (ئیبن عەباس) (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە: ((پێغەمـبەر (د.خ) پـێش ئەوەی بمرێـت، لەسـەر ڕێگـایەکی ئێـوەی بەجێهێشـت))، واتە: ڕوون. نهجـت الطریـق: پیایـدا ڕۆیشــتم، فیـومی لە کتێبــی (المصــباح المنیــر)دا وتــویەتی (الــنهج) وەکـو: (الفلــس) وایە و ڕێگــای ڕوون و ئاشــکرا دەگەیەنێـت، هەردوو (المــنهج) و (المنــاهج) یەکــن، (نهــج الطریق، واتە ڕوون بووەوە و ئاشکرابوو[2].

لە ڕووی زاراوەشــەوە، وشــەی (مــنهج ـ ڕێبــاز) ئەو ڕێچکە دیاریکراو و ئەو پلانە پتەوە دەگەیەنێت، کە توێژەر بـۆ ئامـادەکردنی تـوێژینەوەکەی لە سـەرەتای هەڵبژاردنـی بـابەتەکەیەوە تـاکو کۆتـایی لەسـەری دەڕوات، هەروەهـا

---

١- ئایەتی ٤٨ ، سورەتی مائدە.

٢- أحمد بن محمد بن على المقري الفیومي ، المصباح المنیر، دار الحدیث، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣.

ڕێباز ئەم شتانە لەخۆ دەگرێت: ڕێکخستنی وردی بابەتەکە و شیکردنەوە بەهۆی یەکێک لەو ڕێگا و شێوازانەی لە تێڕوانینی بابەتەکەدا پەیڕەو دەکرێت و هەڵگۆزینی ئەنجامەکان بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینەکان و سەلماندنی ئەو شتانەی دەیانزانین، بۆ بەخشینی سیفەتی ڕاستەقینەی یەکلاکەرەوە، نەک ڕاستەقینەی گومانئامێز[1].پێشووتر هۆشداریماندا سەبارەت بەو ڕێبازەی عەرەبە دێرینەکان پەیڕەویان لێدەکرد، ئەوەشمان وت، کە ئەوانە جارێک وەسفی دەبوون و جاری وا هەیە ستانداردی دەبوون و کەمجاری واش هەبووە ڕێبازی دیکەیان بەکارهێنابێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە سەلیقە و زەوقی خۆیان گەیشتنە زۆری ئەو بۆچوونە زمانەوانیانەی کە لەلای زمانەوانە تازەکاندا هەیە.

لە ڕووی واتایشەوە ڕێبازی ئەو زمانەوانانە مۆرکێکی وەسفی تەواوی بەخۆوە گرتبوو، ژمارەیەکی زۆریان ئەو واژانە دیاری بکەن کە لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن، ئینجا ڕێکیان بخەن و لە پەیامەکاندا ڕیزبەندییان بکەن و لە نووسینی بچووکدا تۆماری بکەن،

---

١- سلطان أحمد، منهج البحث اللغوي، مطبعه الأمانة، مصر، ط١، ١٩٩١، ص ٢٠ – ٢١.

لەم کارەشـیاندا پـێش زمـانەوانە هاوچەرخەکـانی ڕۆژئـاوا کەوتـن، کە لەم بـوارەدا دەیاننووسـی، کە ئەو کارانەیـان بە (بـوارە واتاییەکـان) (Semantic Fields) ناسـرا، ئەو نموونـــانەش ئامـــاژە بـــۆ پەیڕەوکردنـــی ئەم شـــێوازە و پابەنـــدبوونیان پێـــوەی لە کـــۆکردنەوەی بـــابەتی زمانـــدا دەکەن، زۆرن لەوانە بۆ نمـوونە: لە پەرتووکەکانی (البنـات والشـجر وخلـق الانسـان)ی (ئەسـمەعی) پراکتیزەکردنێکـی پێشـــوەخت بـــۆ ئەم بیـــرۆکە هەیە، بەهەمـــان شـــێوەش پەرتووکی(الخیـــل)ی (ئـــەبی عوبەیـــدە موعەممـــەڕ ئـــین موسەننا) هەمان ڕێبازی تێدا پەیڕەوکراوە، جا ئەم ڕێبـازە لە نووسـینی بـابەتە زمانەوانییەکانـدا پەیـڕەو دەکـرا، تـا ماوەیەکی زۆر مـایەوە و هەر پەیـڕەوی لێدەکرا، لە بەشـی (خلق الانسان) ئەو واژانە کۆکراونەتەوە، کە پەیوەندیان بە ناوی ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە هەیە، چ ئەو ئەندامانەی دەبینـــرێن و چ ئەوانەی لە جەســـتەی مرۆڤـــدا شـــاراوەن، لەوانە بـۆ نمـوونە پەرتـووکی (خلـق الانسـان)ی (سـابت کوڕی سـابت ٢٧٠ هـ) و پەرتـووکی (المنجـد فـي اللغـة)ی (کەراع نەمل) و پەرتووکی (خلق الانسان)ی (زەجاج ٣١٠

هـ) و پەرتـووکی (اسـماء اعضـاء الانسـان)ی (ئیـبن فـارس ٣٩٥ هـ) و پەرتووکی (خلق الانسان)ی (ئیسکافی)[١].

پەرتـووکی (المخصـص)ی (ئیـبن سـەید ئەندەلوسـی)یش (٤٥٨ هــــ) لە هەمـــوو ئەو پەرتووکـــانەی لەم بـــوارەدا گشـــتگیرتربوو، چـــونکە تێیـــدا ئەو بـــنجە پێشـــەنگانەی بە لقکردنمـان بەرچـاو دەکەوێـت، کە لەسـەر بەدواداچـوونی شـــێوازەکانی وشەســـازی و داتاشـــراوە و لە ڕەگەوە بونیـادنراوە، لە هەمـان کاتیشـدا پارێزگـاری لە پێکهـاتە دەنگیـیەکەی وشـە لە زۆربەی لایەنـەکانی گۆڕانکـارییەوە دەکـات ، کە بەهەمـان شـێوە بە مەبەسـتی ئاماژەکردن بـۆ ماناکانی کە لە چوارچێوەی مانا هەمەکییەکـەدا بخولێتەوە دادەتاشـرێت[٢]، ئەم ڕێکخسـتنەی کە (ئیـبن سـەیـدە) و زاناکـانی دی دایانهێنـا، وەکـو: هەمـەدانی و سـەعالبی لە فەرهەنـــگە بەشـــبەندییەکاندا، کـــە ڕۆژئاواییەکـــان بە: (ڕێکخسـتنی چەمکـی واژەکـان نـاوزەدی دەکەن، بێگومـان ڕێکخستنێکە بواری زانسـتی هـاوچەرخ پێویسـتیان پێیەتـی، چـــونکە لە زانســـتی هاوچەرخـــدا پێویســـتە واژە

---

١- عزوز أحمد، اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ط١، ٢٠٠٢، ص ٢٦.

٢- عزوز أحمد، اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، ص ٣٢.

بەکارهێنراوەکـان بـابەتێکی دیـاریکراو وا هەڵبژێـردرێن و دەستنیشـــان بکــرێن، کە لەگـــەڵ داهێنـــانە تازەکـــان و زاراوەکانیـــان گونجـــاوبن، جـــا فەرهەنگـــی چەمکیـــی دەستنیشانکردنی شوێنی وشەکان لە بوارە واتاییەکەیدا بۆ توێژەران دەستەبەر دەکات و بواری بەکارهێنانی ئێستا و بەکارهێنـانە ئەگەرکراوەکـان پێشـکەش بە تـوێژەر دەکـات، ئەمەش فەرهەنگی زاراوەیی بۆ ماوەیەکی زۆر دەوڵەمەند دەکات.

سەرباری ئەوەی ئەم ڕێگایەی زانایانی زمانی عەرەبی کـۆن پەیڕەویـان لێکـرد، بـۆ ئەو تەواوکـارییەی لە زمانـدا هەیە پەلکێشـــمان دەکەن، یـــان کەلێـــنە واتاییەکانمـــان پێدەناسـێنن، ئەویـش لە بوارێـک یـاخود دوو بـواردا، بـۆ نمـــــــوونە گەر هەســـــــتین بە کـــــــۆکردنەوەی واژە بەکارهێنراوەکـان لە وەسـفکردنی بەفـر و سـەهۆڵدا و ئەو واژانەی پەیوەســتن پێیـــانەوە، تەنهـــا یەک دوو واژەمـــان بەرچـــاو دەکەوێـــت، کەچـــی گەر بە دوای واژەکـــانی پەیوەسـت بە (دار خورمـا) یـان (حوشـتر) یـان (شمشـێر) یـان (شـێر)دا بگەڕێـین، لـە زمـانی عەرەبیـدا وشـەگەلێکی زۆرمـــان بەرچـــاو دەکەوێـــت، هەروەهـــا گەر بەدوای ئەو وشـــانەدا بگەڕێـــین کە لە بـــواری خزمـــایەتی لە زمـــانی

ئینگلیزیـدا بەکـاردەهێنرێن، دەبینـین ئەم زمـانە لە بـواری خزمایەتیدا هەژارە، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا وشـەیەک نییە برای باوک لە برای دایک جیابکاتەوە، چونکە هەردووکیان بە وشـــەی (Uncle) گوزارشـیان لێـدەکرێت، کەچـی لە زمانی عەرەبیدا بۆ برای باوک (مامە، مام) بەکاردەهێنرێت و بۆ برای دایک (خاڵ ـ خاڵۆ) بەکاردەهێنرێت[1].

ئەم شـتەش ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات، کە زمـانەوانە دێرینەکـانی عەرەب درێغیـان لەوەدا نەکـردووە ڕێبـازی ڕاسـت و دروسـت لە بـواری کـۆکردنەوەی مـاددەی زمانەوانیدا پەیڕەو بکەن، پاشـان بەپێی بابەت و ماناکـان ڕێکیان بخەن، جگە لەوەش ئەو زانایانە وەک پرەنسیپێک کاریان بە (پاککردنەوە ـ گەڵاکردن) کرد، چونکە تەنها لە هـۆزە ڕەسـەن و پەتییەکـانەوە زمانیـان وەردەگـرت و لە شوێنە تازەکان و شارەکان فێری زمـان نەدەبوون، یان لە کەسـێکەوە زمـان فێـر نەدەبـوون، کە لە شـار ژیـا بێـت و هاموشـۆی شـاری کردبێت، ئەویـش بـۆ ئەوەی وشـەی وا نەیەتە ناو زمانیانەوە، کە نامۆ بێت و سەر بە ڕەسەنایەتی زمـانەکە نەبێت، هەر لەم ڕووەوە ئەو شـتانەیان لەبەرچاو

---

[1]- علي عبدالواحد وافي، اللغة و المجتمع، دار نهضة، مصر، القاهرة، ١٩٧١، ص ١٣.

دەگرت، کە لە فەرهەنگەکانیان تۆماریان دەکەن و بەوردی لێکیانیـان دەدایەوە، جـا چ دێـرە شـیعرییەکان بێـت یـان دەقەکانی پەخشان یان ئایەتەکانی قورئان یان فەرمـوودەی پێغەمبەر (د.خ) بێت، هەروەهـا لە ڕووی چاودێریکردنەوە، زانا کۆنەکـان گرنگییەکـی وەسفیان بە هـاوبێژی و فرەواتـا دەدا، کە جیـاوازیی زۆریـان تێـدایە، هــەروەها دژواتــا کە مانـای بەکارهێنـانی واژەیەکە بـۆ دوو مانـای جیـاواز و دژ بە یەک، وەکـو: وشـــەی (الجـون)،: کە بـۆ سـپی و بـۆ ڕەشیش بەکاردەهێنرێت، (الجلل) بۆ گەورە و بچووکێش بەکاردەهێنرێـــت، (الصــریم) بـــۆ شـــەو و بـــۆ ڕۆژیـــش بەکاردەهێنرێت. لەم وشە هەمەجۆرانەدا (ئیبن ئەنباری) لە پەرتووکێکی مەزندا کۆی کردەوە و دابەشـی کرد و نـاوی نا (الاضداد ـ دژواتاکان)، [1] پەرتووکەکانی پێش خـۆی تێیدا تۆمـارکردبوو. لەمـانەی وتمـانن بۆمـان دەردەکەوێت، کە ئەو زانایانە هەردوو ڕێبازی وسفی و ستانداردیان ئاوێتە کــردووە، ئەوان گرنگیـــان بە کـــۆنترۆڵکردنی ڕەگەکـــان و پــۆلێنکردن و داتاشـــینی ئاوەڵنـــاو و نـــاو و کردارەکانـــدا، هەروەهـا گرنگیـان بە دابەشـکردنی فەرهەنگـی دەدا بەپێـی

---

[1]- محمد بن القاسم الانباري (٣٢٧ هـ) کتاب الاضداد، حققه محمد ابو الفضل ابراهیم، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ط١، ١٩٨٧.

ماناکـــان و مەبەســـتەکان، جـــاری واش هەیە گرنگیـــان بە ڕێکخستنی دەنگی داوە و تێیدا پێوەرە سێینە و چوارینە و پێنجینەکانیـــــــان بەکارهێناوە...هتـــــــد. هەروەهـــــــا لەو پۆلێنکردنـــانەدا (معتـــل) و (صـــحیح) و (مضـــعف) و (غیـــر مضـــعف)یان لەیەک جیـــاکردەوە و پۆلێنیـــان کـــردن، کە بە گوێرەی ڕوانگەی وەسفین، بەهەمـان شـێوەش هەسـتان بە ئەنجامـــدانی پرۆســـەکانی گەڵاڵەکـــردن و پاکتـــاوکردن و وردبینـــی و لابردنـــی وشـــە نامۆکـــان و زیادەڕەوییەکـــان و تەعریبکراوەکان و قەرزکراوەکان و جیاکردنەوەی پەتی لە واژەی پەتیتـــر، ئەویـــش لە ڕوانـــگەی زمـــانی هاوبەشـــی عەرەبیـــــیەوە، کە زمــــــانی قورئـــــانە، بەو ئیعتیبـــــارەی نموونەیەکی باڵایە و پێوەرێکە ڕاست و هەڵەی پێ لە یەک جیا دەکرێتەوە، ئەو زانایانە لە باسکردنی هەندێک لایـەنی زمان ئەوەیان سەلماند، کە ستانداردن، نەک تەنها وەسفی.

جگە لەوەش ڕێبازەکەیان لە ڕێزماندا جارێک بە وەسفی هەژمـاردەکرا، ئەویـش لە کـاتی بەخشـینی گرنگییەکـی زۆر بە گـــوێگرتن، هەروەک لەلای ڕێزماننناســـەکـــانی کـــوفە دەردەکەوێت، جاری واش هەیە ئەو زانایانە ستانداردخواز بـــوونە، چـــونکە زیـــاد لە پێویســـت پشـــتیان بە (پێوانـــە) دەبەسـت، ئەوانە زیـاتر گرنگیـان بە ڕەچـاوکردنی (یاسـا)

دەدا، نەک شـــێوەی پراکتیکـــی زمـــان، هەروەکـــو لەلای ڕێزماننناسەکانی (بەسرە) دەردەکەوێت، (پێوانە)ش لقێکە لەســەر بـنەچەیەک بە گـوێرەی هـۆیەک و پراکتیزەکردنـی بنەچەیەکـیش لەسـەر لـقەکە، وەکـو ئەوەی بڵێیـت کـارە ڕانەبـووردووەکە بە پێـوەری نـاوە وێکچـووەکەی شـرۆڤە بـــکە، یـــان گەر (لا)ی نـــەرێی ڕەگـــەزت نەســـبکرد و گوزارەکەت  بە پێوەری (ان) ڕەفعکرد، لەسەر ئەم بنەمایە پێوانەکە پێویستی بە چوار شت هەیە، کە ئەمانەن:

**١. پێوەر.**

**٢. ئەو بنجەی پێوانەی لەسەر کراوە.**

**٣. هۆیەکە.**

**٤. بڕیار.**

تێبینیکـــــراوە (ســـــیبویە) لەو زمانەوانــــانەیە کە لە پەرتووکەکانیـــدا هەردوو ڕێبـــازەکەی وەرگرتـــووە، ئەو شتەی کە ئاماژە بۆ وەسفیبوونی (سیبویە) دەکات، ئەوەیە بە بەردەوامـی پشـتی بە (جێگـۆڕکێی) بەسـتووە، ئەمەش لەو شـێوازانەیە کە وەسـفییەکان لە هەڵهێنجـانی یاسـاکاندا پەیڕەویـــان لێکـــردووە، ئەو لە پەرتووکەکەیـــدا زۆر ئەم گوزارشـەی بەکارهێناوە: ئەمە لەم پێگەیەدایە، یان: وەکو ئەو گوزارشـــەی دیـکەیە، یـــان: هەروەک بڵێـــی تـــۆ وات

وتووه[1]. هەروەها (سیبویە) جگە لە شێوازی جێگۆڕکێی، پەنا دەباتە بەر پرەنسیپی دابەشکردنی تەواوکاری، مانای ئەوە دەگەیەنێت بوونی توخمێک یان پایەیەک لە پایەکانی ڕستەکە، دەبێتە هۆی شاردنەوەی پایەیەکی دیکە، بۆیە یەکێکیان شوێنی ئەوی دیکەیان بگرێتەوە، لەوانە بۆ نموونە باسکردنی (التنوین) و (ال التعریف)، کە هەر یەکێکیان لە قسەکەدا بوونی هەبێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەوی دی دەبێ لابچێت و نەمێنێت، بە هەمان شێوەش (التعریف) و (الاضافة) لەم نموونانە لە پەرتووکەکەیدا زۆرن[2].

هەر کەسێکیش کە بە قوڵی بڕوانێتە بەشبەندییەکانی مەسەلە ڕێزمانییەکان لە پەرتووک و نووسراوەکان، تێبینی مۆرکی وەسفی دەکات، کە لەگەڵ ڕێبازی

---

[1]- محمود نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٢، ص ٢٠٧. هەروەها بڕوانە: يوسف الخشكي، علم الدين السخاوي و جهوده في اللغة و النحو، منشورات أمانة عمان، عمان، ط١، ٢٠٠٧، ص٤٥ ـ ٤٦. هەروەها بڕوانە: نوزاد حسن أحمد، المنهج الوصفي في كتاب سيبويه، منشورات جامعة قار يونس، بنغازي ـ ليبيا، ط١، ١٩٩٦.

٢- محمود نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي، ص ٢٠٩.

ستانداردda لە ڕێزمانی عەرەبیدا ڕێژەیەک تێکەڵیان هەیە، لە زۆربەی زۆری ئەو نووســـــراوانەدا ڕێزماننناســـــەکان ڕەچاوی ئەرکەکان دەکەن، بۆیە بەشەکانی پەرتووکەکە لەسەر ئەرکەکانی قسەکردن ڕێکدەخەن، بۆ نموونە دەڵێت ئەم بەشە (نیهاد) و ئەمەش بەشی (بکەر)، و ئەم بەشەش بۆ (ناو)ێک دانراوە، کە لەجیاتی (بکەر) بێت....هتد. لەوانەشە ڕێکخستنەکە پەیوەندی بە جۆری قسەکردنەوە هەبێت، لەپاش ناوەکان کارەکان دێنە پێشەوە، پاشان پیتەکان و ئامرازەکان، پاشانیش هاوبەشەکە دێتە پێشەوە، هەروەک لە پەرتـــووکی (المفضـــل)ی (زەمەخشـــری)دا هەیە[1]، لەوانەشە ئەم باسکردنە لەژێر کاریگەری فاکتەری قسەکەدا بێت، چونکە یەکەمجار باس لە (مەرفوعات) دەکرێت، پاشان (مەنسوبات)، ئینجا (مەجرورات) و ئینجا باس لە (مەبنی) دەکرێت و ئیدی بەمشێوەیە، بەڵام ئەوان لە هەموو ئەم شتانەدا هەمیشە ڕەچاوی یاساکە دەکەن و پێش پرۆسەی پراکتیکییەکەی دەخەن، جا گەر قسەکە لەگەڵ یاساکە نەگونجا، ئەوا بە هەڵە و بە نامۆیی لە قەڵەم دەدەن، لەکاتی باسکردنی ڕێبازی ستانداردda ئەم

١- غانم قدوري احمد، ابحاث في العربية الفصحى، دار عمار للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٥، ص ٢٤١.

مەسەلەیەمان باسکرد و بۆ روونکردنەوەی ئەم تێڕوانینە، نموونەمان بۆ هێنایەوە.

ڕێزماننناسەکان زۆر گرنگییان بە وشەسازی داوە، چونکە ئەوان تەنها پێوەرەکانیان وەسف نەدەکرد، کە بەکارهێنەرانی زمانی عەرەبی بۆ بەدەستهێنانی وشەی تازە، یاخود فۆرمەلەی تازە لە ڕەگە ڕەهاکانەوە پشتی پێ دەبەستن، بەڵام توانیان یاساکانی وشەسازی یان یاساکانی داتاشین وا لێکەن، کە قسەکەر بەناچاریی پەنای بۆ بەرێت و یەک پێوەریان بۆ بەکاربهێنێت، ئەویش بۆ پاراستنی بنجی زمان لە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بۆ نموونە ناوی ئامێر لە (ثلاثي) یەک فۆرمەلە دەکرێت، کە لەسەر کێشی (مفعال) و (مفعل) و (مفعلة) بێت، هەروەها (منشار) لەسەر کێشی (مفعال)ە، و ناکرێ بلێین (ناشور)، چونکە گەر وا بکەین، ئەوا بەهەڵە دادەچین، یاساکە وا دەخوازێ پیتی (م) لە سەرەتای وشەی ئامێردا بێت، وەکو (مقدح ـ چەخماخ) و (مشنقة ـ قەنارە) و (میزان ـ تەرازوو)، لە زمانی عەرەبی هاوچەرخیشدا دەڵێین: (خلاط: تێکەڵکار) (غسالة: جلشۆر) (حاسوب: کۆمپیوتەر) (ساخور: چەپەجاخ)،(شاکوش: چەکوش) (صاروخ: موشەک)، (زامور ـ زوڕنا)، (جاروش: دەستاڕ) (طاحون:

ئـاش)، هەمـوو ئەمـانەش لەسـەر پێوەری زمـانی عەرەبـی نـین، کەچـی هەمـان ئەو مانـایە دەبەخشـن، کە نـاوی ئـامێرەکە بە شـێوازە پێـوەرییەکەی دەیبەخشـێت، بەڵام هەمـوو ئەم شـێوازانە لە ڕووی سـتانداردەوە ورد نـین، چونکە دەبێ بڵێین (مطحنـة) لەجیاتی (طـاحون)، (مخلطـة) لەجیاتی (خـلاط)، (مغسـيلة) لەجیاتی (غسـالة)، (مجرشـة) لەجیـاتی (جـاروش)، (مزمـار) لەجیـاتی (زامـور)، و (محسـاب) لەجیاتی (حاسوب) و......هتد.[1]

تـوێژینەوە عەرەبییەکـان بەگشـتی دەربـارەی دەنـگە زمانەوانییەکان سازدەدران و مۆرکی وەسفیان هەڵگرتبوو، ئەمەش شـتێک بـوو پەیوەنـدی بە سروشـتی مـاددەکەوە هەبـوو، یەکەم کەس کە گرنگـی بە دەنگەکانـدا (خـەلیـل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی ١٧٥ هـ) بوو، کە تەنها وەسفی هەنـدێک لە ئەنـدامەکانی درکانـدنی کـرد، وەکـو: قـوڕگ و چەنـاگە، ددانە گەورەکـان، زمـان، ئەم زانـایە سـازگەی دەنگەکانی بۆمان وەسف کرد، جا چ لە قورگەوە بن یان لە دەمەوە بن، هەروەهـا دەنگەکـانی بە شـێوەیەکی دەرەکیـانە

---

١- محمد بهجت الأثري، نظرات فاهمة في اللغة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٩١، ص ٣٢، بۆ زیاتر زانیاریش بگەڕێوە بۆ لاپەڕەکانی ٣٩ ـ ٧٨.

ڕێکخست و له دەستپێکی قورگەوە تاکو دەگاتە لێو و بەشەکانی ناوەوە، هەروەها باسی له پێکهاتەی دەنگی کرد له وشەی عەرەبی و ئەو پێگە دەنگیانەی خستەڕوو، که له چوارینه و پێنجینەکان پێکهاتبوون[1]، جا گەر لەم وەسفە تێڕامێنین دەبینین لەو شتانە تێپەڕ ناکات، که هاوچەرخەکان باسیان لێوەکردووە، لەکاتی وەسفکردنی ئەندامەکانی درکاندن و شێوازی بەرهەمهێنانی دەنگ و سیفەتە فیزیایی و درکئامێزەکان بەهەموو دەنگە بەرز و چرپەکراوەکانەوە، ئەمانەی دوایش له زاناکانی دەنگ، جگە له وەسفکردن، پرۆسەی شرۆڤەکردنیشیان هێنایە گۆڕێ و ئاماژەیان به (التضعیف ـ دووقاتکردن) و هۆکارەکەی کرد و باسیان له (جێگۆڕکێ) و هۆیەکەی کرد، هەروەها باسیان له (وێکچوون) یان (هاوکاتبوونی دەنگ)، لەگەڵ دەنگێکی دیکەدا کرد، هەروەک بڵێی له یەک سازگەوە دەرچوونە، بەهەمان شێوەش ئاماژەیان به تێربوونی بزوێنەرەکان یان وەرگرتن و پڕاوپڕبوون و ناسککردنەوە

---

١- احمد مختار عمر، البحث اللغوي عند العرب، دار المعارف، مصر، ط١، ١٩٧١، ص ٧٦ – ٧٧.

کـرد، ئەم حاڵەتـانەش لە ڕوانـگەی گرنگیـدانەوە بـوو بە زەنگی زمان و مۆزیکی قسەکردن[1].

بە کورتی دەڵێین ڕێبازی عەرەبە دێرینەکان لە بواری توێژینەوەی زمانەوانیدا بە زۆری پشت بە ڕێبازی وەسفی دەبەستێت، بەڵام لە هەمـان کاتـدا خـاڵی نییە لە ڕێبـازی ستاندارد، کە پارێزگاریکردن لە زمانی عەرەبی پەتی تاکە پاڵنەری بوو، یان پاڵنەرەکە ئەوەبوو زمـانێکی نموونەیی پـاک و پـاکژ لە ئـاڵودەبوون پارێزگـاری لێبکرێـت، کە دووربێـــت لە کـــاریگەربوون بە زمانەکـــانی دی، بەڵام زمانەکان وەکو زانراوە ناکرێ بە یەک شێواز تا هەتایە بمێننەوە، چونکە وەک ئەو کۆمەڵگەیە وایە، کە هەمیشە لە گۆڕانکاریـدایە و ئەمـیش بە هەمـان شـێوە دەگۆڕدرێـت، بێگومـان زمـانی عەرەبـی هەمیشـە لە پێشـڤەچووندایە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، جا چ لە ڕووی دەنگەوە یان لە ڕووی واتاوە یان لە ڕووی یاساکانەوە یان لە ڕووی داب و نەریتـی وا، کە لە گوتـاردا بـاوە، هەر کەسـێکیش ئەم شتانە ڕەچاو نەکات، ئەوا ڕاستەقینەکان فەرامۆش دەکات، کە زۆر ڕۆشنن ئەو کەسەی زمان بەکاردێنێت، وەک ئەو

---

١- احمد مختار عمر، البحث اللغوي عند العرب، دار المعارف، مصر، ط١، ١٩٧١،ص ٧٧ – ٧٨.

کەسـە وایە، کە لە ڕووبارێکـدا مەلە دەکـات و هەسـت بە گۆڕانکاری ڕووبارەکە ناکات، بەڵام لە ڕاستیدا ڕووبـارەکە لە گۆڕاندایە.

# سەرچاوەكان


١ـ ابراهيم خليل، فى اللسانيات و نحو النص، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٧.

٢ـ ابراهيم خليل، في اللغة الأدب و أدب اللغة، مجدلاوي للنشر و التوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٨.

٣ـ ابن مضاء القرطبي، كتاب الرد على النحاة، تحقيق شوقي ضيق، دار المعارف، مصر، ط٢، ١٩٨٢.

٤ـ ابو حاتم الرازي (٣٢٢هـ)، الزينة في الكلمات الأسلامية، تحقيق حسين فضل الله، القاهرة، ط٢، .١٩٥٧

٥ـ أبو الفتح عثمان ابن جني، الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، دار الهدى للطباعة و النشر، بيروت، ط٢، و دار الكتب المصرية، نسخة مصورة عن طبعة القاهرة، ١٩٥١.

٦ـ أحمد بن محمد بن على المقري الفيومي ، المصباح المنير، دار الحديث، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣.

٧ـ أحمد سليمان ياقوت، في علم اللغة التقابلي ـ دراسة تطبيقية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ط١، ١٩٨٥.

٨ـ أحمد فتيح، في علم اللغة التطبيقي، دار الفكر العربي، القاهرة، ط١، .

٩. احمد مختار عمر، البحث اللغوي عند العرب، دار المعارف، مصر، ط١، ١٩٧١.
١٠. اسرائيل و لفنسون، تاريخ اللغات السامية، دار القلم للنشر، بيروت - لبنان، بلا تاريخ.
١١. أسماء أحمد رشيد المومني، الأستفهام بين العربية والانجليزية، دار الكندي للنشر، إربد - الأردن، ط١، ٢٠٠٧.
١٢. اسماعيل عمايرة، المستشرقون و المناهج اللغوية، دار وائل للنشر، عمان، ط٣، ٢٠٠٢.
١٣. أوزوالد ديكرو و آخرون: المعجم الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة منذر عياشي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ط١، ٢٠٠٧.
١٤. باريجيته بارتشت، مناهج علم اللغة من هرمان باول الى نعوم تشومسكي، ترجمة حسن سعيد البحيري، دار المختار، القاهرة، ط١، ٢٠٠٤.
١٥. بيار أشار، سوسيولوجيا اللغة ترجمة عبدالوهاب ترو، عويدات للنشر، بيروت، ط١، ١٩٩٦.
١٦. جورج مونين، تاريخ علم اللغة، ترجمة بدرالدين القاسم، مطبعة جامعة دمشق، ط١، ١٩٧٢.

١٧- جيفري سامبسون، المدارس اللغوية، ترجمة نعيم الكراعين، المؤسسة الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، ط١، ١٩٩٣.

١٨- حازم كمال الدين، علم اللغة المقارن، مكتبة الآداب، القاهرة، ط١، ١٩٩٩.

١٩- حنون مبارك، المدخل للسانيات سوسير، طوبقال للنشر، الدار البيضاء، ط١، ١٩٨٧.

٢٠- ديفد كرستال، التعريف بعلم اللغة، ترجمة حلمي خليل، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، ط٢، ١٩٩٣.

٢١- روبنز، علم اللغة العام - تاريخ موجز، ترجمة احمد عوض، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، الكويت، ط١، ١٩٩٧.

٢٢- روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ترجمة عبدالقادر المهيري، مركز دراسات وحدة العربية، بيروت، ط١، ١٩٩٠.

٢٣- سعيد جبر أبو خضر، التقابلات الدلالية في العربية و الانجليزية، عالم الكتب الحديث، اربد - الأردن، ط١، ٢٠٠٤.

٢٤- سلطان أحمد، منهج البحث اللغوي، مطبعه الأمانة، مصر، ط١، ١٩٩١.

٢٥- عبدالسلام المسدي، ما وراء اللغة، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله للنشر و التوزيع، تونس، ط١، بلا تاريخ.

٢٦- عبدة الراجحي، النحو العربي و الدرس الحديث، ١٩٨٥، ص ١٢٨، نقلا عن علي زوين، منهج البحث في اللغة. أنيس فريحة، نظريات في اللغة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط١، ١٩٧٣.

٢٧- عزوز أحمد، اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ط١، ٢٠٠٢.

٢٨- علي زوين، منهج البحث في اللغة بين التراث و علم اللغة الحديث، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٨٦.

٢٩- علي عبدالواحد وافى، اللغة و المجتمع، دار نهضة، مصر، القاهرة، ١٩٧١.

٣٠- غانم قدوري احمد، ابحاث في العربية الفصحى، دار عمار للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٥.

٣١- فردناند سوسير، علم اللغه العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ط١، ١٩٨٨.

٣٢- فوزي الشايب، محاضرات في اللسانيات، وزارة الثقافة، عمان، ط١، ١٩٩٩.

٣٣ـ ماريو باي، أسس علم اللغة، ترجمة أحمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢، ١٩٧٦.

٣٤ـ محمد بن القاسم الانباري (٣٢٧ هـ) كتاب الاضداد، حققه محمد ابو الفضل ابراهيم، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ط١، .١٩٨٧

٣٥ـ محمد بهجت الأثري، نظرات فاهمة في اللغة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٩١.

٣٦ـ محمود نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٢.

٣٧ـ ميشال زكريا، بحوث ألسنية عربية، المؤسسة الجامعية للنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ١٩٩٢، ص١٩٢.

٣٨ـ نوزاد حسن أحمد، المنهج الوصفي فى كتاب سيبويه، منشورات جامعة قار يونس، بنغازى ـ ليبيا، ط١، ١٩٩٦.

٣٩ـ هدسون، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة محمود عبدالغني عياد، مراجعة عبدالأمير الأعسم، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٨٧.

٤٠ـ يوسف الخشكي، علم الدين السخاوي و جهوده في اللغة و النحو، منشورات أمانة عمان، عمان، ط١، ٢٠٠٧.

41-John Loyns, Chomsky, Fontana press, 3thed, 1991.